وەزارەتی پەروەردە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی

بەڕێوەبەرایەتی ڕێنماییکردنی پەروەردەیی

# ڕێبەری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی

**ئامادەکردنی**

سامان سیوەیلی

دانا سلام کریم - خەندان صابر محمد

٢٠٢١

وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی
بەڕێوەبەرایەتی ڕێنماییکردنی پەروەردەیی

# ڕێبەری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی

**ئامادەکردنی**
سامان سیوەیلی
دانا سلام کریم - خەندان صابر محمد

٢٠٢١

ڕێبەری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەتی پەروەردە ئامادەکراوە، **(بەرجەستەی دیدگا و سیاسەتی وەزارەتی پەروەردەیە بۆ کار و پسپۆڕی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە باخچەکانی منداڵان، قوتابخانەکانی بنەڕەتی، ئامادەیی و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بە حکومی و ناحکومییەوە)** بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی هەندێ لە قوتابخانە ناحکومییەکان. جێبەجێکردنی پەیام و ڕێنماییەکانی ئەم ڕێبەرە ئەرکی سەرەکی سەرجەم (ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، بەڕێوەبەران، مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی)ـە.

ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی بەسەر کۆمەڵگە مرۆییەکاندا هاتووە بە کۆمەڵگەی کوردستانیشەوە، دەخوازێت گرنگی زیاتر بە ڕۆڵ و پێگەی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی بدرێت، دامەزراوە پەروەردەییەکان سوود لە پسپۆڕی و تواناکانیان وەربگرن. لەم سۆنگەیەوە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گرنگییەوە لە ڕۆڵ و پێگەی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی دەڕوانێت. جێگای دڵخۆشییە ئەم ڕێبەرە بە هەردوو شێوەزاری (بادینی و سۆرانی) چاپکراوە، هەروەها بۆ سەر زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی)ـش وەرگێردراوە.

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**

ناوی کتێب؛ **ڕێبەری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی**

ئامادەکاران؛ **سامان سیوەیلی - دانا سلام کریم - خەندان صابر محمد**

دیزاینی بەرگ و ناوەوە؛ **ڕەوەند سعید صابر**

ساڵی چاپ؛ ٢٠٢١

نۆپەی چاپ؛ یەکەم.

چاپخانەی؛

تیراژ؛

# ناوەڕۆك


| ناوی بابەت | ژ. لاپەرە |
|---|---|
| پێشەكی | ٦ |
| بەشی یەكەم/ ڕێنمایی دەروونی و بنەماكانی | ٧-٤٩ |
| كورتە باسێكی ڕێنمایی دەروونی | ٨ |
| ڕێنمایی دەروونی | ٩ |
| تایبەتمەندییەكانی ڕێنماییكردن لەسۆنگەی پێناسەكانیەوە | ١١ |
| ڕێنمایی دەروونی پەیوەندی ڕێنماییكردن بە زاراوەكانی ترەوە | ١١ |
| ئاڕاستەكردنی دەروونی | ١١ |
| چارەسەری دەروونی | ١٢ |
| ڕێنماییكردنی پەروەردەیی | ١٤ |
| گرنگیی ڕێنماییكردنی پەروەردەیی | ١٤ |
| ڕێنماییكردن وەك پێداویستییەكی گرنگی سەردەم | ١٦ |
| ئامانجەكانی ڕێنماییكردنی پەروەردەیی | ١٨ |
| پەیرەوەكانی ڕێنماییكردن(خۆپاراستن، پەرەپێدان و چارەسەری). | ١٩ |
| جۆرەكانی ڕێنماییكردن | ٢١ |
| ڕێنماییكردنی ڕاستەوخۆ | ٢١ |
| ڕێنماییكردنی ناڕاستەوخۆ | ٢٣ |
| ڕێنماییكردنی بژاردەیی | ٢٥ |
| ڕێگەكانی ڕێنماییكردن | ٢٦ |
| ڕێنمایی تاكی | ٢٦ |
| ڕێنمایی بەكۆمەڵ (بەگرووپ). | ٢٨ |
| هەنگاوەكانی ئەنجامدانی ڕێنماییكردنی بەكۆمەڵ | ٢٩ |
| جیاوازی نێوان ڕێنمایی تاكی و ڕێنمایی بەكۆمەڵ | ٣٠ |
| نموونەیەك لە دانیشتنەكان و بەرنامەی ڕێنمایی بە كۆمەڵ (بەگرووپ) | ٣١ |
| چاوپێكەوتن لە پرۆسەی ڕێنماییكردندا | ٣٣ |
| بنەماكانی چاوپێكەوتن | ٣٦ |
| قۆناغەكانی بەڕێوەچوونی چاوپێكەوتن | ٤١ |
| گرنگی كۆكردنەوەی زانیاری لە ڕێنمایی دەروونیدا | ٤٢ |
| مەرجەكانی كۆكردنەوەی زانیارییەكان | ٤٣ |
| ئەو هۆكارانەی ئاسانكاری دەكەن بۆ كۆكردنەوەی زانیارییەكان | ٤٤ |
| گرفتەكانی بەردەم كۆكردنەوەی زانیارییەكان | ٤٦ |
| سەرچاوەكانی كۆكردنەوەی زانیاری | ٤٦ |
| زانیارییە پێویستەكان چین كە پێویستە كۆبكرێنەوە؟ | ٤٧ |
| ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری | ٤٨ |
| بەشی دووەم/ ڕێنماییكاری پەروەردەیی و ئەركەكانی | ٤٩-٨٥ |
| ڕێنماییكارانی پەروەردەیی كێن؟ | ٥٠ |

| | |
|---|---|
| خەسڵەتەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی | ٥١ |
| گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕێنماییکار | ٥٢ |
| ئەرکەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی لەناو قوتابخانەدا | ٥٣ |
| ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان (بەڕێوەبەران و یاریدەدەران) و (ڕێنماییکارانی پەروەردەیی) لەناو قوتابخانەکاندا | ٥٧ |
| ئەو کارانەی نابێت ڕێنماییکاران ئەنجامی بدەن لەناو قوتابخانەدا | ٥٩ |
| ئیتیکی ڕێنماییکردن و پێوەرە پیشەییەکانی | ٦٠ |
| کارامەییەکانی ڕێنماییکار | ٦٢ |
| ◊ کارامەیی گوێگرتن. | ٦٣ |
| ◊ کارامەیی زارەکی (قسەکردن). | ٦٩ |
| ◊ کارامەیی نازارەکی. | ٧٠ |
| ◊ کارامەیی پرسیارکردن. | ٧١ |
| ◊ کارامەیی تۆمارکردن. | ٧٦ |
| ◊ کارامەیی رووبەڕووبوونەوە. | ٧٩ |
| ◊ کارامەیی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان. | ٨٠ |
| سەرچاوەکانی دۆزینەوەی حاڵەت | ٨١ |
| ڕەوانەکردنی حاڵەت | ٨٢ |
| بۆردی ڕاوێژکاری و سەلامەتی قوتابیان / خوێندکاران | ٨٤ |
| بۆردی سەلامەتی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی | ٨٦ |
| پاشکۆکان | ٨٧ |
| فۆڕمی ڕێنمایی تاکی | ٨٨ |
| کۆدی حاڵەتەکان | ٩٠ |
| پێناسەکردنی زاراوەکان | ٩٢ |
| سەرچاوەکان | ٩٤ |
| ڕێز و سوپاس بۆ ڕێکخراوی یونیسێف | ٩٥ |

# پێشەکی

لە ساڵی (٢٠١٥) کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان یەکەمین ڕێبەری کاری توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتیی لە قوتابخانەکاندا بەچاپ گەیاند و دابەشی سەر قوتابخانەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی کرد، ئەم هەوڵە بۆ ئەو ڕۆژگارە و ئێستاش جێگەی دەستخۆشییە، چونکە پێشتر هیچ ڕێبەرێک لەبەردەستی ڕێنماییکاران بوونی نەبوو، بەهۆی نوێبوونی کاری ڕێنماییکاران لە پرۆسەی پەروەردە لەو دەمەدا ڕێبەرەکە بەشێک لە تەمومژ و ناڕوونی سروشتی کاری ڕێنماییکارانی ڕەواندەوە، بەڵام لەبەر فراوانی بواری کاری ڕێنماییکاران ڕێبەرەکە بە زۆرێک لە وێستگە گرنگەکانی کاری ڕێنماییکاران ڕانەگەیشتووە، شایانی باسە برای بەڕێز کاک (دانا سەلام) ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لەئامادەکردنی یەکەمین ڕێبەر.

بۆیە وەزارتی پەروەردە لە ساڵی (٢٠١٩)دا کاری لەسەر ئامادەکردنی ڕێبەرێکی نوێ بۆ ڕێنماییکاران کرد، بە ئامانجی بەخشینی بەرچاوڕوونی زیاتر و زانیاری پێویست بە ڕێنماییکاران لە بواری ڕێنماییکردندا، وەک سروشتی پیشەی ڕێنماییکردن و ناساندنی پرۆسەکە و چۆنێتی بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتنی ڕێنمایی، گرنگی ئەم پرۆسەیە لە بواری پەروەردەدا و زۆر لایەنی دیکەی ڕێنماییکردن، وەک خودی ڕێنماییکاران لەڕووی خەسڵەتەکانیان، ئەرکەکانیان، کارامەییەکانیان و دەسەڵاتەکانیان ئیتیکی کاری ڕێنماییکاران وەک چوارچێوەیەکی ئەخلاقی پیشەییانەی ئەوان.

بێگومان پرۆگرامەکانی خوێندنی قۆناغی زانکۆیی بەشەکانی کۆمەڵناسی بەپلەی یەکەم و دەروونناسی بەپلەی دووەم لە زانکۆکانی کوردستان، دەرچووان وەک پێویست ئامادە ناکەن بۆ ئەو ئەرکەی وەزارەتی پەروەردە بە ڕێنماییکارانی دەسپێرێت لەپاش دامەزراندنیان، بەم هۆیەوە کەم تا زۆر بۆشایی لە بواری زانیاری پێویست بۆ ڕێنماییکردن لای ڕێنماییکاران هەبووە و هەیە، بەڵام بەشەکانی ڕێنمایی دەروونی دەرچووانیان بۆ ئەو ئەرکە ئامادە دەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا بەداخەوە ژمارەیەکی کەم لە ڕێنماییکاران دەرچووی بەشی ڕێنمایی دەروونین.

کەواتە ئەم ڕێبەرە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، چوارچێوەیەکی فەرمیشە بۆ ڕێنماییکاران بۆ بەرەوپێشچوونیان لە بواری ڕێنماییکردن و بەجێهێنانی ئەرکەکانیان بەباشترین شێوە، لەهەمان کاتدا بەرچاوڕوونی زیاتریش دەبەخشێتە بەڕێوەبەران و دەستەی کارگێڕی و سەرپەرشتیاران و مامۆستایان بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنای سروشتی کار و ئەرکەکانی ڕێنماییکاران بن.

بواری ڕێنماییکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی قوتابیان / خوێندکاران، گەشەپێدان بە تواناکانیان، خۆپاراستن لەتووشبوونیان بە کێشە جۆراوجۆرەکان، بوارێکی یەکجار فراوان و قوڵە، ئەرکێکی پەروەردەیی گەورەشە، بۆیە بەدڵنیاییەوە چەندین سەرچاوە و هەنگاوی دیکە لەم بوارەدا پێویستن.

بەهیوای ئەوەی ئەم ڕێبەرە خزمەتێکی باش بە ڕێنماییکاران بکات، لە کاتی پێویستدا ڕێنماییکاران بۆی بگەڕێنەوە و کەڵکی لێوەربگرن، وەک پاڵپشتێک بۆ خۆیان لێی بڕوانن، چونکە ئەوەی لەدووتوێی ئەم ڕێبەرەدا هەیە، گوزارشت لە ڕوانینی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاری ڕێنماییکاران دەکات، چوارچێوەیەکی پیشەییانەی کاری ئەوانە. ئەم ڕێبەرە لەلایەن لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ئامادەکراوە، کە بریتی بوون لە (سامان سیوەیلی، دانا سەلام کریم، خەندان صابر محمد). هەروەها بەڕێز (گۆران فتاح و تەرزە جاف) کاری تایپکردنیان ئەنجامداوە.

**سامان سیوەیلی**

**بەڕێوەبەری ڕێنماییکردنی پەروەردەیی/ بەوەکالەت**

# بەشی یەکەم

## ڕێنماییکردن

ڕێنمایی دەروونی (Counseling Psychology) لقێکی گرنگە لە لقەکانی دەروونناسی پراکتیکی، بۆیە ئەو کەسەی هەڵدەستێت بە پرۆسەی ڕێنمایی پێویستی بە پسپۆری هەیە و مەرجە لەم پسپۆرییەدا قوڵ بووبێتەوە، ئەم لقە لە دەروونناسی هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە پەرەیسەند و چەندین تیۆری بۆ دانرا و پەلوپۆی بۆ سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ هاویشت، بۆ هەموو قۆناغەکانی تەمەن هەر لە منداڵییەوە هەتا بەساڵاچوون، لەهەموو ڕەوشێکدا لە کاتی تەندروستی و نەخۆشیدا، بۆ سەرجەم کایەکانی ژیان، لەبواری کارکردن، لە قوتابخانە و ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن، لە بواری تەندروستی، لە سەروبەندی هاوسەرگیری، لە ژیانی خێزانی، لە چاکسازییەکان و .... تد. هەتا وایلیهات زاراوەی ڕێنمایی بوو بە سیمای دیاری ڕەوشەکان یان تایبەتمەندییەکان، (ڕێنمایی پیشەیی، ڕێنمایی پەروەردەیی، ڕێنمایی منداڵان، ڕێنمایی هەرزەکاران، ڕێنمایی هاوسەرگیری، ڕێنمایی خێزان، ڕێنمایی ئاینی، ڕێنمایی کەتنکاران، ڕێنمایی کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان، ڕێنمایی دەروونتدروستی و ... تد).

ڕێنمایی سەر بە دەروونناسی پراکتیکییە (Applied Psychology) و دەکەوێتە خانەی خێزانی پسپۆریە یارمەتیدەرەکان یان پیشە هاریکارییەکان (Helping Professions)، وەکو (دەروونناسی کلینیکی، پزیشکیی دەروونی، کاری کۆمەڵایەتی)، کە ئامانجیان هاوکاریکردن خەڵکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکانی ژیانیان و ئەو گرفتانەی بەدەستیانەوە دەناڵێنن لە هەڵوێستە جیاجیاکانی ژیاندا، بە ئامانجی گۆڕینی ژیانیان بەرەو باشتر.

کاتێک دەگوترێت ڕێنماییکردن بێ سێ و دوو هەڵوێستێ دێتە پێش چاو کە دوو لایەن کارلێکردن لە نێوانیاندا ڕوودەدات، لایەنێکیان داوای یارمەتی دەکات کە پێی دەوترێت (ڕێنماییخواز)، لایەنەکەی تریان یارمەتی پێشکەش دەکات کە پێی دەوترێت (ڕێنمایيکار)، بەمەرجێک ئەم ڕێنماییکارە دەبێت ڕاهێنراو و خاوەن پسپۆری تایبەت (Professional) بێت لەمبوارەدا، کە لانیکەم دەبێت بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەو کارە هەستێت، ئەم یارمەتی پێشکەشکردنەش لەلایەن ڕێنماییکارەوە هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستی بە ژینگەی تایبەت و کاتی دیاریکراو و کۆمەڵێک کارامەییە، کە دەبێت لە کەسی ڕێنماییکاردا هەبێت، واتە ڕێنماییکردن زانستە چونکە پشت بە کۆمەڵێک تیۆر و پرەنسیپی تایبەت بەم پیشە دەبەستێت، لەهەمان کاتیشدا ڕێنماییکردن هونەرە، چونکە کۆمەڵێک کارامەیی تایبەتی دەوێت، کە دەبێت لەو کەسەدا هەبێت، کە بەم کارە هەڵدەستێت، جگە لە لایەنە ئاکادیمیەکەی.

لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە ڕێنماییکردن پرۆسەیەکی هەڕەمەکییانە نییە، کە هەر کەسێک بیەوێت پێی هەستێت، بەڵکو ڕێسا و ڕێوشوێنی تایبەتی خۆی هەیە و ئەمرۆش لە دنیادا وەکو زانستێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و کۆلێژ و بەشی تایبەت بەخۆی لەناو زانکۆکانی جیهاندا هەیە.

## پێناسەی ڕێنمایی دەروونی



زۆرن ئەو پێناسانەی، کە بۆ پرۆسەی ڕێنماییکردن کراون، کە هەریەکەیان لە دیدگایەکەوە شرۆڤەی پرۆسەکەی کردووە و جەختی لە لایەنێکی پرۆسەکە کردۆتەوە، بەڵام دواجار هەموویان لە چەند خاڵێکدا یەکدەگرنەوە و هەمان واتا بەپرۆسەکە دەبەخشن، چوارچێوەیەکی گشتی هەموو پێناسەکان کۆدەکاتەوە. بەشێک لە پێناسەکان بریتین لە:

- بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدانی تاک بۆ ئەوەی لە خودی خۆی تێبگات وەک (ئامادەگییەکانی، توانستەکانی، لێهاتووییەکانی، ئارەزووەکانی، ئەو هەلانەی لە بەردەمیدان، گرفتەکانی، پێداویستییەکانی)، هەروەها بۆ ئەوەی زانیارییەکانی بەکاربهێنێت لە ئەزموونکردن و بڕیار وەرگرتندا بەمەبەستی بەدیهێنانی گونجاندن بەجۆرێک ژیانێکی بەختەوەرانە بژی.
- بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدان و هاندانی تاک بەمەبەستی بڕیاردان لە بژاردەکان و بڕیار وەرگرتن و پلاندانان بۆ ئایندە بەشێوەیەکی ورد و بەرپرسیارانە لەبەر ڕۆشنایی هەلکەوتی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی.
- بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدانی تاک بۆ تێگەیشتن لە ئێستا و خۆئامادەکردن بۆ ئایندەی، بەئامانجی گەیشتن بەپێگەیەکی گونجاو بۆ خودی خۆی و بۆ کۆمەڵگەکەی، هەروەها یارمەتیدانی لە بەدیهێنانی سازاندنی کەسیی و پەروەردەیی و پیشەیی، لەپێناو ژیانێکی بەختەوەردا.
- بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدانی تاک بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست توانست و لێهاتووییەکانی خۆی بەکاربهێنێت لەپێناو سازاندن لەگەڵ ژیاندا.
- بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدانی تاک لەبواری پەرەپێدانی توانست و لێهاتووییەکانیدا لەڕێی چارەسەری کێشەکانییەوە.

- بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدانی تاک لە دانانی ئامانجی گونجاو و دانانی پلانی گونجاو بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، هەروەها یارمەتیدانی تاک بۆ پەرەپێدان بە پاڵنەرەکانی لەپێناو ژیانێکی باشتر.
- بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدانی تاک لە ئامادەگییەکانی و خۆئامادەکردن بۆ ئایینده بۆ ئەوەی پێگەیەکی گونجاو لەناو ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی بۆ خۆی دەستەبەر بکات.
- بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدانی تاک بۆ ئەوەی بتوانێت, کە بەرچاورِوونانە ئاراستەی خۆی بکات و کەڵک لە زیرەکی و لێهاتووییەکانی خۆی وەربگرێت، بەمەبەستی بەدیهێنانی دەروونددروستی و سازان لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا.
- بریتییە لە پرۆسەی بەدیهێنانی خود، واتە خۆدۆزینەوەی تاک و ناسینی ئامادەگی و توانستەکانی، کە ئەم خۆناسینە دەبێتە هۆی سازاندن و بەختەوەری و دەروونددروستی.
- بریتییە لە ڕێنماییکردنی تاک بۆ ڕێگە جیاوازەکان کە بەهۆیانەوە توانست و لێهاتووییەکانی خۆی بدۆزێتەوە و بەکاریان بهێنێت، فێر بکرێت بۆ ئەوەی لە باشترین حاڵدا بژی بەپێی ئەو توانست و هەبووانەی کە هەیەتی و ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژی.
- بریتییە لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردنێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیانە.
- بریتییە لە هەوڵێکی بەئاگایانە و مەبەستدار بۆ ئاراستەکردنی تاک بەمەبەستی تێگەیشتن لەخودی خۆی و ئامادەگی و توانست و ئارەزووەکانی و کەڵک وەرگرتن لەم لایەنانە، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دروست لەپێناو گەیشتن بە ژیانێکی سەرکەوتووانە.
- بریتییە لە پرۆگرامێکی ڕێکخراو بۆ یارمەتیدانی تاک بەمەبەستی گەشەکردنێکی دروست تا ئەوپەڕی رادە و یارمەتیدانی بۆ پەرەپێدان بە وزە و ئامادەگی و بەهرەکانی تا ئەوپەڕی رادەی توانراو، بەجۆرێک تاک بتوانێت پێگەیەک بۆ خۆی لەناو کۆمەڵگەکەیدا دەستەبەربکات وەک هاوڵاتییەکی باش.
- خزمەتگوزارییەکی نەخشە بۆکێشراو، بە ئامانجی پێشکەشکردنی یارمەتی تەواو بۆ تاک، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو کێشە کەسیی و پەروەردەیی و پیشەیی و تەندروستی و ڕەفتاریانەی خۆی چارەسەر بکات. کە لە ژیانیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و توانای سازاندنی لەگەڵیاندا هەبێت.

**پێناسەی ڕێنمایی لە ڕوانگەی وەزارەتی پەروەردەوە**

**ڕێنماییکردن؛ بریتییە لە پرۆسەی هاوکاریکردنی قوتابیان و خوێندکاران لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و ڕێنماییکردنیان سەبارەت بە خۆپاراستن لە تووشبوون بە کێشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەیان. هەروەها پاڵپشتیکردنی قوتابیان و خوێندکارانە بەمەبەستی گەشەکردنیان بەشێوەیەکی دروست بۆ بەدەستهێنانی بڕوا بەخۆبوون و گەیشتن بە گونجانێکی باش لەگەڵ دەوروبەر.**

## تایبەتمەندییەکانی ڕێنماییکردن لەسۆنگەی پێناسەکانیەوە

پاش ئاشنابوون بە پێناسەکانی ڕێنماییکردن، دەتوانرێت دەستنیشانی چەند تایبەتمەندیەکی ڕێنماییکردن بکرێت:

١- ڕێنماییکردن پرۆسەیە، واتە چەند هەنگاوێکی یەک بەدوای یەکە، کە پەیوەندیدارن بەیەکەوە.

٢- ڕێنماییکردن مۆرکێکی فێرکاری هەیە، واتە ڕێنماییکردن جەخت لەسەر گۆڕینی ڕەفتار دەکات.

٣- ڕێنماییکار نەخشەسازی پرۆسەی ڕێنماییکارییە، کە کەسێکی خاوەن پسپۆڕی ئامادەکراوە.

٤- ڕێنماییخواز کەسێکی ئاساییە، واتە گرفتەکانی ئەوەندە سەخت نین کە پێویست بە ڕێکاری چارەسازی تر بکات وەکو چارەسەری دەروونی یان دەرمان ، واتە کەسێتی ڕێنماییخواز، کەسێتییەکی یەکانگیرە.

٥- ئامانج لەڕێنماییکردن باشبوونی ڕێنماییخواز و یارمەتیدانییەتی بۆ تێگەیشتن لەخودی خۆی و هەڵوێستەکانی لە ئێستا و داهاتوودا، هەروەها لە پرۆسەی وەرگرتنی بڕیاری گونجاو.

٦- ئەو ژینگەیەی پرۆسەی ڕێنماییکردنی تێدا ئەنجامدەدرێت، ژینگەیەکی تایبەت بە ڕێنماییکردن وە رووبەڕووە.

٧- ڕێنماییکردن گرنگی بەگواستنەوەی زانیاری و شارەزاییەکان لە ژینگەی ڕێنماییکارییەوە بۆ هەڵوێستەکانی ژیانی ڕێنماییخواز دەدات.

## پەیوەندی ڕێنماییکردن بە زاراوەکانی ترەوە

زۆر جار کاتێک باس لە ڕێنمایی دەروونی دەکرێت باس لە چەند زاراوەیەکی تر دەکرێت بەجۆرێک هەندێجار ئەم زاراوانە لەبری یەکتریش بەکاردەهێنرێن، دیارە زۆرترین نزیکی لەنێوان هەر سێ زاراوەی (ڕێنمایی دەروونی، ئاراستەکردن یان ئاراستەی دەروونی، چارەسەری دەروونی) دا هەیە، جارجارەش هەندێ کەس تێکەڵییەک لەنێوان ڕێنماییکردن و ئامۆژگاریکردندا بەهەڵە دەکەن، بۆیە لەخوارەوە بەراورد لەنێوانیاندا بکرێت بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی زیاتری چەمکەکان.

**ئاراستەکردنی دەروونی:**

لە زۆربەی سەرچاوەکانی ڕێنماییکردندا هەردوو چەمکی (ئاراستەکردنی دەروونی و ڕێنمایی دەروونی) بەیەکەوە دێن و بەجۆرێک وەک هاوواتا و هاوبوار باسیان لێوەدەکرێت و لە هەندێک باریشدا بە جودا باسدەکرێن، لەڕاستیدا ئاراستەکردن لە **پێناسە گشتییەکەیدا بریتییە لە بەخشینی زانیاری و پەرەپێدانی هەست بەلێپرسراوێتی کردن، دەکرێت بەخشینی ئەم زانیارییانە سادە بن یاخود ئاڵۆز،** بەڵام ڕێنماییکردن وەکو پرۆسە، **بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدانی تاک بۆ ئەوەی لە خودی خۆی و ژینگەکەی تێبگات و بڕیاری دروست وەربگرێت و توانای بژاردەی دروستی لەنێو بژاردەکاندا هەبێت،** لەم ڕێیەوە ئاشنا بە توانست و کارامەییەکانی خۆی دەبێت، لەگەڵ ئەمانەشدا دەکرێت بەمجۆرە بەراورد لەنێوان هەردوو چەمکەکەدا بکرێت:

| ڕێنمایی دەروونی | ئاڕاستەی دەروونی |
| --- | --- |
| • بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدانی تاک بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆ ئەوەی بگاتە سازان لە هەموو لایەنەکانی ژیانی. | • بریتییە لە پرۆسەی یارمەتیدانی تاک بۆ تێگەیشتن لە خودی خۆی و دەوروبەری و هەموو ئەو شتانەی گرنگیان پێدەدات، بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیاری دروست بدات. |
| • ڕێنماییکردن بەشێکە لە پرۆسەی ئاراستەکردن. | • ئاراستەکردن گشتگیرترە لە ڕێنماییکردن. |
| • ڕێنماییکردن پاش پرۆسەی ئاراستەکردن دەستپێدەکات و ڕووکاری کۆتایی پرۆسەکەیە. | • ئاراستەکردن پێش پرۆسەی ڕێنماییکردن دەکەوێت و ڕێگە بۆ پرۆسەی ڕێنماییکردن خۆش دەکات. |
| • ڕێنماییکردن گرنگی بە لایەنی پراکتیکی دەدات. | • ئاراستەکردن جەخت لە لایەنی تیۆری دەکاتەوە. |

**چارەسەری دەروونی:**

جۆرێکە لە چارەسەر، کە میتۆدە دەروونیەکانی تێدا بەکاردەهێنرێت لەگەڵ ئەو کێشە و شڵەژانانەی، کە بارگاوین بە هەڵچوون و کاریگەری لەسەر باری دەروونی و ڕەفتار و بیرکردنەوەکانی تاک دەکەن، چارەسازی دەروونی هەڵدەستێت بە کارکردن بۆ نەهێشتنی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە یان ڕاستکردنەوەیان یان پەکخستنی کاریگەرییەکانیان، هاوکات یارمەتی نەخۆشەکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە تایبەتییەکانی دەدات بەمەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەکەی و کەڵک وەرگرتن لە توانستەکانی بەباشترین شێوە، هەروەها هاوکاریکردنی لە پەرەپێدانی کەسێتیدا و هاندانی بۆ گرتنەبەری ڕێگەی گەشەیەکی دەروونی دروست، بۆ ئەوەی لە ئاییندەدا لەڕووی دەروونییەوە کەسێکی تەبا بێت.

لەمەوە دەردەکەوێت کە زۆر خاڵی هاوبەش لەنێوان ڕێنمایی دەروونی و چارەسەری دەروونیدا هەیە، کە لە زۆر باردا لە دووانەی یەک هێلکە دەچن، گرنگترین خاڵە هاوبەشەکانیان:

١-هەردووکیان ئامانجیان بەدیهێنانی تێگەیشتنە لە خود و بەدیهێنانی و چارەسەری کێشە و سازانی دەروونییە.

٢- ڕێکارەکان وەک یەکن، هەر لە پشکنین و دەستنیشانکردنی گرفت و چارەسەری کێشەکە و وەرگرتنی بڕیار و فێرکردن و چاودێری و کۆتایی پێهێنانی.

٣- هەردووکیان لە بنەماکانی کارکردندا هاوبەشن وەکو چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوە لە حاڵەت.

٤- ڕێنماییکاری دەروونی و چارەسازی دەروونی هەردووکیان پێویستیان بە ژینگەیەکی تایبەتییە بۆ کارکردن.

هەرچەندە بەشێکی زۆر لە دەروونناسان و زانایانی دەروونی پێیان باش نییە جیاکاری لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا بکرێت، بەبڕوای ئەوان ئەو کەسانەی کە تەنها کێشەیان هەیە ئەوا کێشەکانیان گرفتی دەروونیان بۆ دروست دەکات بە دەست چەند نیشانەیەکی دەروونییەوە دەناڵێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک پێیان وایە پێویستە هێڵی جیاکاری هەبێت لەنێوانیاندا ئەگەرچی ئەو هێڵە تۆخیش نەبێت.

گرنگترین جیاوازییەکان کە لەنێوان ڕێنمایی دەروونی و چارەسەری دەروونیدا هەیە، لەم خاڵانەدا کۆدەکرێنەوە:

| ڕێنمایی دەروونی | چارەسەری دەروونی |
|---|---|
| ● گرنگی بە کەسانی ئاسایی دەدات یان ئەوانەی نەخۆشییەکانیان بەلای ئاستی ئاساییدا نزیکن. | ● گرنگی دەدات بە کەسانی نەخۆشی دەروونی و ئەوانەی گرفتی هەڵچوونی توندیان هەیە. |
| ● لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا ڕێنماییخواز خۆی بنیادی کەسێتی خۆی دەکاتەوە. | ● لە پرۆسەی چارەسەری دەروونیدا چارەسازی دەروونی بنیادی کەسێتی نەخۆش دەکاتەوە. |
| ● گرفتەکانی ڕێنماییخواز کەمتر مەترسیدارە. | ● گرفتەکانی نەخۆش قوڵتر و مەترسیدارترە. |
| ● چارەسەری کێشەکان لەسەر ئاستی ئاگایی و هەستە. | ● چارەسەری گرفتەکان لەسەر ئاستی نائاگایی و نەستە. |
| ● کاتێکی کەمتر دەخایەنێت. | ● کاتێکی زۆرتر دەخایەنێت. |
| ● خزمەتگوزارییەکانی لەناو قوتابخانە و زانکۆ و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سەنتەرەکانی ڕێنماییکردن و کلینیکە دەروونیەکاندا پێشکەشدەکات. | ● خزمەتگوزارییەکانی لەناو کلینیکە دەروونیەکان و نەخۆشخانەکان و سەنتەرەکانی تایبەت بەچارەسەری دەروونیدا پێشکەشدەکات. |
| ● بەو کەسەی پێویستی بە ڕێنماییکردن هەیە دەگوترێت ڕێنماییخواز. | ● بەو کەسەی پێویستی بە چارەسەری دەروونی هەیە دەگوترێت نەخۆش. |

**پێناسە و گرنگیی ڕێنماییکردنی پەروەردەیی:**

ڕێنماییکردنی پەروەردەیی بوارێکە لە بوارەکانی دەروونناسی، ڕێنماییکردن بریتییە لەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە قوتابیان / خوێندکاران دەکرێت لەلایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و خوێندن (ئاکادیمی) و پیشەییەوە، بەئامانجی هاوکاریکردنیان بۆ ئەوەی لە خودی خۆیان و توانستەکانیان و ژینگەکەیان تێبگەن و بەباشی کەڵکی لێوەربگرن.

کەواتە ڕێنماییکردنی پەروەردەیی هاوکاری قوتابی/ خوێندکار دەکات بۆ ئەوەی بەسەرکەوتن بگات لەبواری خوێندن و هەڵبژاردنی پیشە، ئەو ئاستەنگانە تێپەڕێنێت کە دەبنە لەمپەر لەبەردەمی سەرکەوتنی لەخوێندندا، هەروەها بۆ ئەوەی بەباشی توانای خۆگونجاندنی هەبێت لەگەڵ ژینگەی قوتابخانە و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی، لەڕێی بەخشینی زانیاری تەواو بە ڕێنماییخواز و پاراستنی لەتووشبوون بە کێشە و هاوکاریکردنی لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیدا.

لەسۆنگەی ئەم پێناسەیەوە ئەو ڕاستییەیە دەردەکەوێت کە ڕێنماییکردنی پەروەردەیی و دەروونی گرنگییەکی گەورەی هەیە لە پرۆسەی بنیاتنانی کەسێتی هەموو تاکێکی کۆمەڵگە کە ئەوە دوای ئەوە ڕوو لە دامەزراوە فێرکارییەکان دەکەن لە باخچەکانی منداڵانەوە پاشتر لە قۆناغی بنەڕەتی هەتا دوا قۆناغی خوێندنیان لە قۆناغی ئامادەیی یان پەیمانگە.

لەم سەردەمەدا ئەرکی قوتابخانە و خوێندنگەکان نابێت تەنها خۆی لە پرۆسەی فێرکردندا قەتیس بکات، ئەوە ئەرکە کلاسیکییەکەی دامەزراوە پەروەردەییەکانە، بەڵکو شانبەشانی پرۆسەی فێرکردن دەبێت قوتابخانە و خوێندنگەکان ڕۆڵیان هەبێت لە پرۆسەی بنیاتنانی کەسێتی قوتابیان / خوێندکاراندا، لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە پەروەردەیان بکات، بەرچاوڕوونییان پێببەخشێت بۆ قۆناغەکانی داهاتووی ژیانیان، ئاڕاستەیەکی دروستیان بکات بۆ ژیان و بۆ مامەڵەکردنێکی ئەرێنییانە لەگەڵ خود و خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەر، کار لەسەر ناسینی خودی خۆیان بکات، هاوکاریان بکات بەڕووناککردنەوەی ئەو تونێلانەی ژیان کە لای ئەوان هێشتا تاریکە و زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە لەسەر چۆنێتی گوزەرکردن بەو تونێلانەدا، یارمەتیان بدات چۆن بڕیار بدەن، فێری خۆپاراستنیان بکات لە تووشبوون بەو کێشە و گرفتانەی لەپێشیاندا هەن، لەسەر شەقام .. لەناو خێزان .. لەگەڵ هاوڕێیان .. لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان .. لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر .. لەگەڵ هاوڕێی خراپ، فێریان بکات چۆن ئامانج دابنێن بۆ ئاییندەیان و ئاشنایان بکات بە میکانیزمەکانی گەیشتن بەو ئامانجانە، هاوکاریان بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا، بەمانای وشە نەوەیەکی دەروونددروست .. ڕەفتار دروست .. بیر دروست .. پەیوەندیی دروست، پێبگەیەنێت، کە پاشەڕۆژ وەک هاووڵاتیەکی بەکەڵک بتوانێت خزمەت بە خۆی و خێزانەکەی و کۆمەڵگە و خاکەکەی بکات، هەموو ئەم کار و هەنگاوانەش دەچنە خانەی ڕێنماییکردنەوە.

ئەگەر بڕوا وابێت تەنها بەپشت بەستن بەپرۆسەی فێرکردن لەناو قوتابخانەکادا دەتوانرێت نەوەکانی کوردستان بەو شێوە دروستە پێبگەیەنین، ئەوا مانای ئەوەیە ناتوانرێت ئامانجە پەروەردەییەکان بپێکرێت،

باوەڕی لەوجۆرە ئەنجامە پێچەوانەکەی بەدەستەوە دەدات، بەجۆرێک فەرامۆشکردنی لایەنی ڕێنماییکردن لەناو قوتابخانەکاندا دەبێتە لەمپەر لەبەردەم فێرکردنێکی دروستدا،

**کەواتە دەبێت لەمەودوا باشتر لەو ڕاستیە تێبگەین کە فێرکردنێکی دروست بەبێ پاڵپشتی پرۆسەی ڕێنماییکردن نایەتە دی، هەروەها بەبێ بوونی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی کارامە و شارەزا و ڕاهێنراو لەناو قوتابخانەکاندا دەبێت چاوەڕوانی زیادبوونی کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکانی منداڵان و هەرزەکاران بکرێت، بە لادان و نەخۆشییە دەروونیەکانیشەوە.**

لەم ڕۆژگارەدا لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیادا گرنگییەکی زۆر بە ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەناو قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکاندا دراوە و دەدرێت، تەنانەت لەناو قوتابخانەکاندا پرۆسەی ڕێنماییکردن لەلایەن تیمەوە بەڕێوەدەچێت، ئەگەرچی ڕەنگە تەنها یەک کەس لەو تیمە خاوەن پسپۆری بێت، بەڵام چەند کەسێکی دیکە وەک تیم هاوکاری دەکەن، جگە لەوەی لە دەرەوەی بازنەی قوتابخانەکان دامەزراوەکانی وەکو (چاودێری کۆمەڵایەتی، خێزان، پۆلیس، شێلتەرەکان و ... تد) هەماهەنگیان لەگەڵ دەکەن.

واتە لەڕێی پرۆسەی ڕێنماییکردنەوە دەتوانرێت کار لەسەر گەشەدان بەتوانست و لایەنە جیاجیاکانی کەسێتی قوتابیان / خوێندکاران بکرێت، هەروەها لەتووشبوون بە کێشە و نەخۆشی بپارێزرێت، هاوکارییان بکرێت لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانیاندا.

ئەگەرچی پرۆسەی ڕێنماییکردن لەهەموو سەردەمانێکدا پێویستی بوونی هەبووە و هەتا مرۆڤ هەبێت ئەم پێداویستییە گرنگی خۆی دەبێت، بەڵام لەم ڕۆژگارەی ئێستادا زیاتر لەهەموو سەردەمانێک گرنگی گەورەتری هەیە و زیاتر لەهەموو سەردەمێک پێویستە کەواتە هۆکاری ئەم پێداویستییە گرنگەی ڕێنماییکردن لەم سەردەمەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**١- ماوەکانی گواستنەوە:**

هەموو مرۆڤێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا و بەدرێژایی ژیانی بەچەندین ماوەی گواستنەوەدا تێدەپەڕێت، بەجۆرێک لەجۆرەکان پێویستی بە ئاراستەکردن و ڕێنماییکردن دەبێت، بێگومان کۆمەڵێک ماوەی گواستنەوە هەیە کە هەستیاری زۆریان هەیە لەژیانی مرۆڤدا، بۆ نموونە کاتێک منداڵ لەماڵەوە بۆ یەکەمجار دەچێتە باخچەی منداڵان، یان ئەو کاتانەی منداڵ بۆ یەکەمجار دەچێتە قوتابخانە، یان کاتێک مرۆڤ قۆناغی منداڵی بەجێدەهێڵێت و پێدەنێتە قۆناغی هەرزەکاری، هەموو ئەم ماوە گواستنەوانە لە تەمەنی منداڵان و هەرزەکاراندا و گواستنەوەی ژینگەکان و فشاری خوێندن و بەریەککەوتنی کۆمەڵایەتی و دوور کەوتنەوە لەخێزان و گۆڕانکاریە فسیۆلۆژی و بایۆلۆژیەکان، کەمشارەزایی لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، تێکرا ئەمانە شڵەژانی دەروونی و کێشەی خۆگونجاندنیان بۆ پێشدەهێنێت، ئەمەش وادەکات قوتابیان / خوێندکاران لەبەردەم پێویست بوون بەڕێنماییکردن و ئاراستەکردن رابگرێت.

**٢- بوونی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان و تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی ئەلکترۆنی:**

لەم ڕۆژگارەدا بەشێوەیەکی بەربلاو ئامێرە تەکنولۆژیەکان لەلایەن منداڵان و هەرزەکارانەوە بەکاردەبرێن، بەشێکیان دووچاری ئالوودەبوون هاتوون، ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی بۆ ماوەی زۆر سەرقاڵی یارییە ئەلکترۆنیەکانن دووچاری گۆشەگیری دەبن، بەدوای ئەمدا دڵەڕاوکێ و خەمۆکییان تووش دەبێت، تەرکیزیان کەمدەبێتەوە، ئاستیان لەخوێندن دادەبەزێت، کەم دەجوڵێن، کێشیان زیاد دەکات، چاویان کز دەبێت، بۆ هەرزەکارانیش وێڕای ئەو نیشانانە لەڕێی چاتکردن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەگەری تووشبوونیان بە کێشە و گرفت زۆر دەبێت، هەندێجار تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە کەناڵێک بۆ دروستکردنی پەیوەندی سۆزداری نێوان هەردوو ڕەگەز، لەمڕێگەیەوە وێنە و تێکست و کردنەوەی کامێرا دەگۆڕدرێتەوە، کە پاشتر و پاش پچڕانی پەیوەندیەکە ئەو دۆکیۆمێنتانە دەبنە ئامرازێک بۆ هەڕەشەکردن لەسەر بەرامبەر، بەمهۆیانەوە چەندین کێشە دووچاری قوتابیان / خوێندکاران دەبێت بەتایبەتی بۆ کچان.

هەموو ئەو گرفتانەی بەمهۆیانەوە دووچاری منداڵان و هەرزەکاران دەبنەوە وادەکات کە پێویستیان بەڕێنماییکردن و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەبێت کە دێتە ڕێگەیان.

**٣- گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی:**

ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بەها و ئاراستە و نەریت و بیرکردنەوە و ڕەفتاردا دێت، زۆرجار دەبنە مایەی دروستبوونی ململانێی نێوان نەوەکان، دایکان و باوکان و بەتەمەنەکان لەزۆر باردا بەرکەوتنیان لەگەڵ جگەرگۆشە و نەوەکانی خۆیاندا بۆ دروستدەبێت، هەندێجار فشاری زۆر و توندوتیژیشی لێدەکەوێتەوە، جگە لەمە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە شێوازی ژیانی تاک و خێزاندا هاتوونەتە ئاراوە، تێکرا هەموو هۆکارن بۆ گرنگی و پێداویستی ڕێنماییکردن وەک پێداویستییەکی ئەم سەردەمە.

**٤- گۆڕانکاری لە خێزاندا:**

پێش چەند دەیەیەک خێزان لە کوردستان بەشێوەی خێزانی گەورە (بنەماڵە) دەژیان، کە پێکهاتبوون لە چەند خێزانێکی بچووک و بەیەکەوە و لەدەوری یەک دەژیان، بەدەگمەن ڕوویدەدا کاتێک کوڕێک هاوسەرگیری بکات یەکسەر لە ماڵە باوانی جیاببێتەوە، زۆرجار لە ماڵێکدا کە چەند ژوورێکی هەبووە هەر ژوورێک خێزانێکی تێدا ژیاوە کە ئەندامی خێزانە گەورەکە بوون، باپیرە و داپیرە و کوڕ و بوک و کچ و کوڕەزا و نەوەکان پێکەوە ژیاون، گەورەی ماڵ (ڕدێن سپی) خاوەنی قسە و بڕیار و دەسەڵات بووە، لەزۆربەی حاڵەتەکاندا نانخواردن بەکۆمەڵ بووە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەندامانی خێزانە گەورەکە بەهێزبوون، ئەندامانی خێزانە گەورەکە هاوکاری یەکتربوون، بەڵام لەم سەردەمەی ئێستادا چەندین گۆڕانکاری بەسەر ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە و خێزاندا هاتووە، ئەویش وا دەکات پرۆسەی ڕێنماییکردن وەک پێداویستییەکی سەردەم لێی بڕوانرێت

**٥- زیادبوونی پێداویستییەکانی و خەرجیەکانی خێزان:**

گۆڕانکاری لە ستایلی ژیانی خێزان، کرانەوەی بازاڕەکانی کوردستان بەڕووی دنیادا، زۆربوونی ڕیکلام کردن بۆ کاڵاکان، زیادبوونی هۆشیاری خێزان بەپێویستییەکان، بوونی دیاردەی چاولێکەری و زیدەڕۆیی لە کڕینی کاڵاکان، تێکڕاو ئەمانە وایانکردووە کە خەرجی خێزان لەم سەردەمەدا زۆر زیادی کردووە، ئەمەش وادەکات بۆ پڕکردنەوە و دابینکردنی ئەو پێداویستییانە دایبابان پێویستیان بە کارکردنی زیادە هەبێت، هەندێ خێزان دایکان و باوکان هەردووکیان دوو کار دەکەن، هەندێکیان تەنها یەکێکیان دوو کار دەکات، هەندێ خێزانی دیکە باوکەکە زۆر سەرقاڵە بە کارکردن و دوور کەوتنەوە لەخێزان و سەفەرکردن بەمەبەستی بازرگانی کردن، دایکان و باوکان لەمبارانەدا کەمترین کاتیان بۆ منداڵ و جگەرگۆشەکانیانە، کەمتەرخەمی زۆریان پێوە دەردەکەوێت بەرامبەر پەروەردەکردن و چاودێریکردنی جگەرگۆشەکانیان، کاتێکیش شەوان دەگەڕێنەوە ماڵەوە شەکەت و ماندوون لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە، کاتی ئەوتۆیان نابێت بۆ جگەرگۆشەکانیان، ئەمەش وادەکات، جگەرگۆشەکانیان دووچاری کێشە و گرفت ببنەوە لەڕووی ڕەفتاری و تووشبوون بە لادان و خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان و بێ نازی و بێ سۆزی، کە دواجار ڕەنگدانەوەی خراپ لەسەر ژیانی منداڵ و هەرزەکارەکان دروستدەکات.

**کەواتە ڕێنماییکارانی قوتابخانەکان دەبێت ئەو ڕاستیە بزانن کە ئەو قوتابی / خوێندکارانەی لەناو باخچە و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەکاندا دەوام دەکەن، بەدەرنین لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر خێزانەکانیان و خودی خۆیاندا هاتووە، بێگومان ئەو گۆڕانکاریانەش ڕەنگدانەوەی لە سەر بیرکردنەوە و ڕەفتار و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاستیان لە خوێندن دەبێت و جێکەوتەی خۆیان دادەنێن، بۆیە ئەرکی ڕێنماییکاران لە ناو قوتابخانەکاندا ئەرکێکی گەورە و گرنگە، ڕێنماییکردن بووەتە پێویستییەکی گرنگی ئەم سەردەمە بە تایبەتی لە ناو دامەزراوە فێرکاری و پەروەردەییەکاندا.**

## ئامانجەکانی ڕێنماییکردنی پەروەردەیی

١- خولقاندنی گۆڕانکاری ئەرێنی لەڕەفتاری قوتابیان / خوێندکاراندا.

٢- فەراهەمکردنی کەشێکی گونجاو بۆ فێربوون و فێرکردن.

٣- گرنگیدان و گەشەپێدان بە کەسێتی قوتابی/ خوێندکار لەڕووی (ژیری، دەروونی، جەستەیی، کۆمەلایەتی).

٤- گرنگیدان و گەشەپێدان بە توانستەکانی قوتابی/ خوێندکار لەسەر هەموو ئاستەکان.

٥- پارێزگاریکردن لە دەروونددروستی قوتابی/ خوێندکار.

٦- هاوکاریکردنی قوتابی/ خوێندکار بۆ بەدیهێنانی خودی خۆی.

٧- هاوکاریکردنی قوتابی/ خوێندکار بۆ بەدیهێنانی سازاندن لەسەر ئاستەکانی (کەسیی، پەروەردەیی، پیشەیی).

٨- چاکسازی و پەرەپێدان بەرەوتی پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە لەڕێی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکان و دەستەی کارگێڕی و مامۆستایان و دامودەزگاکان.

٩- دەستنیشانکردنی ئەو ڕەوش و بارە دەروونی و کۆمەلایەتی و پەروەردەییانەی ڕووبەڕووی قوتابیان / خوێندکاران دەبنەوە، هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو کێشانەی دێنە پێش قوتابی و خوێندکار، هاوکاریکردنی قوتابیان / خوێندکاران لەچارەسەرکردنی کێشەکانیاندا.

١٠- هاوکاریکردنی قوتابی/ خوێندکارە بەهرەدارەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لە توانستەکانیان.

١١- هاوکاریکردنی قوتابی/ خوێندکارە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و ئەوانەی کێشەیان هەیە لەبواری فێربووندا.

١٢- چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیان/ خوێندکاران.

## پەیڕەوەکانی ڕێنمایی‌کردن

### ١- گەشەپێدان:

گرنگی ئەم پەیڕەوە لەوەدایە کە خزمەتگوزارییەکانی ڕێنمایی دەروونی پێشکەش بە قوتابیان / خوێندکاران (کەسانی ئاسایی) دەکات بەمەبەستی بەهێزکردن و زیادکردنی توانستەکانی ڕێنمایی‌خواز و پاڵپشتی کردنیان بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرز لە سازاندن.

ئەم پەیڕەوە گرنگی گەورەی هەیە لە دانانی پلانی گونجاو و پرۆگرامی ئاراستەکردن و ڕێنمایی دەروونی لە قوتابخانەکاندا لەڕێی ئاراستەکردن و چاودێریکردنی گەشەیەکی دروست و گرتنەبەری ڕەفتاری گونجاو، گرنگترین ئەو بوارانەی پەیڕەوی گەشەپێدان لەمبوارانەدا دەتوانێت کاری خۆی بکات:

- ناسین و تێگەیشتن لە خود و پەسەندکردنی خود.
- گەشەپێدان بە چەمکی ئەرێنی خود.
- دەستنیشانکردنی ئامانجی دروست بۆ ژیان.
- شێوازی گونجاو بۆ لێکۆڵینەوە لە توانست و ئارەزووەکان.
- چاودێریکردنی دیاردەکانی گەشەکردن لەڕووی کەسێتی (جەستەیی، ژیری، کۆمەڵایەتی و دەروونی).
- چۆنێتی دابەشکردنی کات و خوێندن و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان.

### ٢- خۆپاراستن:

ئەم پەیڕەوە گرنگی بە قوتابیان / خوێندکاران (کەسانی ئاسایی) دەدات بەمەبەستی پاراستنیان لە تووشبوون بە کێشە و گرفت و شڵەژانە دەروونیەکان، ئەم پەیڕەوەش لەسەر ئەم سێ ئاستەدا کار دەکات:

- خۆپاراستنی پلە یەک: ڕێگرتن لەڕوودانی کێشە لەڕێی پەیڕەوکردنی ڕەفتار و نەریتی دروست و نەهێشتنی هۆکارەکان.
- خۆپاراستنی پلە دوو: زوو ئاشکراکردن و دەستنیشانکردنی کێشە و شڵەژانەکان لە قۆناغەکانی سەرەتایدا.
- خۆپاراستنی پلە سێ: هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی شڵەژانەکان و ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە.

**لەناو قوتابخانەکاندا، ڕێنمایی‌کاران دەتوانن لەمبوارەدا ئەسپی خۆیان تاو بدەن لەڕێی ئەنجامدانی سیمینار (ئاراستەکردن) بۆ قوتابیان / خوێندکاران، تەوەری بابەتەکانیان پێویستە لەسەر کێشە و گرفتە باوەکانی ئەو قۆناغانەی تەمەن بێت کە لەکۆمەڵگەدا باویان هەیە، بۆ نموونە بۆ قۆناغەکانی (٧ – ١٢)ی ئامادەیی یان بۆ قوتابیان و خوێندکارانی پەیمانگەکان، بابەتەکانی (خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان، کێشە سۆزداریەکان، چۆنێتی خوێندن و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان، دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوەکان، ئەو گۆڕانکاریانەی لەڕووی گەشەکردنەوە بەسەر جەستە و دەروون و لایەنەکانی دیکەی ژیانی هەرزەکاراندا دێن، زیانەکانی جگەرە و نێرگەلە کێشان، مەترسیەکانی مادەهۆشبەرەکان، پەیڕەوکردنی نەریتی دروست بۆ ژیان – خەوی دروست، خۆراکی دروست، وەرزشکردن، زاڵبوون بە سەر شەرم، پەسەندکردنی خود و ... تد)، یاخود سازکردنی کۆڕ بۆ مامۆستایان و دایکان و باوکان و هۆشیارکردنەوەیان لەپەیڕەکردنی**

ڕەفتاری دروست لەگەڵ قوتابیان / خوێندکاران و جگەرگۆشەکانیان.

ئەوەندەی ڕێنماییکاران خۆیان توانایان هەبێت ئەم هەنگاوانە بنێن، ئەگەرنا زۆر ئاساییە پەنا بۆ کەسانی پسپۆڕ ببەن لەدەرەوەی قوتابخانە بۆ وتنەوەی بابەتەکان.

**٣- چارەسەرکردن:**

ئەم پەیڕەوە گرنگی بە چارەسەرکردنی کێشە و نەخۆشیەکان دەدات بەمەبەستی گێرانەوەی کەسە تووشبووەکان بۆ بارێکی دەروونی ئاسایی و گێرانەوەی ئارامی بۆ ژیانی تاک، بێگومان ئەمەش لەڕێی گرنگیدان بە دەستنیشانکردنی جۆری حاڵەتەکە و هۆکارەکانی و شێوازەکانی چارەسەر، بۆ چارەسەرکردنی کێشە یاخود ئەو حاڵەتە دەروونیانەی زیاتر بەلای حاڵەتی ئاساییەوە نزیکن، واتە پەشێویە دەروونیەکە لەئاستێکی بەرز و قوڵدا نەبێت دەکرێت لەناو قوتابخانەدا لەلایەن ڕێنماییکار چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەگەر کێشە یاخود نەخۆشییەکە لەسەروو توانای ڕێنماییکار بێت، پێویستە ڕەوانەی دەرەوەی قوتابخانە بکرێت بۆ لای کەسانی پسپۆڕ یان دەزگای تایبەتمەند.

کارکردن لەسەر ئەو پەیڕەوانە دەبنە هۆی بەدیهێنانی چەندین ئامانجی گرنگ بۆ قوتابیان / خوێندکاران، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**١-دەستەبەربوونی دەروونددروستی:**

بێگومان کاتێک ڕێنماییخواز بەدەست کێشەیەکەوە بناڵێنێت و نەتوانێت چارەسەری بکات، ئەوا ڕەوشێکی لەمجۆرە دەبێتە هۆی تووشبوونی قوتابی/ خوێندکارەکە بە دڵەڕاوکێ، بەدرێژەکێشانی ماوەی کێشەکە ئەگەر لێکەوتەی تری لێبکەوێتەوە و شڵەژانی دەروونی تریش بەرۆکی مرۆڤ بگرێت وەک فۆبیا و خەمۆکی و گۆشەگیری و هەوڵی خۆکوشتن و هیستیریا یان هەر شڵەژانێکی دەروونی دیکە، تێکرا ئەم شڵەژانە دەروونیانە کار لەسەر ڕەفتار و باری دەروونی و ئاستی خوێندن و چالاکی و بەرهەم و ... تد-ی مرۆڤ دەکەن، کەواتە چارەسەری کێشەی ڕێنماییخواز لەڕێی پرۆسەی ڕێنماییکردنەوە بارە دەروونیەکە ئاسایی دەبێتەوە، یان پرۆسەی ڕێنماییکردن بەرچاوڕوونی دەداتە ڕێنماییخواز بەو گرفتە دەروونیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٢- بەدیهێنانی خود:

(ڕۆجیرز) جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەدیهێنانی خود بەیەکێک لە گرنگترین پاڵنەرەکان دادەنرێت کە دەروونددروستی بۆ مرۆڤ دەستەبەردەکات، ڕۆڵی ڕێنماییکاریش یارمەتیدانی مرۆڤە لە پەرەپێدان بە چەمکێکی ئەرێنی دەربارەی خود واتە دروستبوونی تێڕوانینی پۆزەتیڤانەیە بۆ خود، چونکە زیاتر ئەوەی بەربەست دروستدەکات لە بەدیهێنانی خود تێڕوانینی نەرێنیانەیە بۆ خود، ڕێزگرتن لەخود گوزەرنامە (پاسپۆرت)ە بەرەو ژیان.

٣- دەستبەربوونی سازاندن:

بێگومان هەرچەندە مرۆڤ توانای سازاندنی هەبێت، ئەوەندە کەمتر دووچاری تەنگژەی دەروونی دەبێتەوە، دەکرێت سازاندنی مرۆڤ لەگەڵ کایەکاندا لەم سێ بوارەدا کۆبکرێتەوە:

• دەستەبەربوونی سازانی دەروونی و کەسیی: واتە ڕێنماییخواز لە خودی خۆی ڕەزامەند بێت و هەست بە بەختەوەری بکات و پاڵنەرە سەرەکی و بەدەستهاتووەکانی تێر بکات.
• دەستبەربوونی سازان لەبواری پیشە و خوێندن: لەڕێی یارمەتیدانی قوتابی/ خوێندکار بۆ هەڵبژاردنی پیشەی گونجاو یان هەڵبژاردنی خوێندن و پرۆگرامی خوێندن لەبەر ڕۆشنایی ئارەزوو و توانستەکانی خۆی، هەروەها چۆنێتی کەڵک وەرگرتن لە توانا و کارامەییەکانی بەمەبەستی دەستبەربوونی سەرکەوتن.
• دەستبەربوونی سازانی کۆمەڵایەتی: ئەم لایەنەش بوونی پەیوەندی ئاسایی و توانای هەڵکردنی کۆمەڵایەتیانەی ڕێنماییخواز و خۆشحاڵبوونە بەو پەیوەندیانە، هەروەها توانای کارلێکردنێکی کۆمەڵایەتیانەی دروستی هەبێت، دوور لە تەنگژە و ئاژاوە و ناتەبایی، جا ئەم سازانە کۆمەڵایەتیە لەناو خێزاندا بێت یان لەگەڵ گرووپی هاوڕێیان یان لە ژینگەی قوتابخانەدا.

٤- باشکردنی پرۆسەی پەروەردە:

ئەم ئامانجە لە گرنگترین ئامانجەکانی ڕێنماییکردنە، بێگومان هێنانەدی ئەم ئامانجەش لەم ڕێگەیانەوە دەکرێت:

• زیادکردنی پاڵنەر لای قوتابیان / خوێندکاران بەرەو خوێندن و بەدەستهێنانی سەرکەوتن، پیادەکردنی پاداشت و پاڵپشتیکردن.
• ڕەچاوکردنی جیاوازییە تاکییەکانی نێوان قوتابیان / خوێندکاران.
• بەخشینی بڕی گونجاو لە زانیاری ئاکادیمی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی، کە یارمەتی ڕێنماییخواز بدات لەناسینی خودی خۆی.
• فێرکردنی قوتابیان / خوێندکاران کە چۆن بخوێنن و کۆشش بکەن بەشێوەیەکی دروست.

## جۆرەکانی ڕێنماییکردن

**یەکەم/ ڕێنماییکردنی ڕاستەوخۆ (Direct Counseling):**

بریتییە لەو خزمەتگوزاریانەی ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێشکەش بە قوتابی/ خوێندکاری دەکرێت، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی لە دەستی دەناڵێنێت، لەمجۆرەی ڕێنماییکردندا ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی ڕێنماییکار، لەمبارەدا ڕێنماییکار ڕۆڵێکی کارا دەبینێت لە ئاشکراکردنی ململانێکانی قوتابی و شرۆڤەی زانیارییەکان، بەدوای ئەمدا ئاراستەکردنی ڕێنماییخواز بەرەو ڕەفتارگەلێکی ئەرێنیانەی نەخشە بۆکێشراو، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر کەسێتی و ڕەفتاری قوتابی/ خوێندکارەکە.

لەڕێنماییکردنی ڕاستەخۆدا سەرنج دەخرێتە سەر کێشەی ڕێنماییخوازەکە نەک سەر خودی ڕێنماییخوازەکە، لەمجۆرەی ڕێنماییکردندا مامەڵە لەگەڵ لایەنی هۆشمەندی دەکرێت نەک لایەنی سۆزداری.

ڕێنماییکار پێش دەستپێکردنی یەکەم دانیشتنی ڕێنماییکارانە لە باری ڕێنماییخوازەکە و کێشەکەی دەکۆڵێتەوە،

لەپێش هەر چاوپێکەوتنێکی نێوانیان ڕێنماییکار بە تێبینی و زانیارییەکان و بۆچوونەکانی ڕێنماییخوازەکەدا لە چاوپێکەوتنەکانی پێشوودا دەچێتەوە، بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێکی گونجاو بۆ گرفتەکە، بڕیاری کۆتایی بۆ ڕێنماییکار، بۆیە لەمبارەدا ڕێنماییکار مافی خۆیەتی کاتێک ڕێنماییخواز دەگاتە بۆچوونێک دەربارەی چارەسەری گرفتەکەی، داوای لێبکات بەبۆچوونەکەیدا بچێتەوە.

لەبەرئەوەی ئەرکی سەرەکی لەمجۆرەی ڕێنماییکردندا دەکەوێتە ئەستۆی ڕێنماییکار هەر لەدەستنیشانکردنی کێشەکە هەتا چارەسەری کێشەکە، بۆیە پێویستە لەسەری پەیوەندییەکی دروست بنیاد و بنێت لەگەڵ ڕێنماییخوازەکە لەسەر بنەمای متمانە و ڕێز و هاوسۆزی، بەجۆرێک دەرفەت بۆ ڕێنماییخوازەکە برەخسێت ئازادانە قسە لەسەر هەموو ئەو شتانە بکات کە لەمێشکیدا هەن، هەروەها هەوڵی کەمکردنەوەی گرژیە دەروونییەکانی ڕێنماییخواز بدات، بۆئەوەی بتوانێت لەڕووی لۆژیک و ژیرییەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکەیدا بکات.

(Williamson) کە بەپێشەنگی ئەم ڕێگایە لەڕێنماییکردن دادەنرێت، پێنج هەنگاوی بۆ ئەمجۆرە لەڕێنماییکردن دیاریکردووە:

**١- شیکردنەوە** (Analysis):

بریتییە لەکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کێشەی قوتابی/ خوێندکارەکە، لەڕێگەی چەندین سەرچاوەوە، وەک (خێزان، هاوڕێ نزیکەکانی قوتابی/ خوێندکارەکە، قوتابخانە، فۆرمی زانیاری)، بەمەبەستی تێگەیشتنی تەواو لەکێشەکە، بێگومان گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی ڕێنماییخواز و مێژووی ژیانی و باری تەندروستی، باری کۆمەڵایەتی ڕابردوو و ئێستای، تێکڕا ئەمانە دەبنە ئامرازی باش بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە کێشەی قوتابی/ خوێندکارەکە، هەروەها بەکارهێنانی ئەزموون و پێوەرەکان دەبنە سەرچاوەیەکی دیکەی زانیاری بۆ ڕێنماییکار.

**٢- پێکبەستنەوە** (Synthesis):

بریتییە لە پرۆسەی ڕێکخستنەوە و پۆلێنکردنی هەموو زانیاریانەی ڕێنماییکار دەربارەی کێشەکە لەسەرچاوە جیاوازەکانەوە کۆی کردووەتەوە، پاشان پوختەکردنیان بەپێی بوارەکانیان.

**٣- دەستنیشانکردن** (Diagnosis):

پوختەی هەموو ئەنجامەکانە کە ڕێنماییکار پێی دەگات سەبارەت بە هۆکارەکانی کێشەکە و تایبەتمەندی و جۆری کێشەکە.

**٤- پێشبینیکردن** (Prognosis):

هەموو ئەو چاوەڕوانی و پێشبینیانە دەگرێتەوە کە ڕێنماییکار لەبەرچاوی دەگرێت دەربارەی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ڕێنماییخواز دێت لە داهاتوودا، لەڕێی ناسینی کێشەکەی و دەستنیشانکردنی پلەی بە توندی یان سادەیی کێشەکەی.

**٥- ڕێنماییکردن** (Counseling):

هەموو ئەو هەنگاوانە دەگرێتەوە کە ڕێنماییکار دەیگرێتەبەر بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری ڕێنماییخواز و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەڕێنماییخواز.

٦- بەدواداچوون (Follow Up):
بریتییە لە پرۆسەی دڵنیابوون لەئاستی سەرکەوتنی پرۆسە ڕێنماییکاریەکان کە ڕێنماییکار پێشکەشی کردووە، چاودێریکردنی حاڵەتی ڕێنمایخواز، ڕاهاتنی ڕێنماییخواز لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی لەئاییندەدا.
بەکورتی لەمجۆرەی ڕێنماییکردندا ڕێنماییکار چارەسەری گونجاو دەخاتەڕوو و پێشکەشی قوتابی/ خوێندکاری دەکات، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەی، بەوپێودانگەی ڕێنماییخواز خۆی زانیاری نییە بەڵکو زانیاری لەڕێنماییکار وەردەگرێت، هەرچەندە ڕێنماییکار نابێت چارەسەری ئامادەکراو پێشکەش بکات، بەڵام لەڕێنماییکردنی ڕاستەوخۆدا ئەم کارە دەکرێت و شێوازی کارکردن زیاتر لەشێوەی دەسەڵاتداریێتی ڕێنماییکار خۆی دەنوێنێت.

## دووەم/ ڕێنماییکردنی ناڕاستەوخۆ (Nondirective Counseling):
لەمجۆرەی ڕێنماییکردندا ئازادی بۆ ڕێنماییخواز بەجێدەهێڵرێت خۆی باس لە کێشەکەی بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، واتە بەپێچەوانەی ڕێنماییکردنی ڕاستەوخۆ لەمبارەدە ڕێنماییخواز ڕۆڵە سەرەکیەکە دەگێڕێت لە چارەسەری کێشەکەیدا نەک ڕێنماییکار، لەمبارەدا ڕێنماییکار دەگاتە ئەو بڕوایەی کە ڕێنماییخوازەکە ئەوەندە سەرچاوە و توانستی هەیە کە ئەگەر (پەی)یان پێبەرێت و بەباشی بەکاریان بهێنێت دەتوانێت خۆی چارەسەری کێشەکەی خۆی بکات.
ئەو ڕێنماییخوازانەی ئەمجۆرە لەڕێنماییکردنیان لەگەڵدا بەکەڵک دەبێت ئەوانەن کە ئارەزوومەندن لەگەڵ ژینگەکەیان و کۆمەڵگەدا بگونجێن، هەروەها ئەوانەن کە ئاستی زیرەکیان مامناوەند یان سەروو مامناوەندە و توانای ئاخاوتنی بەهێزیان هەیە، واتە لەمبارەدا ڕێنماییکار هاوکاری ڕێنماییخواز دەکات گەشەی دەروونی بەشێوەیەکی ئاسایی بڕوات.
ئەمجۆرە لە ڕێنماییکردن بریتییە لە پێکهێنانی پەیوەندییەکی ڕێنماییکارانە لەنێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز و ئامادەکردنی کەشێکی دەروونی کە تیایدا ڕێنماییخواز باشترین گەشەی دەروونی بکات.
بەدەربڕینێکی دیکە، ڕێنماییکردنی ناڕاستەوخۆ کار لەسەر لایەنی دەروونی ڕێنماییخواز دەکات، چونکە ئەوە خودی ڕێنماییخوازە دەتوانێت ناخی خۆی بپشکنێت و بگاتە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکەی، لەمبارەدا ڕێنماییکار تەنها هاوکار و ئاراستەکارە و ئەرکە سەرەکیەکەی بریتی دەبێت لە هاوسۆزیکردن و هاوبەشیکردنێکی سۆزدارانە بۆ کێشەی ڕێنماییخوازەکە و ئاگادارکردنی ڕێنماییخواز بەو هاوسۆزییە، کەواتە لەمجۆرەی ڕێنماییکردندا ڕێنماییکار چارەسەری ئامادەکراو پێشکەش ناکات، چونکە دەزانێت کە ڕێنماییخواز خودی خۆی دەتوانێت بگاتە چارەسەرێکی دروست بۆ کێشەکەی، واتە لەمبارەدا خودی ڕێنماییخواز دەبێتە بنەما نەک کێشەکەی، ئەوەی ڕێنماییکار دەیکات تەنها ڕەخساندنی کەشێکی دەروونی لەبارە لەکاتی چاوپێکەوتنەکان (دانیشتنە ڕێنماییکاریەکان)دا بۆ ڕێنماییخواز بەمەبەستی دەربڕین هەڵچوون و خستنەڕووی کێشەکەی و گەیشتن بەبڕیاری دروست لەلایەن خودی خۆیەوە، کەواتە لەمجۆرەی ڕێنماییکردندا ڕێنماییکار هەموو هەڵچوونە نەرێنیەکانی پەسەند بکات و نابێت بێزاری بنوێنێت بەرامبەریان و بەچاوێکی نزم لێیان

بروانێت، دەرفەتی ئەوە بۆ ڕێنماییخواز برەخسێنێت ئازادانە هەنگاوەکانی هەڵبژێرێت کە پێویستە بیانگرێتەبەر بەرەو چارەسەری کێشەکەی، بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی خودی خۆی بەشێوەیەکی باش کە دواجار گەشەیەکی دروستی لێدەکەوێتەوە. (Rogers) پێشەنگی ڕێنماییکردنی ناڕاستەوخۆیە. دەکرێت گرنگترین جیاوازییەکانی نێوان ڕێنماییکردنی ڕاستەوخۆ و ڕێنماییکردنی ناڕاستەوخۆ بەمجۆرەی لەخشتەکەدا هەیە بخرێتەڕوو:

## ڕێنماییکردنی ڕاستەوخۆ

١- ڕێنماییکار ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت.

٢- خزمەتگوزاریە ڕێنماییکارییەکان پێشکەشی ئەو قوتابی و خوێندکارانە دەکات کە داوای دەکەن یان پێویستیان پێی هەیە تەنانەت ئەگەر داوایشی نەکەن.

٣- ئامانجی ئەمجۆرە لەڕێنماییکردن ڕوودانی گۆڕانکاریە لەڕێی فێرکردن و گەشەپێدانەوە

٤- کاتێکی کەمتر دەخایەنێت.

٥- ڕێنماییکار هەموو ئەو زانیاریانە پێشکەشی ڕێنماییخواز دەکات کە بەپێویستیان دەزانێت.

٦- ڕێنماییکار هاوکاری چارەسەری کێشەی ڕێنماییخواز دەکات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

٧- ڕێنماییخواز پشت بەڕێنماییکار دەبەستێت لە دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی کێشەکەی و دانانی پلانی پێویست بۆ چارەسەر.

٨- لەمبارەدا ڕێنماییکار تواناداترە لەبوونی دیدێکی بابەتیانە بۆ کێشەی ڕێنماییخواز و پێشکەشکردنی هاوکاری.

٩- ئەمجۆرە لەڕێنماییکردن جەخت لەلایەنی ژیری و هۆشمەندی دەکاتەوە.

١٠- ڕێنماییکار سەرکردایەتی پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە دەکات، بەپێی پێگەکەی و ئەو شارەزایی و زانیاریانەی هەیەتی.

## ڕێنماییکردنی ناڕاستەوخۆ

١- ڕێنماییخواز ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت.

٢- خزمەتگوزاریە ڕێنماییکارییەکان پێشکەشی ئەو قوتابی و خوێندکارانە دەکات کە داوای دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن.

٣- ئامانجی ئەمجۆرە لەڕێنماییکردن ڕوودانی گۆڕانکاریە لەڕێی فێربوون و گەشەکردنەوە

٤- کاتێکی زۆرتر دەخایەنێت.

٥-ڕێنماییکار تەنها لەو کاتانەدا زانیاری دەبەخشێت کە ڕێنماییخواز داوای بکات.

٦- ڕێنماییکار هاوکاری ڕێنماییخواز دەکات خودی خۆی چارەسەری کێشەکەی بکات.

٧- ڕێنماییخواز فێری سەربەخۆیی و پشت بەخۆبەستن دەبێت لەچارەسەری کێشەکەی و دانانی پلانی گونجاو بۆ چارەسەر.

٨- لەمبارەدا ڕێنماییخواز خۆی خاوەنی توانا و پاڵنەرە بۆ گۆڕانکاری و گەشەکردن و خاوەنی دیدی تایبەت بەخۆیەتی دەربارەی بەرژەوەندیەکانی خۆی.

٩- ئەمجۆرە لەڕێنماییکردن جەخت لەلایەنی دەروونی دەکاتەوە.

١٠- ڕێنماییخواز ئاراستەی دانیشتنەکان دەکات بەو جۆرەی خۆی دەیەوێت چارەسەری کێشەکەی بکات.

| ڕێنماییکردنی ڕاستەوخۆ | ڕێنماییکردنی ناڕاستەوخۆ |
| --- | --- |
| ١١- ڕێنماییکار گرنگی بەکۆکردنەوەی زانیاری و ئەنجامدانی ئەزموون و پێوەرەکان دەدات و کار بەئەنجامەکانی دەکات بەمەبەستی گەیشتن بە دەستنیشانکردنی کێشەکە. | ١١- ڕێنماییکار ڕێز لە دەربڕینەکانی ڕێنماییخواز دەگرێت بەوەی خۆی دەستنیشانی کێشەکەی خۆی کردووە، بۆیە گرنگی بەئەزموون و پێوەرەکان و کۆکردنەوەی زانیاری نادات، مەگەر لەسەر داوای ڕێنماییخواز خۆی بێت. |
| ١٢- ڕێنماییکار هەڵدەستێت بەهەڵسەنگاندنی ڕەفتاری ڕێنماییخواز و دەستوەردەداتە بڕیارەکانی. | ١٢- ڕێنماییخواز خۆی هەڵسەنگاندن بۆ ڕەفتارەکانی خۆی دەکات بەبێ دەستوەردان و چاودێری کردنی ڕێنماییکار. |
| ١٣- گرنگی بەدەستنیشانکردنی کێشەی ڕێنماییخوازەکە دەدرێت لەلایەن ڕێنماییکار. | ١٣- دەستنیشانکردنی کێشەکە زۆر پێویست نییە، چونکە ئەگەر ڕێنماییکار دەستنیشانی کێشەی ڕێنماییخواز بکات ئەوا دەبێتە پشتپێبەستنی ڕێنماییخواز بەڕێنماییکار. |
| ١٤- پشکی گەورە لە چارەسەری گرفتەکانی ڕێنماییخوازدا دەکەوێتە ئەستۆی ڕێنماییکار و بەرپرسیارێتی ئەوە. | ١٤- پشکی گەورە لەچارەسەری گرفتەکاندا دەکەوێتە ئەستۆی ڕێنماییخواز و بەرپرسیارێتی خۆیەتی. |
| ١٥- گرنگی بەو کێشانە دەدات کە ڕێنماییخواز لەپێناویدا هاتووە، دەستنیشانکردنیان و کارکردن بۆ چارەسەریان | ١٥- گرنگی بە گەشەی کەسێتی ڕێنماییخواز دەدات وەکو تاکێک، یارمەتی ڕێنماییخواز دەدرێت بەمەبەستی تێگەیشتن لەخۆی و دەستنیشانکردن و چارەسەری کێشەکەی |

**سێیەم/ ڕێنماییکردنی بژاردەیی (Elective Counseling):**

هەرچەندە ڕەفتاری مرۆیی تارادەیەک جێگیرە، لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت جۆرێک ڕێنماییکردن بگشتێندرێت بەسەر هەموو حاڵەتەکاندا، ئەگەرچی حاڵەتەکانیش هاوشێوەی یەکبن، یان چەند حاڵەتێکی جیاوازی یەک کەسیش بێت، چونکە ڕێدەکەوێت هەمان ئەو کەسە بەرەوشی جیاواز و نوێدا تێپەڕیبێت، کەواتە ئەو ڕێگەیەی لەڕێنماییکردن بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێت لەکاتێکی دیاریکراودا، ڕەنگە هەمان ڕێگە بۆ کاتێکی دیکە کەڵکی نەبێت، چونکە ڕەنگە کەسەکە لەو ماوەیەدا بەچەند ئەزموونێکی نوێ تێپەڕیبێت و لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و جەستەییەوە گەشەی کردبێت، کەواتە دەبێت ڕێنماییکاری پەروەردەیی ڕەچاوی ئەم ڕاستیانە

بكات و لەکاتی پێویستدا پەنا بۆ زیاد لەڕێگەیەک ببات بەمەبەستی هاوکاری کردنی ڕێنماییخواز لەچارەسەری کێشەکانیدا، چونکە لەهەندێ باردا پەیڕەوکردنی تەنها یەک ڕێگە ئامانج ناپێکێت.

**ڕێنماییکردنی بژاردەیی ئەم دوو ڕێگەیە دەگرێتەوە:**

١- هەڵبژاردنی یەکێک لەڕێگەکان:

لەمبارەدا ڕێنماییکاری پەروەردەیی بێلایەنانە ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێرێت کە بەپێی زیرەکی و کارامەیی خۆی بەگونجاوی دەزانێت بۆ هاوکاریکردنی ڕێنماییخواز و چارەسەری کێشەکەی.

٢- کۆکردنەوەی زیاتر لەڕێگەیەک:

لەمبارەدا ڕێنماییکار چەند شێواز و تەکنیکێک لەهەر ڕێگەیەک هەڵدەبژێرێت و تێکەڵیان دەکات و ڕێکیان دەخات و وەک ڕێگەیەکی ڕێنماییکردنی ئاوێتە کەڵکیان لێوەردەگرێت لە پرۆسەی هاوکاریکردنی ڕێنماییخواز و چارەسەری کێشەکەیدا.

## ڕێگەکانی ڕێنماییکردن

دوو ڕێگە یان دوو کەناڵی سەرەکی هەیە بۆ ڕێنماییکردن، ئەوانیش ڕێنمایی تاکی و ڕێنمایی بەکۆمەڵە:

**ا- ڕێنمایی تاکی** (Individual Counselin):

لەمبارەدا ڕێنماییکار مامەڵە لەگەڵ یەک ڕێنماییخوازدا دەکات، هێز و کاریگەریی ئەم ڕێگەیە لە ڕێنماییکردن بەندە بە تۆکمەیی ئەو پەیوەندییە ڕێنماییکاریانەی کە لەنێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخوازدا هەیە، هەروەها لەم ڕێگەیەدا گوێڕادێران (الانصات) بەیەکێک لە چالاکیە سەرەکییەکانی ڕێنماییکار دادەنرێت، بەجۆرێک ڕێنماییکار ئەو کەشە برەخسێنێت و هاوکاری ڕێنماییخواز (قوتابی / خوێندکار) بکات ئازادانە قسە بکات و ناخی خۆی، ئاراستەکانی، رازەکانی، گرنگیپێدانەکانی، درککردنی بەخودی خۆی و دەوروبەری، دەرببڕێت، ئەگەر هەیە لەڕێنماییکردنی تاکیدا پێویست بەبوونی چەند پسپۆڕێک بکات بەمەبەستی چارەسەری کێشەی ڕێنماییخوازەکە.

کاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی دانیشتنە ڕێنماییکارییە تاکییەکان لەنێوان (٣٠ - ٦٠) خولەکدایە، درێژی و کورتی ماوەی دانیشتنەکان بەندە بە تەمەنی ڕێنماییخواز (قوتابی یان خوێندکار)ەکە، جۆر یان سروشتی کێشەکەی، تایبەتمەندییەکانی کەسی ڕێنماییخواز، بۆ نموونە ئەگەر ڕێنماییخوازەکە قوتابی قۆناغی بنەڕەتی بوو واتە منداڵ بوو، نابێت ماوەی دانیشتنەکان لە (٢٠) خولەک زیاتر بێت، ئەگەر هەرزەکار بوو بۆ نموونە لە قۆناغی ئامادەیی بوو ئەوا باشتر وایە لە ماوەی وانەیەکی خوێندن تێپەڕ نەکات، نەوەک قوتابی/ خوێندکار بەخراپ کەڵک لەو دانیشتنانە وەربگرێت و بەهۆیە خۆی لەئامادەبوونی وانەکانی بدزێتەوە.

ڕێنماییکردنی تاکی لەگەڵ قوتابی / خوێندکاراندا بەکاردەهێنرێت کە کێشەیەکی کەسیی (تایبەتی)یان هەیە، کە ناکرێت لەبەرچاوی ئەوانی دیکەدا باس بکرێت.

ڕێنماییکردنی تاکی لەناو ناوەندەکانی خوێندندا لەگەڵ ئەو قوتابی / خوێندکارانە بەکاردەهێنرێت کە یەکێک یان زیاتر لەم کێشە و حاڵەتانەی هەبێت:

**- کێشەکانی تایبەت بەخوێندن:**

وەک حاڵەتەکانی مانەوە (کەوتن) لەساڵی خوێندندا، ئامادەنەبوون (غیابات) لە قوتابخانە بەبێ هۆ، خۆدزینەوە لەقوتابخانە، وازهێنان لەخوێندن، دابەزینی ئاستی خوێندن، سستی فێربوون، پەیڕەونەکردنی نەریتی دروست بۆ خوێندن و خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان، کێشە لەدابەشکردنی کات بۆ خوێندن، دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوەکان و ... تد.

**- حاڵەت و کێشە دەروونییەکان:**

وەک حاڵەتەکانی گۆشەگیری، ترس، شەڕەنگێزی، تێکدان، درۆکردن، دزیکردن، دڵەڕاوکێ و کەمخەوی.... تد.

**- کێشەکانی تایبەت بەخێزان:**

وەک هەڵوەشاندنەوەی خێزان، جیابوونەوەی دایک و باوک، لەدەستدانی باوک یان دایک یان هەردووکیان، بوونی زڕباوک یان زڕدایک، توندوتیژی خێزانی، بوونی حاڵەتی ئاڵوودەبوون لەسەر ئەلکهول یان مادەهۆشبەرەکان لەناو خێزاندا، خراپی مامەڵەکردنی دایک و باوک لەگەڵ جگەرگۆشەکانی و .... تد.

**- کێشە ڕەفتارییەکان:**

وەک حاڵەتەکانی جگەرەکێشان، نێرگەلە کێشان، مەی خواردنەوە، خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان، لادان، دزیکردن، نەپاراستنی ئەمانەت، پەیڕەوکردنی ڕەفتاری نەشیاو بەرامبەر مامۆستایان و دەستەی کارگێری، ئەو ڕەفتارانەی لای کۆمەڵگە پەسەند نین و ... تد.

**- کێشە تەندروستییەکان:**

وەک تووشبوون بەیەکێک لە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، بوونی پێداویستییەکی تایبەت یان کەمئەندامی، جوڵەی زۆر و تەرکیزی کەم، کێشە لەبینایی یان بیستن یان ئاخاوتن، هەناسەتەنگی، پەرکەم و ... تد

**- کێشە ئابورییەکان:**

وەک خراپی ڕەوشی ئابووری خێزان، کەمدەرامەتی، هەژاری.

ڕێنمایی تاکی پێویستی بە کات و کۆشش هەیە، لەبەرئەوەی قوتابی و خوێندکار بە تاک دانیشتنی ڕێنماییان بۆ دەکرێت، بەنموونە ئەگەر قوتابخانەیەک (٧٠٠) قوتابی و خوێندکاری تێدا دەوام بکات، لەناو ئەو ژمارەیەدا (٣٠٠) قوتابی و خوێندکاریان پێویستیان بەڕێنماییکردن هەبێت، کەواتە نەک بوونی یەک ڕێنماییکاری پەروەردەیی لەیەک قوتابخانەدا پێویستە بەڵکو هەموو قوتابخانەیەک پێویستی بە زیاتر لە ڕێنماییکارێکە.

## ٢- ڕێنمایی بەکۆمەڵ (Group Counseling):



بریتیە لە پرۆسەی ڕێنماییکردنی ژمارەیەک لە قوتابیان / خوێندکاران کە کێشە و پێداویستییەکانی وەکو یەکە، بەجۆرێک ئەو قوتابی و خوێندکارانە بەشێوەی کۆمەڵ کۆدەکرێنەوە، دروست وایە ژمارەی بەشداربووان لەمجۆرەی ڕێنماییکردندا لە (٧ – ١٠) قوتابی و خوێندکار زیاتر نەبێت، بۆیە گرنگە ڕێنماییکارانی پەروەردەیی جیاوازی نێوان ڕێنماییکردنی بەکۆمەڵ و ئاراستەکردنی بەکۆمەڵ بکەن، هەندێجار ڕێنماییکار لە ناو قوتابخانەکاندا کاتێک پۆلێک وەردەگرن، یان لە هۆڵێکی قوتابخانەدا ژمارەیەکی زۆر قوتابی / خوێندکار کۆدەکەنەوە و بابەتێکیان بۆ باس دەکەن، ئەم چالاکیە ناچێتە خانەی ڕێنماییکردنی بەکۆمەڵەوە بەڵکو ئەمە ئاراستەکردنی بەکۆمەڵە.

ڕێنمایی بەکۆمەڵ پرۆسەیەکی کارلێکردنی دینامیکیە لەنێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخوازاندا، بەئامانجی پێشکەشکردنی پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بۆ ڕێنماییخوازان (قوتابیان / خوێندکاران)، هاوکاریکردنیان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەشێوەیەکی کارا، بەشێوازێکی دیکە دەتوانرێت بگوترێت، ڕێنماییکردنی بەکۆمەڵ پرۆسەیەکی پەروەردەییە لەسەر بنەمایەکی دەروونی و ئاکادیمی و کۆمەڵایەتی کە زانیاری ورد دەبەخشێتە قوتابیان / خوێندکاران بەمەبەستی دانانی پلانی گونجاو، وەرگرتنی بڕیارە دروستەکان، گۆڕینی ڕەفتاریان.

لەڕێنماییکردنی بەکۆمەڵدا، ڕێنماییکار بەرنامە بۆ دانیشتنە بەکۆمەڵەکە دادەنێت و کاتی گونجاو بۆ ئەنجامدانی دەستنیشان دەکات، لە دانیشتنەکەدا ڕێنماییکار دەرفەت بۆ ڕێنماییخوازە بەشداربووەکان دەڕەخسێنێت دیالۆگ بکەن و بیروڕا لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕ بکەن.

ماوەی پێویست بۆ ئەنجامدانی ڕێنمایی بەکۆمەڵ (٣٠ – ٦٠) خولەک یان زیاتر پێویستە.

## هەنگاوەكانی ئەنجامدانی ڕێنماییكردنی بەكۆمەڵ

لەدانیشتنی یەكەمدا قوتابی و خوێندكارەكان خۆیان بەیەكتر دەناسێنن، كێشە هاوبەشەكەیان دیاری دەكرێت، دەستنیشانی هۆكارەكانی دەكرێت، (بێگومان لەڕێی دیالۆگ و بیرورا گۆڕینەوەی نێوان ڕێنماییخوازەكان ئەو هەنگاوانە دەنرێت)، پێش كۆتایی پێهێنان بە دانیشتنی یەكەم ئەنجامەكانی یەكەم دانیشتن دەخرێتە ڕوو، پاشان ئەركێك بەڕێنماییخوازان دەسپێرێت كە لەماڵەوە ئەنجامی بدەن، ئەم ئەركە پەیوەستە بەو كێشەیەی لەپێناویدا ڕێنماییخوازان كۆبوونەتەوە، لەدانیشتنی دووەمدا دەكرێت كەسێكی پەیوەندیدار بەكێشەكەیانەوە بانگهێشت بكرێت و لەلایەن بەشداربووانەوە گفتوگۆی لەگەڵ بكرێت، لەكۆتایی دانیشتنی دووەمدا گفتوگۆ لەسەر ئەنجامەكانی ئەو ئەركە دەكەن كە پێیان سپێردرابوو بۆ ماڵەوە، ڕێنماییخوازان چەند لایەنێكی كێشە هاوبەشەكەیان لەڕێی دیمەنێكی نواندنەوە دەخەنە ڕوو، نواندنی دەروونی بەبەناوبانگترین شێوازی ڕێنماییكردنی بەكۆمەڵ دادەنرێت، دەكرێت ڕۆڵەكان لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ بكەن، لەم ڕێگەیەوە بەشداربووان هەلی خاڵیبوونەوەی هەڵچوونەكانیان بۆ دەرەخسێت و بەرچاوڕوونتر دەبن بەرامبەر كێشە هاوبەشەكەیان، ئەمەش یارمەتی دەركەوتنی ئاراستەكانیان و كێشمەكێشە دەروونیەكانیان و ئەو هەستانەی لە ئەنجامی بوونی بەربەست لەژیانیاندا دروستبووە لەنێوان خۆیان و ئامانجەكانیاندا، دەدات، لە ئەنجامدا سازاندن و كارلێكردنێكی كۆمەڵایەتی دروست دێتە ئاراوە، لەڕێی ئەزموونە كۆمەڵایەتییەكانەوە فێربوون ڕوودەدات، لە دانیشتنێكی دیكەدا گفتوگۆی ئەو فاكتەرانە دەكەن كە دەبنە هۆی ڕزگاربوون لەكێشەكە، ئەو ڕاسپاردانە دادەڕێژرێت كە بەشداربووان لەسەر ڕێكدەكەون بۆئەوەی ڕێنماییكارەكە بەدواداچوونیان بۆ بكات، ڕێنماییكاری پەروەردەیی ئەم دانیشتنانە و ئەو گفتوگۆ و تێبینیانەی لەدانیشتنەكاندا ئەنجامدەدرێت لە تۆماری تایبەت بەڕێنماییكردنی بەكۆمەڵ تۆمار دەكات، بەمەبەستی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.

ڕێنمایی بەكۆمەڵ بۆ زۆرێك لە كێشە دەروونی و خێزانی و ڕەفتارییەكان و كێشەكانی تایبەت بەخوێندن بەكاردەهێنرێت، وەكو (دڵەڕاوكێی سادە، شەرم، گۆشەگیری، جگەرەكێشان، دواكەوتن لەخوێندن، خراپی خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوشی قوتابخانە و .... تد).

**ڕێنماییكار لەچەند هەڵوێستێكی دیاریكراودا لەكاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنەكانی ڕێنماییكردنی بەكۆمەڵدا، بۆی هەیە هەڵوێست بنوێنێت و دەستوەربداتە دانیشتنەكانەوە، وەك:**

١- كاتێك یەكێك لە ڕێنماییخوازەكان ببێتە مایەی گاڵتەجاڕی ئەوانی دیكە و بەهەموویان سەر بكەنە سەری.

٢- كاتێك ئەندامانی گروپەكە لە مەبەستە سەرەكییەكە دوور بكەونەوە و بكەونە باسكردنی بابەتێكی لاوەكیانە كە پەیوەندی بە كێشەكەیانەوە نەبێت.

٣- كاتێك ئەندامانی گروپەكە بكەونە باسكردنی ئەندامێكیان كە ئامادەی دانیشتنەكە نەبووە.

٤- كاتێك یەكێك لە ئەندامانی گروپەكە بەتوندی بەرپەرچی بیروڕاكانی گروپەكە و پرۆسەی ڕێنماییكردن ببێتەوە.

٥- كاتێك نارێكی لە گفتوگۆكان و پرسیارەكانیاندا هەبێت.

**چ کاتێك ڕێنماییکردنی تاکی بەپەسەندتر دادەنرێت لەچاو ڕێنمایی بەکۆمەڵدا؟**

١- ئەگەر حاڵەتی ڕێنماییخوازەکە پێویستی بەکارکردنی خێرا هەبوو، وەکو ئەوەی لەحاڵەتی هیستیریادا ڕوودەدات.

٢- ئەگەر کێشەی ڕێنماییخوازەکە زۆر تایبەت بوو، وەکو لادانی سێکسی، یان بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان.

٣- ئەگەر ڕێنماییخوازەکە کارامەیی کۆمەڵایەتی کەمبوو یان توانای کارلێکردنی کۆمەڵایەتیانەی نەبێت، وەک ئەوەی لەحاڵەتی فۆبیای کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە.

| ڕێنمایی تاکی | ڕێنمایی بەکۆمەڵ |
|---|---|
| ١- گرفتەکان لەڕێنمایی تاکیدا تایبەتن. | ١- گرفتەکان لەڕێنمایی بەکۆمەڵدا گشتین. |
| ٢- لەڕێنمایی تاکیدا نهێنی کێشەکان بەتەواوی دەپارێزرێت. | ٢- لەڕێنمایی بەکۆمەڵدا نهێنی کێشەکان بەتەواوی ناپارێزرێت. |
| ٣- کارلێکردنی بەهێز لەنێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز ڕوودەدات. | ٣- کارلێکردنی نێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخوازان کەمترە. |
| ٤- ڕۆڵی ڕێنماییکار کاراترە و زیاتر پیشەییانەیە. | ٤-ڕۆڵی ڕێنماییکار بە ڕۆڵی مامۆستا نزیکە. |
| ٥- ماوەی پێویستی بۆ ئەنجامدانی دانیشتنە ڕێنماییکاریە تاکیەکان کەمترە. | ٥- دانیشتنە ڕێنماییکاریە بەکۆمەڵەکان پێویستی بە ماوەی زیاترە. |
| ٦- ژمارەی دانیشتنەکان کەمترە (بەپێی جۆری کێشەکە دەگۆڕێت). | ٦- ژمارەی دانیشتنەکان زیاترە (بەپێی جۆری کێشەکان دەگۆڕێت). |
| ٧- کات و ماندووبوونی زیاتری دەوێت. | ٧- کات و ماندووبوونی کەمتری دەوێت. |

## نموونەیەك لە بەرنامەی ڕێنمایی بەكۆمەڵ

### قوتابیانی كەوتوو

پێش دەستكردن بە ئەنجامدانی دانیشتنەكانی ڕێنمایی بەكۆمەڵ دەبێت ڕێنماییكار لەسەر چەند لاپەڕەیەك زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر (هۆكارەكانی كەوتنی قوتابیان، خاڵە لاوازەكانی خوێندنی قوتابیان، چارەسەری و ڕێنماییەكان...). دواتر دەست دەكرێت بە ئەنجامدانی دانیشتنەكان. بەمشێوەی خوارەوە؛

ئامانجەكانی ئەم ڕێنمایی بە كۆمەڵە بریتییە لە:

١. دیاریكردنی هۆكارەكانی كەوتن و شێوازە هەڵەكانی خوێندن.

٢. دووبارە متمانە دروستكردنەوەی قوتابی بە خۆی.

٣. ئاشناكردنی قوتابی بە شێوازە دروستەكانی خوێندن.

٤. چۆنیەتی گەیشتن بە ئامانجەكان.

**دانیشتنی یەكەم**/ناوی دانیشتن: بنیادنانی پەیوەندی و یەكتر ناسین.

كات: ٣٥ خولەك.

شێوازەكانی جێبەجێكردن:

- بەخێرهاتنی ئامادەبووان.
- خۆناساندنی ڕێنماییكار و ناساندنی بەرنامەكە و ئامانجەكانی دانیشتنەكان.
- خۆناساندنی قوتابییەكان.
- دواتر هەر قوتابییەك لە ڕووانگەی خۆیەوە باسی (هۆكارەكانی كەوتن، شێوازەكانی خوێندن، كاتی خوێندن، ژمارەی بابەتە كەوتووەكان، ...هتد) بۆ ئامادەبووان بكات.
- پاشان ڕێنماییكار هۆكارەكان پوخت دەكاتەوە و دووبارە بە شێوەیەكی زانستی تر باسیان دەكاتەوە.
- ئەركی ماڵەوە (هەر قوتابییەك باسی حەزو و ئارەزووەكانی بكات، دواتر ئامانجەكانی لە قوتابخانە و ژیان بنوسێت).

**دانیشتنی دووەم**/ ناوی دانیشتن: ئاشنا كردنی قوتابی بە خودی خۆی.

ئامانج:

١. دەرخستنی حەزو و ئارەزووەكانی ناخی قوتابی.

٢. چۆنیەتی دارشتنی ئامانج لە ژیان و خوێندن.

كات: ٣٥ خولەك.

شێوازەكانی جێبەجێكردن:

- بەخێرهاتنی قوتابیان.
- هەر قوتابییەك باسی ئەو ئامانج و حەزو و ئارەزووانە بكات كە نوسیویەتی.
- دواتر ڕێنماییكار باسی سوودی هەبوونی حەزو و ئارەزوو و دارشتنی ئامانجەكان دەكات، هەروەها باسی چۆنیەتی دارشتنی ئامانج لە ژیانی تاك دەكات.

- دواتر ڕێنماییکار دەرفەت بۆ قوتابییەکان دەڕەخسێنێت، ئەگەر هەر پرسیار و تێبینییەکیان هەبێت باسی بکەن.

- لە کۆتاییدا ئەرکی ماڵەوە دەدرێت بە قوتابیەکان: وەک (پاڵنەر چییە، سوود و گرنگی چییە، چۆن پاڵنەرەکانمان زیاد بکەین)؟

**دانیشتنی سێیەم**/ ناوی دانیشتن: خستنە ڕووی سوودی پاڵنەر.

کات: ٣٥ خولەک.

ئامانجی دانیشتن: قوتابی بە سوود و گرنگی پاڵنەر بۆ کاروباری ژیانی ڕۆژانەی ئاشنا بکرێت.

شێوازەکانی جێبەجێکردن:

- بەخێرهاتنی قوتابییەکان.

- قوتابییەکان بە نۆرە باسی ئەو ئەوشتانە بکەن سەبارەت بە ئەرکی ماڵەوە نوسیویانە.

- دواتر ڕێنماییکار سەرجەم شتە باسکراوەکان پوخت دەکاتەوە، بەشێوەیەکی زانستی ورد باسی پاڵنەرەکانیان بۆ دەکات.

**دانیشتنی چوارەم**/ ناوی دانیشتن: درک کردن بە پێگەی بەخێوکار.

کات: ٣٥ خولەک.

ئامانج: قوتابییەکان فێری ئەوە دەبن کە ئەوان تەنیا بۆ خۆیان سوودیان نییە، بەڵکو بۆ خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگاش سوودیان هەیە.

شێوازەکانی جێبەجێکردن:

- بەخێرهاتنی قوتابیان.

- ڕێنماییکار هەندێ زانیاری سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی خێزان دەخاتەڕوو، هەروەها باسی ئەوەش دەکات خێزان ڕاستەوخۆ سوود لە دەرچوون و خۆشیەکانی قوتابییەکان وەردەگرن.

- دواتر داوا لە (سێ، چوار) قوتابی دەکرێت کە کورتە نواندنێک لەسەر بەخێوکار بکەن. واتە یەکێک ببێتە بە خێوکار، یەکێک ببێتە قوتابی و دوانیش ببنە هاوڕێی قوتابیەکە. ( ئەمە بە ئارەزوومەندی ئەو کەسانە دەیکەن کە حەز دەکەن).

- دواتر هەڵسەنگاندن بۆ نواندنەکە دەکرێت لە لایەن قوتابیەکانی تر و ڕێنماییکار.

**دانیشتنی پێنجەم و کۆتایی**/ ناوی دانیشتن: شێوازەکانی دروست خوێندن.

کات: ٣٥ خولەک.

ئامانج: چۆنیەتی فێربوونی شێوازی خوێندنی دروست.

شێوازەکانی جێبەجێکردن:

- بەخێرهاتنی قوتابیان.

- لەم دانیشتنە دەبێت قوتابی متمانەی بەخۆی دروست ببێ و فێرە شێوازی خوێندنی دروست بکرێت.

- لە کۆتاییدا هەڵسەنگاندنی دانیشتنەکان لە لایەن قوتابیەکانەوە دەکرێت.

## چاوپێکەوتن  لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا



چاوپێکەوتن (المقابلة – Interview)، بە گەوهەری پرۆسەی ڕێنماییکردن دادەنرێت، هەربۆیە ڕەچاوکردنی بنەماکانی چاوپێکەوتنی نێوان (ڕێنماییکار لەگەڵ ڕێنماییخواز)، هەر لەیەکەم ساتەوەختی پێشوازیکردنی ڕێنماییکار لەڕێنماییخواز و چۆنێتی دەستپێکردن و ئاراستەکردنی گفتوگۆکان و شێوازی دانیشتن و شوێنی بەڕێوەچوونی دانیشتنەکە و ماوەی دانیشتنەکە و  کارامەییە پێویستەکانی کاری ڕێنماییکردن کە دەبێت لە کەسی ڕێنماییکاردا هەبێت و چەندین خاڵی تر کەپاشتر دەیانخەینە ڕوو، مەرجن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە.

چاوپێکەوتن  لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا پەیوەندییەکی پیشەییانەیە لەنێوان دوولایەندا (ڕێنماییکار لەگەڵ ڕێنماییخواز یان چەند ڕێنماییخوازێک)، کەتیایدا ڕووبەڕوو بەیەکدەگەن لەژووری تایبەت بەڕێنماییکردن لەناو قوتابخانەدا، بەجۆرێک لەو دانیشتنەدا ڕێنماییخواز باس لە گرفت و خەم و پەشێویەکانی دەکات، لەبەرامبەریشدا ڕێنماییکار هاوکاری دەکات بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەر بۆ کێشەکانی و نەهێشتنی دڵەڕاوکێ و خەمەکانی کەسی ڕێنماییخواز، لەڕێی تەکنیکە باوەکانی ڕێنماییکردنەوە.

**چاوپێکەوتن  لە پرۆسەی ڕێنماییدا بەیەکگەیشتنێکی ساکاری نێوان دوو کەس نییە کەتیایدا ئاخاوتن بکەن لەنێوانیاندا بەشێوەیەکی هەرەمەکیانە، وەک ئەوەی لەنێوان دوو هاوڕێ یان دوو کەسدا لەدانیشتنێکی ئاساییدا بەڕێوەدەچێت، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی مرۆییانە و پیشەییانەیە کە پێشتر وادەی بۆ دادەنرێت، لەژووری تایبەتی ڕێنماییکار، بۆ هێنانەدی ئامانجێک یان چەند ئامانجێکی تایبەت، بەکاتێکی دیاریکراو. بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەش پرۆسەی ڕێنماییکردن پێویستی بە ئاستی زانستی و شارەزایی و کارامەیی و چەند توانستێکی تایبەت هەیە کەپێویستە لە کەسی ڕێنماییکار بوونیان هەبێت.**

چاوپێکەوتن بە (دڵ)ی پرۆسەی ڕێنماییکردنی دەروونی دادەنرێت کە بەهۆیەوە بوار بۆ کەسی ڕێنماییکار دەڕەخسێت بەسروشتی ئەو کێشەیە ئاشنا بێت کە قوتابی/ خوێندکارەکە لەپێناویدا ئامادەبووە، هەروەها لەڕێیەوە ڕێنماییکار بە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی کەسێتی ڕێنماییخواز ئاشنا دەبێت، هەروەها لەڕێیەوە بەهەموو ئەو زانیاریانە ئاشنا دەبێت کە بۆ پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە پێویستن، هەموو ئەمانەش لەپێناو دەستنیشانکردنی خودی گرفتەکە و دانانی ئەو پلانانەیە کە یارمەتی ڕێنماییخواز دەدات لەچارەسەرکردنی گرفتەکەیدا.

**چاوپێکەوتن لە پرۆسەی ڕێنماییکردنی دەروونیدا بەباشترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت دەربارەی ڕێنماییخواز، چونکە لەم ڕێگەیەوە دەکرێت ڕەگەزەکانی پرۆسەی ڕێنماییکردن یەکانگیربن کەئەوانیش بریتین لە (لێکۆڵینەوە لەگرفتەکە (تێگەیشتن لەگرفتەکە)، دەستنیشانکردنی گرفتەکە، چارەسەری گرفتەکە)، واتە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی گرفتەکە لەڕێی باسکردن و تاووتوێکردنی گرفتەکە یارمەتی ڕێنماییکار دەدات بۆئەوەی دەستنیشانی گرفتەکە بکات و بەدوای ئەمیشدا پلان و هەنگاوەکان دیاری بکات بەمەبەستی چارەسەری گرفتەکە.**

تێگەیشتنی ڕێنماییکار لەگرفتی ڕێنماییخواز مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی چاوپێکەوتنەکە چونکە بەبێ تێگەیشتنی ڕێنماییکار بەشێوەیەکی دروست و تەواو لەگرفتەکە ئەوا هەنگاوەکانی چارەسەر ئاکامێکی ئەوتۆ ناپێکێت و کاریگەری دروست ناکات لەسەر ڕێنماییخواز، دەستنیشانکردنی گرفتەکەش بەشێوەییەکی سەرەکی پشت بەبڕی ئەو زانیاریانە دەبەستێت کە لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگرفتەکە، ڕێنماییکار لەئاخاوتنەکانی ڕێنماییخوازەوە دەربارەی حاڵەتەکە یان گرفتەکە بەدەستیان دەهێنێت، هەربۆیە هەتا ئەو زانیاریانە ورد و دروستبن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەخودی گرفتەکەوە هەبێت، ئەوەندە پرۆسەی دەستنیشاکردنی گرفتەکە دروست دەبێت و ڕێنماییکار بەرچاوروون دەبێت دەربارەی هۆکارە ڕاستەقینەکانی گرفتەکە، ئالێرەدا ڕۆڵی ڕێنماییکاری بەسەلیقە دەردەکەوێت، هەتا ڕێنماییکار ڕاهێنراو و خاوەن کارامە و بەتوانا بێت و هەستێکی کلینیکیانەی هەبێت، ئەوەندە توانای دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەبێت لەکەسێتی ڕێنماییخوازدا، هەروەها لەدەستنیشانکردنی فاکتەرە بەهێز و سەرەکییەکان لەدروستبوونی گرفتەکەدا، کە ئایا فاکتەرەکان پەیوەستن بەخودی ڕێنماییخوازەکەوە یاخود پەیوەستە بەژینگە کۆمەڵایەتییەکەوە.

کاتێک ڕێنماییکار بتوانێت بەوردی ئەو هەنگاوانە بنێت و خاوەنی ئەو سەلیقە پیشەییە بێت ئەوا لێزانانە هەنگاو بەرەو خاڵە بەهێزەکانی کەسی ڕێنماییخواز دەنێت، لەسەریان دەوەستێت و دەیانهێنێتەوە پێش چاوی کەسی ڕێنماییخواز، ئەو خاڵە بەهێزانە دەکاتە سەرچاوەیەک کە ڕێنماییخواز هێز و وزەیان لێوەبگرێت تاکو بەرچاوروونتر مامەڵە لەگەڵ خودی خۆی و کێشەکەیدا بکات، واتە نابێت ڕێنماییکار خاڵە لاوازەکانی کەسی ڕێنماییخواز زەق بکاتەوە و لەڕەشبینی و نائومێدیەکانی ڕێنماییخواز زیاد بکات، بەڵکو دەبێت چارەسەر بۆ خاڵە لاوازەکانی دابنێت و بەرچاوروونی بدات بەڕێنماییخواز بەمەبەستی تێپەڕاندنی خاڵە لاوازەکانی.

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە ئەو سێ قۆناغە لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا (تێگەیشتن لەحاڵەتەکە و دەستنیشانکردنی گرفتەکە و چارەسەرکردن) هەریەکەیان دەبێتە پاڵپشت بۆ سەرکەوتنی ڕێنماییکار لەقۆناغەکەی پاشتردا.

## پرۆسەی ڕێنماییکردن

تێگەیشتن لە حاڵەتەکە

دەستنیشانکردنی حاڵەتەکە

چارەسەرکردن

## بنەماکانی چاوپێکەوتن

کاتێک ڕێنماییخواز هەنگاوەکانی یەکەمی هەڵدەگرێت بۆ ژووری ڕێنماییکار، ڕووبەڕووی هەندێ دڵەڕاوکێ و ترس و شڵەژان دەبێتەوە، لەو بارەدا کەسی ڕێنماییخواز وەک ئەو کەسە وایە کە بەرەورووی ئەزموونێکی نوێ دەچێت، بەڵام جیاوازی ئەم دوو حاڵەدا لەوەدایە کە قوتابی/ خوێندکارەکە لەبنەڕەتدا خۆی خاوەنی کێشەیەکە و دڵەڕاوکێ یان ترس یان پەژارەیەک سەرقاڵی کردووە، لە هەمان کاتدا بەدوای چارەسەر و دەرچەیەکیش دەگەڕێت، بەمەبەستی ڕزگاربوونی لە کێشەکەی و هاوکاریکردنی لەڕێی پرۆسەی ڕێنماییکردنەوە، هەر بۆیە لەمبارەدا کەسی ڕێنماییخواز چەندین پرسیاری لەلا دروست دەبێت کە هێندەی تر لە سەرقاڵی و دڵەڕاوکێ و ترسەکەی زیاد دەکات، (دەبێت ڕێنماییکار لیم تێبگات؟ بڵێی گرنگی بەقسەکانم بدات؟ دەترسم گاڵتەی بە گرفتەکەم بێت؟ بڵێی توانای چارەسەرکردنی کێشەکەمی هەبێت؟ ئایا بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیم لێدەکات یان نا؟ ئایا وەک پێویست کاتم پێدەبەخشێت و ڕێگەم دەدات بەدڵی خۆم هەموو قسەکانی ناخم دەرببڕم؟ ئایا ڕێنماییکارەکە ئەو کەسەیە کە من متمانەی پێبکەم و ئەم گرفتە گەورەیەی خۆمی لاباس بکەم؟ بڵێی نهێنیم بپارێزێت و لای بەڕێوەبەر و مامۆستاکانم باسی من و کێشەکەم نەکات؟ و ..... تد). هەموو ئەمانە دەریدەخەن کە ساتەوەختەکانی بڕیاردانی ڕێنماییخواز بۆ سەردانکردنی ڕێنماییکار و ئەو ساتانەی بەکردار هەنگاو هەڵدەگرێت بۆ ڕووکردنە ژووری ڕێنماییکار، لەگەڵ خۆیدا ئەو نائارامی و شڵەژان و ترسە دروستدەکات، جگە لە کاریگەریەکانی گرفتە سەرەکییەکەی ڕێنماییخواز لەسەر دەروون و بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی.

**کەواتە پێویستە ڕێنماییکار لە یەکەم ساتەوەختی هاتنە ژوورەوەی ڕێنماییخواز ڕەچاوی ئەو حاڵەتانە بکات و وەک پێویست لەئاستی چاوەڕوانییەکانی ڕێنماییخوازدا بێت و بەکردار و گوفتار و هەڵوێست و ڕەفتاری ئەرێنیانە وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بداتە کەپێش سەردانکردنەکە لەلای کەسی ڕێنماییخواز دروست بووە، تاکو دڵنیایی ببەخشێتە ڕێنماییخوازەکە.**

### ١-وادەی چاوپێکەوتن:

کاتێک قوتابی/ خوێندکارێک دەیەوێت سەردانی ڕێنماییکاری قوتابیەکەی بکات، لەسەر ڕێنماییکار پێویستە وادەیەک دیاری بکات بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ قوتابی/ خوێندکارەکە، واتە هەردوو لایان ئاگاداری وادەی چاوپێکەوتنەکە بن، لەدانانی وادەدا دەبێت، (ڕێکەوت و ڕۆژ و کاتی چاوپێکەوتن)ەکە پێشوەخت دیاری بکرێت، ڕێنماییکار وادەکە لە تیانووسی ڕۆژانەی کارکردنی خۆی تۆمار بکات، (بێگومان ئەم ڕێوشوێنە ئەو حاڵەتانە ناگرێتەوە کە کتوپڕ ڕوودەدەن لەناو قوتابخانەدا یاخود کێشەی هەنووکەیین لەناو پۆل یان قوتابخانە بەگشتی و پێویستیان بە وەرگرتنی حاڵەتەکە لەلایەن ڕێنماییکار بەشێوەیەکی خێرا هەیە، بۆنموونە کاتێک قوتابی/ خوێندکارێک لەڕێی قوتابخانە دووچاری هەڕەشەکردن بووەتەوە، لەئەنجامدا هەست بەترس و شڵەژانێکی دەروونی زۆر دەکات، پەنا بۆ ڕێنماییکار دەبات، ناکرێت لەمبارەدا ڕێنماییکار وادەی بۆ دابنێت، بەڵکو پێویستە دەستبەجێ کێشەکەی بەهەند وەبگرێت و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامبدات).

پێویستە ڕێنماییکار پابەند بێت بەو وادەیەوە کە دایدەنێت بۆ قوتابی/ خوێندکارەکە، تاکو بیسەلمێنێت کە

خودی ڕێنماییخواز و کێشەکەی جێی بایەخ و گرنگپێدانن لای ئەو، لەحاڵێکدا بەهەر هۆکارێکی تایبەتی ڕێنماییکار نەیتوانی لەو وادەیەدا ئامادە بێت، دەبێت پێشوەخت ڕێنماییخواز لە دواکەوتنی وادەکە ئاگادار بکاتەوە و پۆزش بهێنێتەوە لەو دواخستنە، لەهەمان کاتدا وادەیەکی نوێ دیاری بکاتەوە بەمەرجێک رای ڕێنماییخواز بەهەند وەربگرێت لەدانانی وادە نوێیەکەدا، دانانی وادە بۆ چاوپێکەوتن لەدانیشتنە ڕێنماییە چارەسەرییەکاندا یارمەتی ڕێنماییکار دەدات کە خۆی ئامادە بکات بۆ چاوپێکەوتنەکە و فۆرمی زانیاری قوتابی/ خوێندکارەکە ئامادەبکات و وەک سەرچاوەیەکی زانیاری کەڵکی لێببینێت، لەهەمان کاتدا بەڵگەی بەگرنگی تەماشاکردنی کەسی ڕێنماییخواز و کێشەکەیەتی و بەشێکە لە ئەتەکێتی پیشەییانەی ڕێنماییکار. بێگومان لەناو قوتابخانەدا، پێویستە ڕێنماییکار ڕەچاوی ڕەوشی خوێندنی ڕێنماییخواز بکات و هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستایان و دەستەی کارگێڕی قوتابخانەدا بکات بەمەبەستی ڕەخساندنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی پێویستیان بەچاوپێکەوتنی تایبەتی هەیە بەمەبەستی ڕێنماییکردن.

**٢- شوێنی چاوپێکەوتن (ژینگەی ڕێنماییکردن):**

ئەو ژینگەیە یان ئەو ژوورەی ڕێنماییکار کاری ڕێنماییکردنی تێدا ئەنجامدەدات لەگەڵ قوتابیان / خوێندکاراندا، ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لەسەرکەوتنی پرۆسەی ڕێنماییکردندا، هەروەکو چۆن ژینگەی کلینیکی پزیشک و ژینگەی قوتابخانە و ژینگەی فەرمانگە و ...تد، ڕۆڵ دەبینن لەسەرکەوتنی ئەرکە پیشەییە جیاجیاکاندا، ئەگەر ژینگەی ڕێنماییکار شیاو و لەبار بێت بەدڵنیاییەوە کاریگەری پۆزەتیڤ دروستدەکات لەسەر ڕێنماییخواز کە زیاتر هەست بەدڵنیایی بکات و پاڵنەری بۆ بەردەوامبوونی سەردانەکانی بۆ لای ڕێنماییکار زیاد دەکات، ئەگەر مەرجەکانی تری پرۆسەی ڕێنماییکردن ڕەچاو بکرێت.

هەرچەندە لەمبارەیەوە بۆچوون هەیە دەڵێت (ڕێنماییکاری شارەزا ژینگەکەی و ڕەوشی کارکردنی هەرچۆنێک بێت دەتوانێت کاری خۆی بکات)، ئەگەر ئەم بۆچوونە بۆ وڵاتی ئێمە تارادەیەک دروست بێت بەهۆی ئەوەی ژمارەیەک لەڕێنماییکارانی ناو قوتابخانەکان هەتا ئێستاش ژووری تایبەت بەخۆیان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێنماییکاری دڵسۆز و شارەزا لەو بارە ناهەموارانەشدا ناکرێت و نابێت دەستەوسان بوەستێت، بەڵکو بەپێی بوار و دەرفەت دەکرێت کارەکانی خۆیان راپەڕێنن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێویستە ئەو ژینگەیەی ڕێنمایی پەروەردەیی تێدا دەکرێت لەناو قوتابخانەکاندا، دەبێت چەندین مەرجی پێویستی تێدا بێت تاکو دڵنیایی و هەست بەئاساییش کردن بخولقێنێت لەلای ڕێنماییخواز.

لە توێژینەوەیەکی هەردوو توێژەر (هاس و دیماتیا ١٩٧٦)، دەرکەوتووە کە گەورەیی و بچوکی ژووری ڕێنماییکارکاریگەری هەیە بەنەرێنی کار دەکاتە سەر دەربڕین و وەڵامدانەوە زارەکییەکانی ڕێنماییخواز. هەروەها لە توێژینەوەیەکی تردا (شایکین دیرلیجا و میلەر ١٩٧٦) دەرکەوتووە کە کرانەوەی ڕێنماییخواز بەرووی ڕێنماییکاردا زیاتر دەبێت ئەگەر ژووری ڕێنماییکارەکە کەلوپەلی گونجاو و سادەی تێدا بێت نەک کەلوپەلی زۆر و نەشیاو، (بۆنموونە نابێت ژووری ڕێنماییکار تاقمی قەنەفەی گەورەی تێدا بێت کە لە ژووری میوانی ماڵاندا یان لە ئۆفیسی بەرپرسە باڵاکاندا دادەنرێت).

هەروەها پێویستە لە ژووری ڕێنماییکاردا دۆلابی تێدا بەمەبەستی پاراستنی فۆرمی زانیاری قوتابیان/ خوێندکاران، فۆرمەکانی ڕێنماییکردن (لێکۆڵینەوەی حاڵەت)، تۆمارەکانی ڕێنماییکاران، پێویستە ژووری ڕێنماییکار مێزێکی ئۆفیس و کۆمپیوتەر و تاکێک کورسی درێژ یان چەند تاکێک کورسی تێدابێت لەکاتی سەردانی دایکان و باوکاندا کەڵکی لێببینرێت، هەروەها یەک یان دوو تابلۆی ئارامبەخش و کاتژمێرێک بە دیوارەکانەوە هەڵبواسرێت، چەند ئینجانەیەکی گوڵ لەژوورەکەدا بێت، تابلۆیەکی ئاگاداری تێدابێت، ڕێنماییکار ئەرکەکان و وادەکانی خۆی پیادا هەڵبواسێت بەمەبەستی بیرکەوتنەوە.

**سەبارەت بە شێوازی دانیشتنی ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز لەکاتی بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتندا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:**

١-پێویستە دوو کورسی دابنرێت کە بێزاری دروست نەکات بۆ هەردوو لایان و حەوانەوە ببەخشێت بەهەردوولا لەکاتی دانیشتندا و باشتر وایە کورسییەکان قوڵی تەنیشتنەکانی هەبێت و هاوشێوەی یەک بن و کورسیەکان ڕەورەوەی لەژێردا نەبێت، بەلام لە ڕێنمایی بەکۆمەڵدا باشتر وایە کورسی ڕێنماییکار کورسیەکی جوڵەدار بێت واتە ڕەورەوەی لەژێردا بێت.

٢- نابێت کورسییەکان دوور لەیەک دابنرێن تا نەبێتە هەستکردنی ڕێنماییخواز بەدووری لەڕێنماییکارەوە، نابێت ئەوەندەش نزیک بن لەیەکتر شڵەژان بۆ ڕێنماییخواز دروست بکات، بەڵکو دەبێت ماوەی نێوان هەردوو کورسیەکە لەنێوان یەک مەتر هەتا یەک مەتر و پانزە (سم) زیاتر نەبێت و نابێت ڕووبەڕووی یەکتر دابنرێن بەڵکو دەبێت کەمێک بەلاری بەڕووی یەکتردا دابنرێن (لەشێوەی گۆشەی ٤٥ یان ٩٠)، تاکو ڕێنماییخواز هەست بەشڵەژان نەکات و بتوانێت ئازادانە دەربڕینەکانی خۆی بخاتە ڕوو.

٣- باشتر وایە لەتەنیشت هەر کورسیەکەوە مێزێکی بچوک (تەپلەکی بەرز) دابنرێت کە (ئاو و کلینکس)ی لەسەر بێت، چونکە هەندێجار ڕێنماییخواز لەگەڵ باسکردنی کێشەکەی دەگری و فرمێسک بەچاوەکانیدا دێنە خوارەوە، یان بەهۆی قسەکردنەوە تینووی دەبێت.

٤- باشتر وایە لەنێوان هەردوو کورسی ڕێنماییکار و ڕێنماییخوازدا مێز دانەنرێت تاکو ڕێنماییخواز هەست بەبوونی هیچ بەربەستێک نەکات لەنێوان خۆی و ڕێنماییکاردا.

٥- نابێت ڕێنماییکار لەپشت مێزی ژوورەکەی یان نووسینگەکەی دابنیشێت و ڕێنماییخواز لەبەردەمی مێزەکەی، چونکە ئەم شێوازە لەدانیشتن فۆرمی لێکۆڵینەوە وەردەگرێت و ڕێنماییخواز هەست بەبوونی بەربەست و دووری دەکات لەنێوان خۆی و ڕێنماییکاردا، بەمەش لەهەستکردن بەدڵنیایی و ئاسایشی ڕێنماییخواز کەمدەکات.

٦- نابێت کورسییەکان ڕووبەڕووی پەنجەرە دابنرێن بەجۆرێک تیشکی خۆر ڕاستەوخۆ لەڕێنماییخواز بدات و ببێتە مایەی بێزاری بۆ ڕێنماییخوازەکە، بەڵکو دەبێت پشتیان لەپەنجەرە بێت یان ڕوویان لەدیوارێک بێت یان لەناوەندی ژوورەکە دابنیشن، باشتریش وایە ئەگەر پەنجەرەی ژووری ڕێنماییکار لەسەر ڕاڕەوی هاتووچۆی قوتابیان/ خوێندکاران بوو یان لەسەر گۆڕەپانی قوتابخانەکە بوو، ئەوا بە پەردە داپۆشرێت، بۆئەوەی قوتابی/ خوێندکارەکە هەست بەدڵنیایی بکات کە کەس لەدەرەوەی ژوورەکە نایبینێت.

٧- نابێت کورسی ڕێنماییخواز ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئامێری فێنککەرەوە یان گەرمکەرەوە دابنرێت چونکە ئەگەر هەیە بەهەوای ئەو ئامێرانە دووچاری بێزاری و شڵەژان ببێت.

٨- ڕوناکی ژووری ڕێنماییکار پێویستە ڕووناکییەکی هێمن بێت و ڕاستەوخۆ نەدات لەچاوی ڕێنماییخواز.

**٣- ماوەی دانیشتنەکە:**

ماوەی خایاندنی دانیشتنەکان پشت بەدوو خاڵ دەبەستێت (تەمەنی ڕێنماییخواز، سروشتی کێشەکە)، بۆ منداڵانی خوار تەمەن (١٠) ساڵ ماوەی دانیشتنەکان نابێت لە (٢٠) خولەک زیاتر بێت، لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا دەکرێت ماوەی دانیشتنەکان زیاتر بکرێت، بۆ قوتابیان / خوێندکاران لەناو قوتابخانەکاندا پێویستە ماوەی دانیشتنەکان بەقەدەر ماوەی بەشەوانەیەک بێت، بەجۆرێک نابێت دانیشتنەکان و ماوەی دانیشتنەکان کار لەسەر ئامادەبوونی قوتابییەکە بکات لەناو پۆلی خوێندندا، واتە ئەگەر ماوەی دانیشتنەکە زیاتر بێت لە ماوەی بەشەوانەیەک یان ڕێنماییکار ڕێبدات بەکراوەیی و بەئارەزووی قوتابی/ خوێندکارەکە ماوەی دانیشتنەکە درێژ بکرێتەوە ئەوا بۆی هەیە زووزوو لەلایەن قوتابیان و خوێندکارانەوە بەخراپ کەڵک لەم دەرفەتە وەربگرێت بەمەبەستی خۆدزینەوە لەوانەکان.

**٤- ئامادەکاری پێویست بۆ چاوپێکەوتن:**

سەبارەت بەئامادەکاری بۆ چاوپێکەوتنی ڕێنماییخواز لەلایەن ڕێنماییکار (دیارە مەبەستمان یەکەم سەردانی کردنی ڕێنماییخوازەکەیە)، کاتێک ئەو وادەیە دێت کە پێشتر بۆ ڕێنماییخواز دانراوە، پێویستە بەر لەدەستپێکردنی چاوپێکەوتنەکە، ڕێنماییکار فۆرمی زانیاری قوتابی/ خوێندکارەکە دەربهێنێت و زانیاریە تۆمارکراوەکان بخوێنێتەوە، کە بێگومان ئەو زانیاریانە بەرچاوڕوونی زیاتر دەدات بە ڕێنماییکار سەبارەت بەکەسێتی و ژیانی قوتابی/ خوێندکارەکە.

پێویستە ئەو ژوورەی چاوپێکەوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت بەر لەدەستپێکردنی چاوپێکەوتنەکە ئامادەکرا بێت لەڕووی پاکوخاوێنی و ڕێکخستنی کەلوپەلەکانیەوە، هەروەها نابێت فایلی ڕێنماییخوازانی پێشووتر لەبەردەست و لەسەر مێزی ڕێنماییکار دانرا بێت تاکو ڕێنماییخواز هەست بەدڵنیایی بکات لەوەی ئەو زانیاریانەی دەیدرکێنێت بەباشی دەپارێزرێت.

**٥- ئامانجەکانی چاوپێکەوتنی یەکەم:**

چاوپێکەوتنی یەکەم لەنێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخوازدا گرنگییەکی گەورەی هەیە لەسەرکەوتنی پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە بۆ چاوپێکەوتنەکانی ئایندە، لەبەرئەوەی ڕێنماییخواز ڕەنگە یەکەمجاری بێت سەردان بکات، بۆیە چاوپێکەوتنی یەکەم ئەو وێستگەیەیە کە تیایدا ڕێنماییکار لەلایەک هەموو ئەو گومانانەی ڕێنماییخواز برەوێنێتەوە و لەلایەکی دیکەوە متمانەی ڕێنماییخواز بەدەستبهێنێت، گرنگترین ئەو هەنگاوانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی ڕێنماییکار لەچاوپێکەوتنی یەکەمدا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ڕێنماییکردن بریتین لە:

١-دروستکردنی ڕایەڵەیەک لەنێوان خۆی و ڕێنماییخوازدا لەسەربنەمای ڕێز و هاوسۆزی.

٢- بەگرنگییەوە گوێگرتن لەدەربڕین و ئاخاوتنەکانی ڕێنماییخواز.

٣- بەدەستهێنانی متمانەی ڕێنماییخواز.

٤- پیشاندانی گرنگی پرۆسەی ڕێنماییکردن و دەستخۆشیکردن لەڕێنماییخواز کە ئەم ڕێگە دروست و زانستیەی گرتوتەبەر وەکو هاندان و دەربرینی پیزانین.

٥- تێگەشتنی تەواو لەو کێشەیەی ڕێنماییخواز لەپێناویدا ئامادەبووە.

**٦- پێشوازی ڕێنماییخواز لەلایەن ڕێنماییکار و چۆنێتی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان:**

١- پێویستە ڕێنماییکار لەکاتی پێشوازی لەڕێنماییخوازەکە بەپێوەبێت و بەڕوویەکی خۆش و بە گەرمییەوە پێشوازی لێبکات، باشتر وایە لەناو دەرگای ژوورەکەی بوەستێت بۆ پێشوازی و ئاماژە بۆ شوێنی دانیشتنی ڕێنماییخوازەکە بکات. ئەگەر ڕێنماییخوازەکە منداڵ بوو ئەوا ئاساییە ئەگەر ڕێنماییکار لەناو ژوورەکەدا پێشوازی لەڕێنماییخوازە منداڵەکە بکات.

٢- نابێت برین بکەوێتە ناو دانیشتن و چاوپێکەوتنەکەوە، واتە نابێت ڕێنماییکار بەهەرهۆیەک بێت چاوپێکەوتنەکە ببڕێت و بچێتە دەرەوەی ژوورەکەی، هەروەها نابێت ڕێگە بدرێت کەسی تر لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا دەرگای ژوورەکە بکەنەوە یان خۆیان بکەن بەژوورەکەدا.

٣- پێویستە ڕێنماییکار لەکاتی بەڕێوەبەردنی دانیشتنەکەدا وەلامی پەیوەندی تەلەفۆن یان مۆبایلەکەی نەداتەوە، بەڵکو دەبێت مۆبایلەکەی بێدەنگ بکات یان بەتەواوی دایبخات، خراپترین ڕەفتار لەلایەن ڕێنماییکار ئەوەیە کە بەهۆی وەلامدانەوەی زەنگی مۆبایلەکەی ژوورەکە بەجێبهێڵێت و پاش کەمێک بگەڕێتەوە ژوورەوە و بەڕێنماییخوازەکە بڵێت (ئێ .. گەیشتینە کوێ لەقسەکانمان؟ لەکوێدا قسەکانمان بڕی؟ دەی با دەستپێبکەینەوە).

٤- باشتر وایە لەساتەکانی سەرەتای چاوپێکەوتنەکە و دوای دانیشتنی ڕێنماییخوازەکە پرسیاری لێنەکرێت دەربارەی گرفتەکەی یان هۆکاری سەردانەکەی، بەڵکو دروست وایە چەند خولەکێکی یەکەم بەدەم بەخێرهاتنەوە باس لە بابەتێکی لاوەکی بکرێت لەگەڵیدا، بۆ نموونە (کەشوهەوای ئەمڕۆ گەرمە .. لەگەڵ خوێندن چۆنیت .. تد)، هەتاکو لەو دڵەڕاوکێ و شڵەژانەی ڕێنماییخوازەکە کەمدەبێتەوە و ئامادەی قسەکردن دەبێت.

٥- پێویستە ڕێنماییکار، ڕەچاوی جیاوازییە تاکییەکانی نێوان قوتابیان / خوێندکاران بکات.

## قۆناغەکانی بەڕێوەچوونی چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن لە پرۆسەی ڕێنماییدا بەسێ قۆناغی یەک لەدوای یەکدا تێدەپەڕێت کە بەهەرسێکیان دانیشتنێکی ڕێنمایی یان چارەسەری پێکدەهێنن، ماوەی خایاندنی هەریەک لەو سێ قۆناغە وەکو یەک نابن و بەپێی کەسێتی ڕێنماییخواز و تەمەن و جۆر و سروشتی کێشەکەی لەپێناویدا ئامادەبووە دەگۆڕێت:

**قۆناغی یەکەم:**

ئەم قۆناغە بەپێشوازی ڕێنماییکار لە ڕێنماییخواز دەستپێدەکات، کە تیایدا ڕێنماییکار پێشوازیەکی گەرم لە ڕێنماییخواز دەکات و جگە لە دەربڕینی زارەکی، دەربڕینی نازارەکیش بەکاردەهێنێت، ئەگەر هەیە ڕێنماییخواز لە یەکەم سەردانیدا دڵەڕاوکێی هەبێت یان بترسێت یان شڵەژانێکی هەبێت، ئەرکی ڕێنماییکار لەم قۆناغەی سەرەتای دانیشتنەکەدا هێورکردنەوەی ڕێنماییخواز و ناساندنی چوارچێوەی کار و پیشەکەی و دڵنیایی بەخشینە بەڕێنماییخواز بەوەی هەموو نهێنییەکی پارێزراو دەبێت و هانی بدات بۆ دەربڕینی تەواوی کێشەکەی بێ هیچ دوودڵیەک، ئەم قۆناغە کەمتر لە (٥) خولەکی پێویستە.

**قۆناغی دووەم:**

ئەم قۆناغە درێژترین قۆناغی دانیشتنی ڕێنماییکارییە، کە زۆربەی کاتی دانیشتنەکە دەبات و بەنزیکەیی (٢٠ - ٢٥) خولەکی پێویستە، کاتەکانی ئەم قۆناغە زیاتر دەبەخشرێت بە ڕێنماییخواز بۆ قسەکردن دەربارەی ئەو کێشەیەی لە پێناویدا ئامادەبووە، لەم قۆناغەدا پەیوەندی پیشەییانەی نێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز دەگاتە ئاستی کرانەوە و کارلێککردن، ڕێنماییکار هانی ڕێنماییخواز دەدات هەموو ئەو زانیاریە گرنگانەی پێویستن بۆ وتن دەربارەی کێشەکە دەربڕدرێت، ڕێنماییکار لەم قۆناغەدا دەبێت پەنا بۆ چەندین ئامراز ببات بەمەبەستی تێگەیشتن لە کێشەکە و کارلێککردن و ئاوێتەبوونی پۆزەتیڤانە لەگەڵ ڕێنماییخوازدا، وەکو (ئاڕاستەکردنی پرسیار، تێبینیکردن، سەرنجدان، گوێگرتن، دەربڕینی نازارەکیانە).

**قۆناغی سێیەم:**

قۆناغی سێیەم قۆناغی کۆتایی پێهێنانی چاوپێکەوتنەکەیە، کە دەبێت لەم قۆناغەدا ڕێنماییکار شارەزایانە کۆتایی بە وتووێژەکان بهێنێت و ئەم کۆتایی پێهێنانە نەبێتە مایەی نارەزایی لای ڕێنماییخواز، چونکە لەهەندێ باردا ڕێنماییخواز زیاد لە پێویست درێژە دەدات بە باسکردنی کێشە و کۆژانەکانی، پێویستە ڕێنماییخواز بەشێوازی تایبەتی خۆی ئاڕاستەی بابەتەکە بەرەو کۆتایی پێهێنان ببات، لەم قۆناغەدا ڕێنماییکار هەموو ئەو زانیاریانە کورت و پوخت دەکاتەوە کە بەدەستی هێناون لە دەربڕینەکانی ڕێنماییخوازەوە وەک پیشاندانێک بۆ تێگەیشتن لە کێشەی ڕێنماییخوازەکە، پاشان دەستنیشانی کێشە یان کێشەکانی دەکات، پاشتر باس لە هەنگاوەکانی چۆنێتی چارەسەرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکە دەکات و هەنگاوەکانی ئایندەی هەریەکە لە ڕێنماییخواز و ڕێنماییکار دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە پێویستە ڕێنماییکار بەر لەوادەی کۆتایی پێهێنانی چاوپێکەوتنەکە بە (١٠) خولەک یان کەمتر بەیەکێک لەم دەربڕینانە ئاماژە بەکۆتایی هاتنی کاتی چاوپێکەوتنەکە بدات:

- با ئێستا پێداچوونەوەیەک بکەینەوە بەو قسانەی کردمان.
- با تەواوی قسەکانمان کورت و پوخت بکەینەوە و بەچەند دێڕێک کێشەکەی بخەینەوە بەرچاومان.
- تەنها چەند خولەکێک کاتمان لەپێش ماوە با قسە لەسەر ئەوە بکەین کە چی گرنگ ماوە ئاماژەی پێبدرێت.

پێویستە ڕێنماییکار هەروەکو چۆن لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا گەرموگوڕی پیشان دەدا بەهەمان شێوە کۆتایی پێهێنانەکەش گەرموگوڕانە بێت، نەوەک ڕێنماییخواز ئەو هەستەی لادروستببێت کە ڕێنماییکارەکە ماندووبووە لەگوێگرتن و بێزاربووە لە قسەکانی، **لەهەمان کاتدا وادەی سەردانی داهاتوو دیاری دەکەن و نابێت ڕێنماییخواز کات بەکراوەیی بۆ ڕێنماییخواز بەجێبهێڵێت، بۆ نموونە نابێت پێی بڵێت (کەی بۆت دەکرێت سەردان بکەرەوە، بەئارەزووی خۆت کەی پێت خۆش بوو سەردان بکەرەوە) بەڵکو دەبێت ڕێنماییخواز پابەند بکرێت بە وادەیەکی دیاریکراو بۆ سەردانی داهاتووی، لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت ڕەچاوی ڕەوشی ڕێنماییخواز و سروشتی کێشەکەی بکرێت لە دانانی وادەی داهاتوودا.**

## گرنگی کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێنمایی دەروونیدا

کۆکردنەوەی زانیاری بەیەکێک لە پایەکانی پرۆسەی ڕێنماییکردن دادەنرێت، چونکە لەڕێی ئەو زانیاریانەوە ڕێنماییکار لە کێشەی قوتابی / خوێندکار و باری دەروونی و کەسێتی و ژینگە و ڕەفتارەکانی تێدەگات، لەو ڕابردووەی ڕێنماییخواز تێدەگات کە ڕەنگە جێ پەنجەی لەسەر دروستبوونی کێشەکانی ئێستای هەبێت، هەروەها لەو خەون و خولیا و ئامانجانە تێدەگات کە ڕێنماییخواز بۆ ئاییندەی خۆی لێیان دەڕوانێت.

پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری هەندێجار بە پرۆسەی پشکنین و لێکۆڵینەوە لە حاڵەت ناودەبرێت، واتە بەبێ بوون و دەستکەوتن و کۆکردنەوەی زانیاری، ڕێنماییکار ناتوانێت هیچ هەنگاوێک بنێت بۆ پرۆسەی ڕێنماییکردن، ئەو زانیاریانەی دەستدەکەون دەربارەی ڕێنماییخواز نەک هەر تەنها بۆ ڕێنماییکارەکە گرنگە لە پرۆسەی دەستنیشانکردنی کێشە و حاڵەتی ڕێنماییخوازەکە و بەدوای ئەمیشدا چارەسەر حاڵەتەکە، بەڵکو لەهەمان کاتدا بۆ خودی ڕێنماییخوازەکەش گرنگە، چونکە لەڕێی درکاندن و بەخشینی ئەو زانیاریانەوە ڕێنماییخواز باشتر لەخودی خۆی تێدەگات .. لە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی .. لە پلاندانان بۆ ئاییندەی خۆی، چونکە لە زۆر باردا کاتێک کەسێک بەدەست کێشەیەکەوە دەناڵێنێت تەنها چاوی لەسەر کێشەکەیە و هەموو هەڵسوکەوت و هەست و بیرکردنەوەکانی بەدەوری کێشەکەدا دەخولێنەوە، بەڵام لەڕێی پرۆسەی ڕێنماییکردنەوە ڕێنماییکار ڕێنماییخوازەکە بەو توانستانەی ئاشنا دەکات کە کەڵکیان لێوەردەگرێت بۆ تێپەڕاندنی کێشەکەی و هەنگاونان بەرەو ئاییندەیەکی باشتر.

کاتێک ڕێنماییکار مامەڵە لەگەڵ ڕێنماییخواز دەکات بۆ ئەوەی بەباشی و بەتەواوی لێی تێبگات، پێویستە لەسەرجەم لایەنەکانی ژیانی بڕوانێت، چونکە کاتێک کەسێک بیەوێت لە دارستانێک بکۆڵێتەوە نابێت تەنها تەرکیز لەسەر یەک درەختی ناو ئەو دارستانە بکات و ئەوانی دی فەرامۆش بکات، بەهەمان شێوە لەسەر

ڕێنماییکار پێویستە لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیان و کەسێتی ڕێنماییخواز هەڵوەستە بکات، بەبێ ئەم تێڕوانینە گشتگیرە لەلایەن ڕێنماییکار، ئەو زانیاریانەی بەدەستیان دەهێنێت ناتەواو دەبێت.
ئەگەرچی ئەو بەش و لایەنانەی ژیان و کەسێتی ڕێنماییخواز بەشێوەی جیاجیا یان بەش بەش زانیاریان لەسەر کۆبکرێتەوە بەڵام دواجار ئەرکی ڕێنماییکار بەستنەوە و گرێدانەوەی زانیاریەکانە لەپێناو تێگەیشتنێکی باشتر لە ڕەفتار و کەسێتی ڕێنماییخواز، کە ئەمەش بە (ئەندازیاری مرۆیی) ناودەبرێت.

## مەرجەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:

کۆمەڵێک مەرج هەیە کە پێویستە لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاری لەلایەن ڕێنماییکارەوە ڕەچاوبکرێت، لەوانە:

### ١-نهێنی پارێزی:

دڵنیایی بەخشین بە ڕێنماییخواز لەلایەن ڕێنماییکار، بەوەی ئەو زانیاریانەی دەیدرکێنێت و باسیان لێوەدەکات دەربارەی کێشەکەی و ژیانی تایبەتی خۆی پارێزراو دەبن، بەهیچ جۆرێک ناکەونە بەر دەست و چاوی کەسانی دیکە، نهێنیپارێزی یەکێکە لەگرنگترین ئەو مەرجانەی پێویستە ڕێنماییکار ڕەچاوی بکات لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا، هەنگاوێکی گەورەشە بۆ دروستبوونی متمانە و ڕەخساندنی کەشێکی پڕ ئاساییش بۆ ڕێنماییخواز، بۆ ئەوەی بەوپەڕی متمانە و بوێریەوە زانیاریە پەیوەندارەکان بە کێشەکە و ژیان و کەسێتی خۆی دەرببڕێت کە پێویستن بۆ پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە.
ئەو زانیاریانەی کۆدەکرێنەوە و وەردەگیرێن لەڕێنماییخواز پێویستە بەباشی تۆمار بکرێن، بەشێوەیەکی گونجاو بپارێزرێن، لەزۆربارادا ئەگەر کێشەکە هەستیار بوو بەپێی کولتووری کۆمەڵگە پێویستە (کۆد) بەکاربهێنرێت لەکاتی تۆمارکردنی زانیارییەکاندا.

### ٢- کۆششکردن تا ئەوپەڕی ڕادە:

پێویستە ڕێنماییکار هەموو کۆششێک بکات لەپێناو دەستکەوتنی زانیاری پێویست دەربارەی کێشەکە، بەگرتنەبەری ڕێگە و ئامراز و کەرەسەی گونجاو، پێویستە ئەو زانیاریانە لەسەرچاوەی دروست و ئاگادار و باوەڕپێکراوەوە بن، لەمپێناوەدا پێویستە لەسەر ڕێنماییکار هەموو توانست و کارامەیی و شارەزاییەکی خۆی بخاتە گەڕ.

### ٣- هاندانی ڕێنماییخواز لەسەر هاوکاریکردن:

پێویستە هانی ڕێنماییخواز بدرێت بۆ بەخشینی زانیاری و هاوکاریکردنی ڕێنماییکار لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا و هاندانی ڕێنماییخواز بەگرنگیدان بەم پرۆسەیە، بەتایبەتی لەو حاڵەتانەی کە ڕێنماییخواز بەرهەڵستی دەکات لەبەخشینی زانیاری پێویستدا.

### ٤- کارامەیی لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا:

پێویستە ڕێنماییکار بزانێت (چی؟ بۆچی؟ چۆن؟ کەی؟ لە کێ؟) زانیارییەکان کۆبکرێنەوە و پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی سروشتی و ئاسان بەڕێوەبچێت.

**٥- ڕاستگۆیی و جێگیریی (الصدق و الثبات):**

مەبەست لە ڕاستگۆیی ئەوەیە کە ئەو زانیاریانە بەڕاستی جێکەوتیان لەسەر ڕەفتاری ڕێنماییخوازەکە هەیە، مەبەست لەجێگیریش بریتییە لە نەگۆڕینی زانیارییەکان بەخێرایی لەنێوان دانیشتنێک و دانیشتنەکانی پاشتردا.

**٦- دوورکەوتنەوە لە بڕیاری پێشوەختانە (Halo Effect):**

پێویستە ڕێنماییکار خۆی بەدوور بگرێت لە بڕیاری پێشوەخت لەسەر ڕێنماییخواز بەهۆی خەسڵەتێکی دیاری ڕێنماییخوازەوە.

**٧- زانیارییەکان ئامرازن نەک مەبەست:**

پێویستە هەموو ئەو زانیاریانەی لەسەر گرفتی ڕێنماییخوازەکە کۆدەکرێنەوە ئامرازێک بن بۆ دەستنیشانکردنی کێشەکە و چارەسەرکردنی، نەک بۆ مەبەستێکی تر.

## ئەو هۆکارانەی ئاسانکاری دەکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان

کۆمەڵێک هۆکار هەن کە ئاسانکاری دەکەن لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا، لەوانە:

**١-هاوکاریکردنی ڕێنماییخواز:** هاوکاریکردنی ڕێنماییخواز زۆر گرنگە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا، پرۆسەی ڕێنماییکردن بۆ کەسی ئاسایی یان کەسێک کەهێشتا بەئاگایە لەژیان و ڕەفتار و کێشەکەی خۆی ئەنجام دەدرێت بۆیە لەم حاڵەتانەدا ڕێنماییخواز بەئاسانی دەکرێت زانیاری لێوەربگیرێت.

**٢- هاوکاریکردنی خێزان:** لەبەرئەوەی ڕێنماییخواز ئەندامی خێزانێکە و لە ئامێزی خێزانێکدا گەشەی کردووە و کارلێک لەگەڵ ئەندامەکانیدا دەکات و زۆربەی کاتەکانی لەناو خێزاندا بەسەر دەبات، بۆیە هاوکاریکردنی خێزان بەبەخشینی زانیاری دەربارەی کەسێتی و ڕەفتار و کێشەی ڕێنماییخواز گرنگی گەورەی هەیە، بێگومان لەمبارەدا دەبێت سروشتی کێشەی قوتابی/ خوێندکارەکە لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی زیانی پێنەگات.

**٣- هاوکاریکردنی قوتابخانە:** بەهۆی ئەوەی ڕێنماییخواز بەشێک لەکاتەکانی لەناو قوتابخانەدا بەسەر دەبات و پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی هەیە، مامۆستایان سەرنجی خۆیان هەیە لەسەر هەڵسوکەوت و توانا و ڕەفتارەکانی، ئەمە جگە لەو زانیاریانەی لە تۆمارەکانی قوتابخانەدا تۆمارکراون بەتایبەتی ئەو زانیاریانەی لای خودی ڕێنماییکار قوتابخانە تۆمار کراون، تێکڕا دەکرێن ئەم کەناڵانە ئاسانکاری بکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری (بێگومان بەڕەچاوکردنی سروشتی کێشەی قوتابی/ خوێندکارەکە).

## گرفتەکانی بەردەم کۆکردنەوەی زانیارییەکان

ڕەنگە ڕێنماییکار هەندێجار دووچاری سەختی و ئاستەنگ ببێتەوە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا، لەو گرفتانەی دێنە بەردەمی ڕێنماییکار لەمبارەدا:

**١-خۆپێچانەوە** ( Encystment of Self): لەمبارەدا ڕێنماییخواز نایەوێت کێشەکەی وەک خۆی ئاشکرا بکات، ڕاستی ناڵێت لەو زانیاریانەی دەیانڵێت، ئەو پێی وایە وتنی ڕاستییەکان و ئاشکراکردنی خودی خۆی، وەک ئەوەیە خۆی ڕووت بکاتەوە.

**٢- تێنەگەیشتن لەچوارچێوەی ژیانی ڕێنماییخواز:** بۆ نموونە خێزان لە پێداویستییەکانی هەرزەکاران تێناگات، بەجۆرێک وێنای کێشەکانی کوڕ یان کچە هەرزەکارەکەیان دەکەن وەک ئەوەی لادەر و یاخی بن، لەکاتێکدا هەوڵی هەرزەکاران بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەشێکە لە سروشتی قۆناغی هەرزەکاری، واتە تێنەگەیشتنی خێزان لە تایبەتمەندییەکانی جگەرگۆشەکانیان و هاوکاری نەکردنیان لەگەڵ ڕێنماییکار.

**٣- ئاستەنگی کولتووری:** بۆ نموونە کاتێک کچێکی هەرزەکار دووچاری لادانی سێکسی دەبێت لەبەر ترس و شورەیی کێشەکەی دەشارێتەوە و ناخوازێت قسە لەبارەی کێشە بنەڕەتیەکەوە بکات و هیچ زانیاریەک نادرکێنێت. یان بەشێک لە کێشەکەی باس دەکات.

## سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

**١- خودی ڕێنماییخواز:** خودی ڕێنماییخواز بەگرنگترین سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیاری دادەنرێت، چونکە خۆی خاوەنی سەرەکی کێشەکەی خۆیەتی و خۆی هەست بە کاریگەرییەکانی کێشەکەی دەکات لەسەر ژیانی، گرنگە ڕێنماییکار لە دیدی ڕێنماییخواز تێبگات بۆ کێشەکەی خۆی و هەتا ئەو ساتە وەختەی سەردانی ڕێنماییکاری کردووە، چۆن مامەڵەی لەگەڵ کێشەکەیدا کردووە، کێ و چی بە هۆکار دەزانێت؟ ئایا کێشەکەی بەڕاستی لەو ئاستەدایە کە ڕێنماییخواز خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری تر کە خودی ڕێنماییخواز باشترین کەسە بۆ وەڵامدانەوەیان.

**٢- خێزان:** ژینگەیماڵەوە و ناو خێزان ئەو سەرچاوە گرنگەیە کە دەکرێت ڕێنماییکار پشتی پێببەستێت بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری (بێگومان بەرەچاوکردنی سروشتی کێشەی ڕێنماییخوازەکە)، لەسەر شێوازی ژیانی ڕێنماییخواز و چۆنێتی ڕەفتارکردن و نوستن و خواردن و گۆشەگیری، چۆنێتی بەسەربردنی کات، هەڵچوون، پەرچەکردارەکانی، و زۆر لایەنی دیکەی ژیانی، گرنگە ڕێنماییکار لە ڕێنماییخواز بپرسێت لەناو خێزاندا پەیوەندی لەگەڵ کامیان زۆر باشە تاکو لەڕێی ئەو کەسەوە دەرگای ئەم سەرچاوەیەی زانیاری بەڕووی خۆیدا بکاتەوە، بێگومان کاتێک ڕێنماییخواز منداڵ بێت ئەوا دەستبەجێ دایک و باوک دەبێت ببنە سەرچاوەی یەکەمی دەستکەوتنی زانیاری، بەڵام کاتێک ڕێنماییخواز هەرزەکار یان گەورە بێت ئەوا پێویستە ڕێنماییکار ڕای ڕێنماییخواز بەهەند وەربگرێت بۆ ئەوەی (دایک و باوک، خوشک و برا، خزم و هاوڕێی نزیک) بکرێنە سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیاری، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆرجار ڕوودەدات کە کەسێک بەنهێنی سەردانی ڕێنماییکار دەکات و بەهەرهۆیەک بێت نایەوێت خێزانەکەی ئاگاداری کێشەکەی ببن لە ترسی ئەوەی متمانە لەدەستنەدات لای خێزانەکەی یان ڕووبەڕووی توندوتیژی نەبێتەوە.

گرنگە ڕێنماییکاران لەکاتی بوونی کێشەی ڕەفتاری و دەروونی هەماهەنگی باشیان هەبێت لەگەڵ خێزانی ئەو منداڵانەی کە کێشەیان هەیە، بۆ ئەو قوتابی / خوێندکارانەی هەرزەکارن، دەکرێت جگە لە خێزان کەڵک لە هاوڕێ نزیکەکانی قوتابیش وەربگیرێت **بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕێنماییکار ڕەزامەندی ڕێنماییخواز وەردەگرێت لەسەر پەیوەندیکردن بە هاوڕێ زۆر نزیکەکانی کە ئاگاداری کێشەی قوتابیەکەن،بۆ خێزانیش باشتر وایە پەیوەندی بە دایکەوە بکرێت نەک باوک و برا، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە زۆربار‌دا باوکان و براکان (نێرینە) پەرچەکرداری توندیان دەبێت بۆ کوڕ یان کچەکانیان و ئەگەر هەیە ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە لەسەر دەستی باوکان و براکانیان.**

**٣- پسپۆران:** بۆ نموونە کاتێک ڕێنماییکار، قوتابی/ خوێندکارێک ڕەوانەی لای پزیشکێک یان سەنتەرێکی ڕێنماییکردن دەکات، ئەوا گرنگە داوای زانیاری لەو پسپۆرانە بکات دەربارەی حاڵەتی قوتابیەکە کە باشتر وایە زانیارییەکان بە ڕاپۆرتی نووسراو بێت.

**٤- قوتابخانە:** دەستەی کارگێری قوتابخانە و مامۆستایان و هاوڕێ نزیکەکانی ڕێنماییخواز (بێگومان بەرەچاوکردنی سروشتی کێشەی ڕێنماییخواز).

## زانیاریە پێویستەکان چین کە پێویستە کۆبکرێنەوە؟

**١-زانیاریە گشتییەکان – کەسییەکان - خێزانییەکان:**

هەموو ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە کە لەسەر فۆرمی زانیاری ڕێنماییخواز تۆمارکراون.

**٢- زانیاری تایبەت بە گرفت یان نەخۆشیەکە:**

هەموو ئەو زانیاریانەی کۆدەکرێنەوە و بەدەستدەهێنرێن کە لە بەرژەوەندی چارەسەرکردنی کێشەی ڕێنماییخوازەکەدایە، بەئامانجی گێڕانەوەی ڕێنماییخواز بۆ گونجاندنێکی باشتر لەگەڵ خودی خۆی و ژینگەکەی و گێڕانەوەی دەروونددروستی و ئارامییە بۆ خودی ڕێنماییخوازەکە.

**٣- دەستنیشانکردنی کێشەی ڕێنماییخواز:**

پێویستە لەسەر زاری ڕێنماییخوازەوە دەستیشانی کێشەکە بکرێت واتە لەڕوانگەی ڕێنماییخوازە کێشەکە هەڵبسەنگێندرێت، یان لەسەر زاری (دایک یان باوک یان هاوڕێی ڕێنماییخوازەکە یان ئەو لایەنەی کە ڕەوانەی کردووە)، پاشان ڕێنماییکار دەتوانێت بەپێی تێگەیشتنی تەواوی خۆی لە کێشەکە و زانیارییەکانی خۆی ڕای خۆی بدات سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کێشەکە.

**٤- دەستنیشانکردنی جۆری کێشەکە:**

ئایا کێشەکە (کۆمەڵایەتیە، سۆزداریە، سێکسیە، دەروونیە، خێزانیە، تایبەتە بەناو قوتابخانە، پیشەییە، ئابووریە، ... تد)، چونکە زۆرجار ڕێنماییخواز بەهۆی خراپ مامەڵەکردنیەوە لەگەڵ کێشەکەی و ئەو شڵەژان و فشارە دەروونییانەی بەهۆی کێشەکەیەوە دووچاری هاتووە خودی خۆی ناتوانێت بەرێکی دەستنیشانی کێشەکەی بکات، بۆیە ئەرکی ڕێنماییکارە، وێنەکە بەتەواوی لەبەرچاوی ڕێنماییخوازدا ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێنماییخواز بزانێت کێشەکەی چیە و چۆن هەنگاو بنرێت بۆ چارەسەرکردنی.

**٥- دەستنیشانکردنی قەبارەی کێشەکە:**

ئایا کێشەکە سادەیە و ڕێنماییخوازەکە لەخۆی گەورە کردووە یان کێشەکە گەورەیە و ڕێنماییخوازەکە زۆر بەهەندی وەرنەگرتووە.

**٦- دەستنیشانکردنی جۆری نەخۆشیەکە:**

ئایا جۆری نەخۆشیەکە چییە (دڵەڕاوکییە، خەمۆکییە، هیستیریایە، فۆبیایە، وەسواسیە، شیزۆفرینیایە ... تد)؟ بێگومان کاتێک قوتابی/ خوێندکارەکە نەخۆشی دەروونی هەبێت ئەوا پێویستە ڕێنماییکار ڕێنماییخوازەکە ڕەوانەی لای پزیشکێکی پسپۆڕ بکات بەمەبەستی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە.

**٧- دەستنیشانکردنی هۆکارەکان:**

دەستنیشانکردنی هۆکارەکان یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ دەستنیشانکردنی هەنگاوەکانی چارەسەر، بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکان پێویستە لەسەر زاری ڕێنماییخوازەوە زانیاری وەربگیرێت هەروەها لەسەر زاری (باوک یان دایک) یان هاوڕێ.

**٨- دەستنیشانکردنی نیشانەکان:**

هەندی لەنیشانەکان لەسەر زاری ڕێنماییخوازەوە دەستنیشان دەکرێن، هەندێکی تر لەسەر زاری دایک و

باوک و هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی یان پسپۆڕ و مامۆستاکانیەوە.

**٩- دەستنیشانکردنی مێژووی گرفتەکە یان نەخۆشیەکە:** ئایا ئەم کێشەیە یان ئەم نەخۆشییە لەکەیەوە سەریهەڵداوە، ئایا پێشتر چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم حاڵەتە کردووە، ئایا سەردانی هیچ کەسێکی کردووە یان هیچ چارەسەرێکی بەکارهێناوە لەڕابردوودا؟

## ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

**١- چاوپێکەوتن:**

وەک ئاماژەمان پێدا چاوپێکەوتن بە دڵی پرۆسەی ڕێنماییکاری دادەنرێت، بۆیە ئەو دانیشتنە ڕووبەڕووانەی لەنێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخوازدا ئەنجام دەدرێت، هەروەها ئەو زانیاریانەی ڕێنماییخواز دەربارەی کێشەکەی دەریدەبڕێت، ئەو ئەنجامانەی لە ئاکامی پرسیار و وەڵامەوە دەست ڕێنماییکار دەکەوێت، تێکڕا ئەمانە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە چاوپێکەوتن بە گرنگترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت.

**٢- تێبینیکردن:**

تێبینکردنیش ئامرازێکی دیکەیە بۆ کۆکردنەوە زانیاری، بۆ نموونە لەکاتی بەڕێوەچوونی چاوپێکەوتنە ڕێنماییکارییەکاندا ڕێنماییکار دەتوانێت لەڕێی تێبینیکردنەوە لە جوڵەی جەستەی ڕێنماییخواز و دەربڕینەکانی دەموچاویەوە چەندین زانیاری بەدەستبهێنێت، یان لانیکەم بە تێبینیکردنی هەندێ ڕەفتاری ڕێنماییخواز، ڕێنماییکار دەرگای هەندێ پرسیاری دیکە بەڕووی ڕێنماییخوازدا بکاتەوە و بەمهۆیەوە زۆر زانیاری تری دەستبکەوێت، هەروەها ڕێنماییکاران لەناو قوتابخانەدا دەتوانن تێبینی ڕەفتاری قوتابیان/ خوێندکاران بکەن لەکاتی ڕێست و ئەنجامدانی چالاکی و یاریکردندا.

**٣- لێکۆڵینەوە لە حاڵەت (مێژووی حاڵەت):**

هەموو ئەو زانیاریانەی لەسەر ڕێنماییخواز کۆدەکرێنەوە، بە ڕۆچوون بەناو قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا. لێکۆڵینەوە لەحاڵەت تەنها بۆ کێشەی هەنووکەیی ڕێنماییخوازە، بەڵام مێژووی حاڵەت گەڕانەوەیە بۆ ویستگە جیاجیاکانی ژیانی، مێژووی حاڵەت بەشێکە لە لێکۆڵینەوە لەحاڵەت.

**٤- کۆنگرەی حاڵەت:**

پسپۆری دەروونی و مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی پێکەوە زانیارییەکان تاوتوێ دەکەن و کۆدەبنەوە و هەر کەسێکی نزیک بە حاڵەتەکە دەتوانێت بێتە ناو ئەم کۆنگرەیەوە.

**٥- تێست و پێوەرەکان:**

هەموو ئەو تێست و پێوەرانە دەگرێتەوە کە لەڕێیانەوە ڕێنماییکار دەتوانێت وەسفی حاڵەتەکان بە ژمارە بکەن و دەستنیشانی حاڵەتەکان بکەن لەڕێی وەڵامدانەوەی لیستێک لەو پرسیارانەی بۆ ئەم مەبەستە دەستنیشانکراون، کەلەڕێی ئەم ڕێکارانەوە ڕێنماییکار زانیاری زۆری دەستدەکەوێت بۆ جۆر و ئاستی ئەو کێشەیەی کە ڕێنماییخواز لەپێناویدا ئامادەبووە.

# بەشی دووەم

## ڕێنماییکاری پەروەردەیی و ئەرکەکانی



## ڕێنماییکارانی پەروەردەیی کێن؟

**ڕێنماییکارانی پەروەردەیی:** لە ئێستادا دەرچووانی بەشەکانی (پەروەردە و دەروونناسی، ڕێنمایی دەروونی، دەروونناسی، ئاڕاستەکردنی پەروەردەیی و کۆمەڵناسی)ن لە زانکۆکانی کوردستان یان زانکۆ باوەڕپێکراوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بڕوانامەی بەکالۆریۆس یان باڵایان هەیە، میلاکی وەزارەتی پەروەردەن ئەگەرچی تێبینی زۆر هەیە لەسەر پرۆگرامەکانی خوێندنی هەندێک لەو بەشانە لە زانکۆکانی کوردستان، کە بەو جۆرە قوتابیان و خوێندکارەکانیان ئامادە ناکەن کە پاش دەرچوونیان لە زانکۆ بتوانن ئەو ئەرکانە بەباشی جێبەجێ بکەن کە وەزارەتی پەروەردە وەکو ڕێنماییکار پێیان دەسپێرێت، بەڵام لەبەرپێویستی زۆری قوتابخانەکان لەڕابردوودا ئەم لایەنە لەبەرچاو نەگیراوە، هەتا ئێستا توانراوە لەڕێگای کردنەوەی خولەوە ئەو بۆشاییانەیان بۆ پڕ بکرێتەوە، بۆئەوەی بتوانن خزمەتێکی باش بەپرۆسەی پەروەردە بکەن، بەڵام بۆ ئایندە بەدڵنیاییەوە زانکۆکان و ئەو بەشانە پێویستە ڕەچاوی پێداویستییەکانی وەزارەتی پەروەردە بکەن. پێویستە بەو پرۆگرامانەدا بچنەوە کە لەو بەشانەدا دەخوێندرێت، یاخود تەنها دەرچووانی بەشەکانی ڕێنمایی دەروونی بتوانن ببنە ڕێنماییکاری پەروەردەیی.

## خەسڵەتەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی



هەموو پیشەیەک پێویستی بەچەند تایبەتمەندی و خەسڵەتێک هەیە کە پێویستە لە کەسی پیشەوەردا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتوو بێت، ڕێنماییکاریش بەو پێودانگەی مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکات و ئەو کەسانەی کە ڕوودەکەنە ڕێنماییکار لەناو قوتابخانەکاندا زۆربەیان لەدەست کێشەی جۆراوجۆر یان نەخۆشی دەروونی دەناڵێنن، هەروەها بەو پێودانگەی لە دنیای ئەمڕۆ و لەناو سەرچاوە زانستیە جیهانیەکاندا ڕێنماییکار بە (ئەندازیاری مرۆیی) ناسێنراوە، کەواتە پێویستە ڕێنماییکار خاوەنی چەندین تایبەتمەندی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی خۆی وەک پێویست بەجێبهێنێت، **بە واتایەکی دیکە بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی بەتەنها بەس نییە بۆ ئەوەی دەرچوویەکی بەشە پەیوەندیدارەکان ببنە ڕێنماییکار، بەڵکو سەرباری پسپۆری و بڕوانامەی زانکۆیی، خودی پسپۆڕەکە دەبێت خاوەنی کارامەیی و توانست و تایبەتمەندی پێویست بێت بۆ پیشەی ڕێنماییکاریی.**

## گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕێنماییکار:

### ١- ڕێنماییکار پێویستە ئامادەکراو بێت لەڕووی زانستییەوە:

پێویستە ئەو بەشەی لیی دەخوێنێت لە زانکۆ ئاشنای بکات بەو زانست و بوارە گرنگانەی بۆ پیشەی ڕینماییکردن پێویستن وەک (دەروونناسی گشتی، دەروونناسی گەشە، دەروونناسی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، تیۆرەکانی ڕینماییکردن، چارەسەری ڕەفتاری و زانەکی، ڕینمایی پەروەردەیی و پیشەیی و دەروونی و خێزانی - بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی، تێست و پیوانەی دەروونی، و .... تد)، پاش دەرچوونی ڕینماییکار لە زانکۆ، پێویستە لە کاروانی زانست و خۆپەروەردەکردن خۆی دوانەخات ، تەنها پشت بە بڕوانامەی زانکۆیی نەبەستێت بەڵکو پێویستە گرنگی زۆر بەخوێندنەوەی سەرچاوە زانستییەکان بدات و بەشداری خول و وۆرکشۆپەکان بکات ، ڕاوێژ بە پسپۆرانی خاوەن ئەزموون بکات و ئامادەگی و توانای فێربوونی هەبێت.

### ٢- تایبەتمەندییە کەسییەکان:

- لەڕووی ژیرییەوە سەلامەت بێت.
- لەڕووی دەروونییەوە هاوسەنگ بێت.
- چوست و چالاک و کۆمەڵایەتی بێت.
- گرنگی بە ڕێکپوشی خۆی و پاکوخوێنی خۆی بدات و پیشەنگێکی باش بێت.
- نەرمونیان بێت لە مامەڵەکردندا، زبر و ڕەق نەبێت.
- خۆبەزلزان و خۆپەرست نەبێت.

### ٣- تایبەتمەندیە پیشەییەکان:

- نهێنیپاریز بێت.
- نابێت بەخراپ کەڵک لە هەست و سۆز یان کێشەکانی ڕینماییخوازان (قوتابیان / خوێندکاران و کەسوکاریان) وەربگرێت.
- پشوودرێژ بێت.
- زمان پاراو و گوێگرێکی باش بێت.
- توانای کاریگەری دروستکردنی هەبێت لەسەر کەسانی تر.
- تەوەری کارکردن و هەنگاوەکانی لەدەوری بەرژەوەندی ڕینماییخوازدا بخولێتەوە.
- ڕیز لە ڕینماییخوازان بگرێت و هاوسۆز بێت لەگەڵیاندا.
- ڕەچاوی جیاوازیە تاکییەکانی ڕینماییخوازان بکات.
- پێویستە توانای دروستکردنی هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ پسپۆرانی دیکە و ئەو دامەزراوانەی پەیوەندداری بە بواری ڕینماییکردن و چارەسەری دەروونی و چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیان و خوێندکارانەوە.
- خاوەنی کارامەییە پێویستەکانی پیشەی ڕینماییکردن بێت.

## ئەركەكانی ڕێنماییكاری پەروەردەیی قوتابخانەدا

١- دانانی پلانی كاركردن بەر لە دەستپێكی ساڵی نوێی خوێندن.

٢- ئامادەكردنی تۆمارەكانی ڕێنماییكار، تۆماركردنی زانیاریە پێویستەكان لەسەر ئەو تۆمارانە بەدرێژایی ساڵی خوێندن.

٣- پڕكردنەوەی فۆرمی زانیاری سەبارەت بە قوتابیان / خوێندكارە نوێیەكان، هەروەها گۆڕانكاری لە فۆرمی قوتابیان / خوێندكارانی ساڵی پێشوو، وەك یەكێك لەسەرچاوەكانی كۆكردنەوەی زانیاری، هەروەها پاراستنی ئەو فۆرمانە بەشێوەیەكی زۆر باش.

٤- خۆناساندن و ناساندنی ئەركەكانی بە قوتابیان و خوێندكارە نوێیەكان لەدەستپێكی ساڵی نوێی خوێندندا.

٥- هەماهەنگیكردن و ئەنجامدانی كۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەر و دەستەی كارگێڕی و مامۆستایان لەهەردوو وەرزی خوێندندا، بەشداریكردن لەو لیژنانەی تایبەتن بە قوتابیان / خوێندكاران، **جگە لە لیژنەی (تاقیكردنەوەكان و وردبینی)، سەرەكیترین لیژنەش بۆ ڕێنماییكار، لیژنەی ڕێنماییكردن و لیژنەی ڕاستكردنەوەی ڕەفتارە.**

٦- هەماهەنگی كردن لەگەڵ بۆردی ڕاوێژكاری لە بەشەكانی ڕێنماییكارانی پەروەردەیی سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی پارێزگا، بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆ ئەو كێشە سەختانەی لەسەروو توانا و دەسەڵاتی ڕێنماییكارانەوەیە لەناو قوتابخانەكاندا.

٧- ڕێنماییكردنی ئەو قوتابی/ خوێندكارانەی پێویستیان بە ڕێنمایی تایبەت هەیە (كێشەدارن) لە ژووری ڕێنماییكردن، ئەنجامدانی دانیشتنی ڕێنماییكارانە بەشێوەیەكی پیشەییانە، (ڕێنمایی تاكی)، پڕكردنەوەی فۆرمی تایبەت بە ڕێنماییكردنی تاكی بۆ حاڵەتەكان.

٨- ئەنجامدانی ڕێنمایی بە كۆمەڵ بۆ ئەو قوتابی / خوێندكارانەی كێشەی هاوشێوەیان هەیە، باشتر وایە ژمارەی قوتابیان / خوێندكاران كە لە ڕێنمایی بەكۆمەڵدا بەشداریان پێدەكرێت، لەنێوان (٧ – ١٠) قوتابی/ خوێندكاردا بن.

٩- ڕەوانەكردنی ئەو حاڵەتانەی پێویستیان بە خزمەتگوزارییەكانی پسپۆڕان و دامودەزگا دەروونتدروستی و تەندروستیەكان هەیە، وەك ئەو حاڵەتانەی گەیشتوونەتە ئاستی (نەخۆشی دەروونی، تێكچوونی تەندروستی و ... تد)، بۆ ئەم مەبەستەش گرنگە كە ڕێنماییكار بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ پسپۆڕان و دامودەزگا پەیوەندیدارەكان لەبەرژەوەندی ئەو حاڵەتانەدا دروست بكات.

١٠- ئامادەكردنی ئامار لە كۆتایی ساڵی خوێندندا سەبارەت بە هەموو كار و چالاكییەكانی ڕێنماییكار، ئەو حاڵەتانەی چارەسەركراون یان بەدواداچوونیان بۆ كراوە یان ڕەوانەكراون بۆ دامەزراوەكانی دیكە، بەرزكردنەوەی ئامارەكان بۆ بەشی ڕێنماییكاران لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگا، بە واژووی بەڕێوەبەری قوتابخانە.

١١- بەدواداچوون بۆ ئەو قوتابی / خوێندكارانەی دادەبڕێن لە خوێندن، پێشكەشكردنی ڕێنمایی پێویست

بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدواداچوون و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەیان بۆ خوێندن، تەنانەت سەردانکردنی خێزانیەکانیان لەکاتی پێویستدا.

١٢- بەدواداچوون بۆ حاڵەتی نەهاتنەوە (غیاب)ی قوتابی / خوێندکار، پێشکەشکردنی ڕێنمایی پێویست.

١٣- چاودێریکردنی ئەو قوتابی / خوێندکارانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن (دواکەوتن لە خوێندندا، سستی فێربوون، پەککەوتەیی جەستەیی ... تد)، بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ خێزانەکانیان و دامودەزگا پەیوەندیدارەکاندا.

١٤- چاودێریکردنی ئەو قوتابی / خوێندکارانەی لەئاستێکی زیرەکی بەرزدان یاخود بەهرەدارن، هاوکاریکردنیان بە دانانی پلانی گونجاو بەمەبەستی پەرەپێدانی تواناکانیان.

١٥- دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان خێزان و قوتابخانە، بەشداریکردنی کارا لە کۆبوونەوەکانی دایکان و باوکان، خۆناساندن و ناساندنی ئەرکەکانی بە خێزانی قوتابیان / خوێندکاران، ئاگادارکردنەوەی خێزانەکان لە کێشە باوەکانی کۆمەڵگە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی جگەرگۆشەکانیان، تەنانەت لەکاتی پێویستیشدا سەردانی خێزان بکرێت کە لەبەرژەوەندی قوتابی/ خوێندکاردا بێت، یاخود لەڕێی ژمارەی مۆبایلی بەخێوکار یان نامەوە بانگهێشتی خێزان بکات لەبەرژەوەندی ڕێنماییخواز.

١٦- ڕێکخستن و بەجێهێنانی ئەو هەڵمەتە نیشتیمانی و ڕۆژە جیهانیانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ڕادەگەیەنرێن و لەلایەن بەشەکانی ڕێنماییکارانی پەروەردەییەوە پلانی جێبەجێکردنیان دادەنرێت.

١٧- هاوکاریکردنی قوتابیان / خوێندکاران بۆ خۆئامادەکردنێکی باش و گونجاو بۆ ئەزموونەکان، ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێ و گرژی دەروونی لای قوتابیان / خوێندکاران سەبارەت بە ئەزموونەکان، لەڕێی ئەنجامدانی سیمینار یان وەرگرتنی ئەو وانانەی کە مامۆستایان ئامادە نین، هاوکاریکردنی ئەو قوتابی / خوێندکارانەی تێڕوانینی نەرێنیان لەسەر ئەزموونەکان هەیە.

١٨- چاودێریکردنی جیاوازیە تاکیەکانی نێوان قوتابیان لە پێویستی و توانست و ئارەزوو و ئامادەگیەکان، بۆ ئەوەی کەشی گونجاو فەراهەم بکرێت کە قوتابیان بەپێی ئەو جیاوازیانەی هەیانە گەشە بکەن و فێرببن.

١٩- ئەنجامدانی سیمیناری پێویست بەمەبەستی هۆشیارکردنەوە زیاتری قوتابیان / خوێندکاران لەو بابەتانەی گرنگن بۆ قۆناغەکانی تەمەنیان، هەروەها بەمەبەستی خۆپاراستنیان لەو ڕەفتار و کێشانەی زیان بە ئاستی خوێندن و باری دەروونیان دەگەیەنێت، (خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان، کێشە سۆزداریەکان، لادانە سێکسیەکان، جگەرە و نێرگەلە کێشان، مادەهۆشبەرەکان و ... تد)، لەکاتی پێویستیشدا بانگهێشتکردنی پسپۆران بۆ هەمان مەبەست.

٢٠- پێویستە ڕێنماییکار هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی قوتابیان/ خوێندکاران بدات، بەبێ بەدەستهێنانی متمانەی قوتابیان ناتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی وەک پێویست ڕاپەڕێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ڕەفتاری دروست و نەرم بێت.

٢١- پێوستە ڕێنماییکاری پەروەردەیی خاوەن ڕەوشتی بەرز بێت و بەهیچ جۆرێک بەخراپ کەڵک لە هەست

و سۆز و گرفتەکانی قوتابیان / خوێندکاران و خێزانەکانیان وەرنەگرێت، دەمپاک و دەستپاک و داوێنپاک بێت.
٢٢- چاودێریکردنی نمرە و ئاستی بەدەستهێنانەکانی قوتابیان / خوێندکاران لە وەرزەکانی خوێندندا، بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی خوێندن و نمرەی قوتابیان/ خوێندکاران بکات، هەوڵی چارەسەری ئەم حاڵەتانە بدات.
٢٣- پێویستە ڕێنماییکاری پەروەردەیی تا ئەوپەڕی ڕادە نهێنیپارێز بێت، نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ کەسێکەوە لەناو قوتابخانەدا بۆ باسکردن و گێڕانەوەی کێشە و گرفتی قوتابیان / خوێندکاران، تەنها لە دوو حاڵەتدا دەتوانێت بەڕێوەبەری قوتابخانە لە بوونی کێشەیەک ئاگادار بکاتەوە، ئەوانیش، ئەگەر مەترسی لەسەر ژیانی قوتابیەک هەبێت، یان ئەگەر کێشەی قوتابی/ خوێندکارێک ڕەهەندی ئاساییشی هەبێت، یان سروشتێکی تاوانکاریی هەبێت.
٢٤- پێویستە ڕێنماییکار، هاوکاری سەرپەرشتیارانی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی بکەن لەکاتی سەردانەکانیاندا بۆ قوتابخانە و خوێندنگەکان، تۆمار و فۆرمەکانیان بخەنە بەردەست بەمەبەستی هەڵسەنگاندن بۆ کار و چالاکییەکانیان و پاڵپشتیکردنیان بۆ باشتر ڕاپەڕاندنی کارەکانیان.
٢٥- نووسینی ڕاپۆرت سەبارەت بەو کێشە و ئاستەنگانەی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی خوێندن و فێربوون و باری ڕەفتاری و دەروونی قوتابیان و خوێندنکاران دەکەن لەناو قوتابخانەدا و بەرزکردنەوەی بۆ بەشەکانی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، تاکو لەوێوە بەرزبکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزا یان بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە، بەمەبەستی چارەسەرکردن.
٢٦- چاودێریکردنی ڕەوشی ئەو قوتابی / خوێندکارانەی خێزانەکانیان هەژار و کەمدەرامەتن، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لەگەڵ بەڕێوەبەر و دەستەی کارگێڕی قوتابخانە/ خوێندنگە و لیژنەی تایبەتمەندەکان هەماهەنگی بکرێت بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست، لەکاتی پێویستیشدا ئاساییە ئەگەر سەردانی خێزانی قوتابی/ خوێندکارەکە بکات.
٢٧- بەشداریکردن لەو خول و وۆرکشۆپانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ڕێنماییکاران یان هۆبەی ڕێنماییکارانەوە یان سەرپەرشتیارانەوە سازدەکرێن، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی ڕێنماییکاران، هەروەها بەشداریکردن لە هەر خول و وۆرکشۆپێک کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان سازی دەکەن بەمەرجێک تایبەت بێت بە پسپۆری ڕێنماییکاران، ڕەزامەندی بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆ ئەم مەبەستە وەربگیرێت، پاش تەواوبوونی بەشدارییەکان لە خول و وۆرکشۆپەکاندا بە نووسراوێکی فەرمی قوتابخانە بەشی ڕێنماییکاران لێ ئاگادار بکرێتەوە.
٢٨- بەپێی توانا، ڕێنماییکار، هەر جۆرێکی بڵاوکراوە (بۆ هەڵواسین بێت لەناو ڕاڕەوەکانی قوتابخانە، یان دەستی بێت ڕاستەوخۆ بۆ ڕێنماییخواز) ئامادە بکات، لەچوارچێوەی ڕێنماییکردنی قوتابیان / خوێندکاران لەبوارەکان: (خوێندن و خۆئامادەکردنی باش بۆ تاقیکردنەوەکان، متمانەبەخۆبوون، خۆبەدوورگرتن لە ڕەفتاری نەشیاو، پاکوخاوێن ڕاگرتنی ژینگەی قوتابخانە، ڕێزگرتن لە مامۆستایان و هاوڕێیان، .... تد).
٢٩- جێبەجێکردنی فەرمان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە و دەزگاکانی سەروو خۆی، کردنەوەی

دۆسیەیەکی تایبەت بەهەموو ئەو فەرمان و ڕێنمایی و نوسراوانەی تایبەتن بە کارەکانی خۆی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزا یان لەلایەن بەش و هۆبەی ڕێنماییکارانەوە بەدەستی دەگات، وەڵامدانەوەی ئەو نوسراوانەی کە پێویستیان بە وەڵامە لە کاتی خۆیدا.

٣٠- هەستان بەهەر چالاکییەک یان بەشداریکردن و سەرپەرشتیکردنی هەر چالاکییەک لەبەرژەوەندی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاستی خوێندن و هۆشیاری قوتابیان / خوێندکاراندا بێت.

٣١- لەکاتی بەڕێوەچوونی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵدا، پێویستە ڕێنماییکار ئامادەیی هەبێت هاوکاری خێرا و ڕێنمایی پێویست ببەخشێتە ئەو قوتابی / خوێندکارانەی دووچاری شڵەژانی دەروونی هاتوون بەهۆی ئەزموونەکانەوە.

٣٢- ڕێکخستن و گرنگیدان بە ژووری تایبەت بەڕێنماییکردن و پاکڕاگرتنی و پاراستنی سەرجەم دۆکۆمێنتەکانی تایبەتی بە قوتابیان / خوێندکاران بەباشترین شێوە.

٣٣- پێویستە ڕێنماییکار سیم کارتێکی مۆبایل تایبەت بە کاری قوتابخانە و کێشەکانی قوتابیان / خوێندکاران بۆ خۆی دابین بکات، ژمارەی تایبەتی خۆی نەداتە قوتابیان / خوێندکاران.



# ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان (بەڕێوەبەران و یاریدەدەران) و (ڕێنماییکارانی پەروەردەیی)

لەبەر گرنگی ڕۆڵی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەناو قوتابخانەکاندا، لەپێناو سەرکەوتنی زیاتری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بۆ ئەوەی زەمینەیەکی گونجاو بۆ فێرکردنی قوتابیان/ خوێندکاران لەناو قوتابخانە و خوێندنگەکاندا برەخسێت، پێویستە بەڕێوەبەران و یاریدەدەران هەماهەنگی تەواو لەگەڵ ڕێنماییکاران بکەن لەپێناو راپەراندنی ئەرکەکانی سەرشانیان بەشێوەیەکی پیشەییانە و هاوکاریان بن لەم خاڵانەدا:

١- پێویستە بەڕێوەبەران و یاریدەدەران، پاڵپشتی تەواوی کارەکانی ڕێنماییکاران بن لەناو قوتابخانەکاندا، لە راپەراندنی کارەکانیاندا و لەچوارچێوەی سنووری کار و پیشەکانیاندا هیچ جۆرە ئاستەنگێکیان بۆ دروست نەکەن.

٢- نابێت بەڕێوەبەران و یاریدەدەران، ڕێنماییکاران ناچار بکەن کاری لاوەکی ناو قوتابخانە بکەن، واتە نابێت هیچ ئەرکێکی دیکەیان پێبسپێرن جگە لە کاری خۆیان، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە کار و چالاکییەکی قوتابخانە هەبێت ستافی قوتابخانە تێکڕا تیایدا بەشدار دەبن.

٣- پێویستە لەسەر بەڕێوەبەران و یاریدەدەران، ژووری پێویست بۆ کاری ڕێنماییکاران دابین بکەن، بە پێداویستییەکانی ئۆفیسەوە، وەک (دۆلاب بۆ پاراستنی فۆرم و تۆمارەکان، کورسی و مێز، چەند کورسیەکی تاکی زیادە، ئامێری کۆمپیوتەر، پرینتەر، پێداویستیە پەراوگەییەکان).

٤- پێویستە لەسەر بەڕێوەبەران و یاریدەدەران، هاوکاری ڕێنماییکاران بن، لە نهێنی پاراستنی زانیاری کێشە و گرفتەکانی قوتابیان/ خوێندکاران، **نابێت ناچاریان بکەن دەربارەی کێشە کەسییەکانی قوتابیان/ خوێندکاران زانیاری بدرکێنن، جگە لەو حاڵەتانەی مەترسی لەسەر ژیانی ڕێنماییخواز هەبێت، یاخود کێشەی قوتابی/ خوێندکارەکە ڕەهەندی ئاساییشی هەبێت، یان مەترسی لەسەر قوتابخانە و قوتابیان / خوێندکاران دروست ببێت.**

٥- لەحاڵێکدا بەڕێوەبەر لەبەر کەمی ژوور لەقوتابخانەکەدا نەیتوانی ژووری تایبەت بۆ ڕێنماییکار دابین بکات، ئەوا ناکرێت ئەرکی سەرەکی ڕێنماییکار پەراوێز بخرێت لە (ڕێنماییکردن و هاوکاریکردنی قوتابیان/ خوێندکاران، چارەسەری کێشەکانیان، پەرەپێدان بە تواناکانیان، خۆپاراستنیان لەتووشبوون بە کێشە و گرفتە باوەکانی ناو کۆمەڵگە)، بۆیە دەبێت لەمبارەدا بەڕێوەبەران و یاریدەدارن هاوکاری ڕێنماییکاران بکەن بە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ راپەراندنی ئەرکەکانی سەرشانیان.

٦- پێویستە بەڕێوەبەران و یاریدەدەران هەماهەنگی باش دروست بکەن لەنێوان (مامۆستایان) و (ڕێنماییکاران) دا، لەبەرئەوەی مامۆستایان لەناو پۆلەکانی خوێندندا زیاتر بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵ کێشە و ڕەفتارەکانی قوتابیان/ خوێندکاران، لەکاتی بوونی هەر کێشەیەکدا پێویستە مامۆستایان کێشەکان بەپێی تایبەتمەندیی ڕەوانەی ڕێنماییکاران بکەن.

٧- پێویستە بەڕێوەبەران و یاریدەدەران لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی دایکان و باوکاندا دەرفەت

بۆ ڕێنماییکار برەخسێنن، بۆئەوەی وتە و ڕێنمایی پێویست پێشکەش بە دایکان و باوکان بکەن سەبارەت بە چاودێریکردنێکی دروستی جگەرگۆشەکانیان و هەماهەنگیکردن لەگەڵ قوتابخانە و ڕێنماییکار، لەکاتی بوونی کێشە و گرفتی خێزانی یان کێشەی تایبەت بە قوتابی/ خوێندکارەکانیان هاوکاربن لەجێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی ڕێنماییکاران.

٨- پێویستە بەڕێوەبەران و یاریدەدەران هاوکاربن لە دروستبوونی هەماهەنگی نێوان خێزانی ڕێنمایی‌خواز لەگەڵ ڕێنماییکاردا لەبەرژەوەندی چارەسەری کێشە و گرفتەکانی قوتابیان / خوێندکاراندا.

٩- پێویستە بەڕێوەبەران و یاریدەدەران دەرفەت برەخسێنن بۆ چالاکییەکانی ڕێنماییکار لەئەنجامدانی سیمینار یان بانگهێشکردنی پسپۆران هەر چالاکییەکی دیکە کە لە بەرژەوەندی قوتابیان / خوێندکاران بێت.

١٠- پێویستە بەڕێوەبەران و یاریدەدەران لەکۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی و کۆبوونەوەی مامۆستایاندا بەشداری بە ڕێنماییکار بکەن، ئەمەش لەپێناو باشتر بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ڕێنماییکار و چارەسەرکردنی کێشە و تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان.

١١- پێویستە بەڕێوەبەران و یاریدەدەران بەشداری بە ڕێنماییکار بکەن لە لیژنەکانی ناو قوتابخانەدا جگە لە لیژنەی (ئەزموونەکان و وردبینی)، لە لیژنەی تایبەت بە (ڕێککاری ڕەفتار)یشدا، پێویستە ڕێنماییکار بڕیاردەری لیژنەکە بێت و ڕاکانی بەهەند وەربگیرێت.

١٢- پێویستە لەسەر بەڕێوەبەران و یاریدەدەران هاوکاری ڕێنماییکار بن بە دابینکردن و تەرخانکردنی تێچووی پێویست لەڕووی داراییەوە بۆ ئەو چالاکییانەی پێی هەڵدەستن بەپێی توانای دارایی قوتابخانە/ خوێندنگەکە.

١٣- پێویستە هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەران بۆ ڕێنماییکاران لەسەر بنەمای دڵسۆزی و چالاکییەکانی و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی بێت بەشێوەیەکی پیشەییانە و پەروەردەییانە، نەک لەسەر بنەمای مەزاج و دووری و نزیکی لەپەیوەندی نێوان (ڕێنماییکار) و (بەڕێوەبەر و یاریدەدەران).

## ئەو کارانەی نابێت ڕێنماییکاران لەناو قوتابخانەدا ئەنجامی بدەن

ڕێنماییکاران پێویستە چوارچێوەی کاری خۆیان بزانن و خۆیان بەدووربگرن لە هەر کار و چالاکییەک کە زیان بەچوارچێوە پیشەییەکەی ئەوان دەگەیەنێت، ئەگەر لەلایەن بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و دەستەی کارگێری قوتابخانەشەوە داوایان لێبکرێت بۆ ئەنجامی کارێک یان بەشداریکردن لەلیژنەیەک کە کاری ئەوان نەبێت بەپێی ئەو ئەرکانەی لەم ڕێبەرەدا دیاریکراون، ئەوا پێویستە بەدیالۆگ و گەڕانەوە بۆ ئەم ڕێبەرە ڕوونکردنەوە ببەخشن بە بەڕێوەبەران و دەستەی کارگێری، لەم سۆنگەیەوە پێویستە ڕێنماییکاران خۆیان بەدووربگرن لەئەنجامدانی هەندێ کار و چالاکی کە بەخراپ دەشکێنەوە بەسەر متمانەی قوتابیان / خوێندکاران بەوان، یاخود ڕێنماییکاران دوور دەخاتەوە لە چوارچێوە پیشەییەکەی خۆیان:

١- نابێت ڕێنماییکار ئەرکی چاودێریکردنی هۆڵی ئەزموونەکان بگرێتەوە ئەستۆ.

٢- نابێت ڕێنماییکار ئەرکی تۆمارکردنی نەهاتنەوە قوتابیان/ خوێندکاران لەناو پۆلەکاندا بگرێتە ئەستۆ، بەڵکو لەڕێی دەستەی کارگێرییەوە ناوی ئەو قوتابی و خوێندکارانە وەردەگرێت کە نەهاتوون بۆ قوتابخانە.

٣- نابێت ڕێنماییکار ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە لەناو پۆلدا کە بەهۆی دواکەوتنی مامۆستایانەوە بۆ چەند خولەکێک دروستدەبێت، بەڵام ئەگەر وانەیەک بەتەواوی مامۆستاکە ئامادە نەبێت ئەوا ئاساییە ڕێنماییکارەکە کەڵکی لێببینێت و بابەتێکی بەکەڵک لەچوارچێوەی (ئاراستەکردنی پەروەردەیی)دا بڵێتەوە.

٤- نابێت ڕێنماییکار ئەرکی چاپکردنی نووسراو و هێنان و بردنی پۆستە فەرمییەکانی قوتابخانە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە لەئەستۆ بگرێت.

٥- لەکاتی نەبوونی میلاکی هەر پسپۆڕیەکدا لەناو قوتابخانەدا، نابێت ڕێنماییکار وەک وانەبێژ هیچ وانەیەکی پسپۆڕیەکانی دیکە بڵێتەوە.

٦- نابێت ڕێنماییکار توندوتیژی بەکاربهێنێت بەرامبەر قوتابیان / خوێندکاران، هەروەها نابێت پشتگیری بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن مامۆستایان یان دەستەی کارگێڕییەوە بەرامبەر قوتابیان / خوێندکاران بکات.

٧- نابێت ڕێنماییکار هیچ ڕێکارێک بگرێتە بەر کە زیان بە قوتابیان / خوێندکاران بگەیەنێت.

٨- نابێت ڕێنماییکار خۆی سەرقاڵی کارە لاوەکیەکانی ناو قوتابخانە بکات بەجۆرێک کاریگەری لەسەر ئەرکە سەرەکییەکانی دروست بکات، جگە لەو کار و چالاکیانەی بەهەرەوەزی ئەنجام دەدرێت لەلایەن ستافی قوتابخانەوە.

هەموو پیشە و پسپۆری و بوارێکی کارکردن چوارچێوەیەکی ڕەوشتیانەی خۆی هەیە کە چەند پێوەرێک دەستنیشانی ئەو چوارچێوەیە دەکات، بۆنموونە پیشەی پزیشکی، مامۆستایی، مامۆستای ئایینی، ڕۆژنامەنووسی و پۆلیسی و ... تد، هەر کام لەو پیشە و بوارانە ئیتیکی تایبەت بەخۆیان هەیە کە دەرچوون لێیان نەک هەر زیان بە ناوبانگی ئەو پیشەیە و خودی پسپۆر یان پیشەوەرەکە دەگەیەنێت، بەڵکو زیان بەو کەسانەش دەگەیەنێت کە بەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو خاوەن پیشانەدا هەیە.

بواری ڕێنماییکردنیش بەیەکێک لە بوارە مرۆیی و پەروەردەییە گرنگەکان دادەنرێت کە هاوشێوەی بوارەکانی دیکە ئیتیکی تایبەت بەخۆی هەیە، چەندین پێوەری پیشەیی هەیە کە نابێت ببەزێنرێت لەلایەن ڕێنماییکارانەوە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- دەبێت ئەو کەسەی بە کاری ڕێنماییکردن هەڵدەستێت کەسێکی ئامادەکراو بێت لەڕووی پسپۆری و شارەزایی و کارامەییەوە.

٢- پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندی ڕێنماییخواز (قوتابیان / خوێندکاران)، واتە نابێت هیچ کارێک لەلایەن ڕێنماییکار بکرێت کە زیان بە ڕێنماییخواز بگات، پێویستە پەیوەندی نێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز (قوتابی / خوێندکار) پەیوەندیەکی پیشەییانە بێت، نابێت پەیوەندیەکە بە ئاراستەی دیکەدا ببرێت.

٣- پێویستە ڕێنماییکاری پەروەردەیی نهێنیپارێز بێت بۆ هەموو ئەو زانیاریانەی دەربارەی ڕێنماییخوازان (قوتابیان/ خوێندکاران) دەکەویتە دەستی، لەسەر ناو و کەسێتی و کێشە و نەخۆشی و هەر زانیارییەکی دیکە، هەروەها بەباشی فۆرمەکانی زانیاری و فۆرمەکانی ڕێنماییکردن بپارێزێت لەناو قوتابخانەدا، بەجۆرێک بچوکترین دەرفەت دروست نەبێت کە ئەو زانیاریانە بکەونە بەردەست و چاوی کەسانی دیکە، تەنها لە حاڵەتێکدا دەتوانێت بێ ڕەزامەندی ڕێنماییخواز ئاگاداری کەسوکار یان کەسانی پەیوەندیدار یان بەڕێوەبەری قوتابخانە و دەستەی کارگێڕی بکاتەوە، ئەگەر ڕێنماییکار هەستی کرد مەترسی ڕاستەقینە لەسەر ژیانی ڕێنماییخواز هەیە، یان ئەگەر کێشەی ڕێنماییخواز پەیوەندی بە ئاسایشی وڵاتەوە هەبێت، یان ئەگەر حاڵەتەکە مەترسی بۆ سەر قوتابخانەکە و قوتابیان / خوێندکاران دروست بکات، یان ئەگەر ڕێنماییخواز منداڵ بێت ئەوا ئاساییە بانگی دایک و باوکی بکرێت و لەبەرژەوەندی منداڵەکە زانیاری ئاڵوگۆڕ بکرێت.

٤- وەرگرتنی ڕەزامەندی لە ڕێنماییخواز لەکاتی پێویستبوون بە وەرگرتنی زانیاری لە کەسانی دیکەی پەیوەندیدار بە کێشەکەوە، یان بەمەبەستی ناردنی زانیاری بۆ پسپۆرێکی دیکە لەکاتی ڕەوانەکردنی ڕێنماییخوازدا (ڕەوانەکردنی حاڵەت)، دەبێت ڕەزامەندییەکانیش بە نووسراو بێت و ڕێنماییخواز واژووی بکات، نەک زارەکیانە.

٥- بەخراپ کەڵک وەرنەگرتن لە ڕەوشی دەروونی و کۆمەڵایەتی و خێزانیی ڕێنماییخواز.

٦- ئاگادارکردنی ڕێنماییخواز پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ڕێنمایی لە شێوازی کارکردن و هەنگاوەکانی پرۆسەی ڕێنماییکردن و مەرجەکانی پابەندبوونی ڕێنماییخواز بەو هەنگاوانە ئەگەر ڕێنماییخوازەکە گەورە

بوو، وە ئاگادارکردنی بەخێوکار ئەگەر ڕێنماییخواز منداڵ بوو.

٧- ڕێنماییکار پێویستە ڕاوێژ بە پسپۆرانی تر بکات کە توانادارن لەڕووی پیشەییەوە هەر کاتێک پێویستی بەڕاوێژکردن و بیرورا ئاڵوگۆڕکردن بێت، بەڵام نابێت ڕاوێژ بە پسپۆڕێک بکات کە پەیوەندی یان بەرژەوەندیەکی هەبێت لەگەڵ ڕێنماییخوازدا.

٨- پێویستە لەسەر ڕێنماییکار کۆتایی بە پەیوەندی ڕێنماییکارانە بهێنێت لەگەڵ ڕێنماییخوازدا، هەر کاتێک زانی توانای چارەسەرکردنی کێشەی ڕێنماییخوازەکەی نییە بەهۆی کەمی شارەزایی لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە یان هەر هۆیەکی دیکە، پێویستە لەمبارەدا ڕێنماییخواز ڕەوانە بکات بۆ لای پسپۆڕێکی دیکە کە بۆ ئەو حاڵەتە گونجاو بێت، یان ئەگەر کێشەکە ئاڵۆز بێت ڕاوێژ بە بۆردی ڕاوێژکاری لە بەشی ڕێنماییکاران بکات.

٩- نابێت ڕێنماییکار دەمارگیرانە مامەڵە لەگەڵ ڕێنماییخواز و کێشەکەیدا بکات، واتە نابێت ڕێنماییکار بیروباوەڕە تایبەتیەکانی خۆی تێکەڵ بە پیشەی ڕێنماییکردن بکات (ئایینی، سیاسی، نەتەوەیی)، نابێت حوکمی پێشوەختە لەسەر کەسێتی ڕێنماییخواز (قوتابی) یان سروشتی کێشەکەی بدات، دەبێت ڕێز لە ڕێنماییخواز بگرێت کێشەکەی هەرچییەک بێت و هەڵگری هەر ئایین و بیروباوەڕێک بێت، سەر بەهەر نەتەوەیەک بێت، لەهەر نەژادێک بێت، لەهەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بێت.

١٠- دەبێت ڕێنماییکار پشوودرێژ و و هاوسەنگ بێت لەڕووی دەروونییەوە و خودی خۆی پیشەنگێکی باش بێت، نەرم بێت لە مامەڵەکردندا، وتە و کرداری یەک بێت، خاوەن ڕەوشتی بەرز بێت.

١١- نابێت ڕێنماییکار هیچ ئامێر و کەرەستە و تێستێک بەکاربهێنێت ئەگەر شارەزایی تەواوی نەبێت لەبەکارهێنانیدا، واتە نابێت خۆی لەسەر هەژماری ڕێنماییخواز تاقیبکاتەوە.

١٢- نابێت ڕێنماییکار هیچ ئامێرێکی تۆمارکردن (دەنگ و ڕەنگ) بەکاربهێنێت بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ڕێنماییخواز و ئەو ڕەزامەندیەش پێویستە بە نووسراو بێت و ڕێنماییخواز واژووی لەسەر بکات، بۆ کۆمەڵگەی ئێمە دروست وایە پەنا نەبرێت بۆ هیچ ئامێرێکی تۆمارکردنی دەنگ و ڕەنگ لەناو قوتابخانە و خوێندنگەکاندا.

١٣- پێویستە ڕێنماییکار نەکەوێتە ململانێی نادروست لەگەڵ هاوپیشەکانی خۆی و کار لەسەر ناوزڕاندن و شکاندنی شکۆی ئەوانی دیکە نەکات، کارێک نەکات زیان بەناوبانگی پیشەکە بگەیەنێت و پەیوەندی باش و ئاسایی لەگەڵ هاوپیشە و پسپۆرانی دیکەدا هەبێت.

١٤- پێویستە ڕێنماییکار کار لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی خۆی بکات و دانەبڕێت لە کاروانی پێشکەوتنی زانست و هەوڵی بەردەوامی هەبێت بۆ فێربوون و بەدەستهێنانی زانیاری نوێ، لەڕێی خوێندنەوە و بەشداری کردن لە خول یان هەر کەناڵێکی دیکە و ڕاوێژکردن بە پسپۆرانی دیکە.

١٥- پێویستە ڕێنماییکار سنووری دەسەڵات و تواناکانی بۆ ڕێنماییخوازان (قوتابیان/ خوێندکاران) ڕوون بکاتەوە، بێ زیدەڕۆیی کردن و خەڵەتاندن.

١٦- کاتێک ڕێنماییکاری پەروەردەیی بەپێویستی زانی قوتابیەک / خوێندکارێک ڕەوانەی پسپۆرێکی دیکە

یان پزیشکێک یان دامەزراوەیەک بکات، واتە ڕەوانەکردنی حاڵەتەکە بۆ دەرەوەی قوتابخانە، ئەوا پێویستە ڕەزامەندی ڕێنماییخواز وەربگیرێت، ئەگەر ڕێنماییخوازەکە منداڵ بێت پێویستە خێزانەکەی ئاگادار بکرێتەوە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی ئەم پێویستیە بەڕەوانەکردنە، ئەگەر ڕێنماییخوازەکە هەرزەکار بێت پێویستە بۆ خودی ڕێنماییخوازەکە هۆکارەکانی ئەم ڕەوانەکردنە ڕوونبکرێتەوە، لەم بارەدا بەپێی سروشتی کێشەکە مامەڵە لەگەڵ خێزانی ڕێنماییخوازەکە بکرێت.

١٧- ئەگەر ڕێنماییکاری پەروەردەیی بەپێویستی زانی هەر پێوەر و ئەزموونێک لەسەر ڕێنماییخواز بەجێبهێنێت پێویستە ئاگاداری ڕێنماییخواز بکاتەوە بەپێویستی ئەو هەنگاوە و جۆری ئەزموونەکە و ئەنجامەکەی.

١٨- پێویستە ڕێنماییکار هەوڵی دروستکردنی هەماهەنگی پێویست بدات لەگەڵ بەڕێوەبەر و دەستەی کارگێڕی و مامۆستایاندا، لەپێناو سەرخستنی کارەکانی خۆیدا، پێویستە لە ڕەفتار و هەڵوێستەکانیدا نەرم بێت و باوەڕی بە دیالۆگ هەبێت بۆ چارەسەری کێشەکان.

١٩- ڕێنماییکاران نابێت توندوتیژی (جەستەیی، دەروونی، زارەکی) بەکاربهێنن بەرامبەر قوتابیان / خوێندکاران، هەروەها نابێت پشتگیری هیچ هەنگاوێکی لەمجۆرە بکەن لەناو قوتابخانەدا.

٢٠- پێویستە ڕێنماییکار دڵسۆز بێت بۆ پیشەکەی، ڕاستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ ڕێنماییخوازاندا بکات، دەستپاک، داوێن پاک، زمان پاک، ڕێکپۆش، پاکوخاوێن، بێت.

## کارامەییەکانی ڕێنماییکار

ئەگەر زانکۆ و دامەزراوە ئاکادیمییەکان قوتابیان / خوێندکاران لەقۆناغەکانی زانکۆییاندا بە چوارچێوە ئاکادیمییەکەی پسپۆرییەکانیان ئاشنا بکەن، ئەوا دەبێت دەرچووانی زانکۆ پاش تەواوکردنی خوێندن هەوڵی پەیداکردنی زانیاری تەواو بدەن کە لە زانکۆ بەدەستیان نەهێناوە، لەمڕییەوە شارەزایی لەبواری پیشەیی خۆیاندا پەیدا دەکەن، پاشان لەڕێی مەشقکردن و بەشداربوون لە خولەکاندا شارەزایی پێویست بەدەستدەهێنن.

ڕێنماییکردن یەکێکە لەو پیشانەی کە جگە لەچوارچێوە زانستییەکە و بنەما تیۆرییەکەی، پێویستی بە زۆرێک لە کارامەییە کە ڕێنماییکارانی پەروەردەیی خاوەنی بن، بەشێک لەو کارامەییانە دەکرێت لەمیانی کاروانی پیشەیی و کارکردنی خۆیاندا بەدەستی بهێنن، بەڵام بەشێکیان پەیوەندی بە توانا و لێهاتوویی و کەسایەتی مرۆڤەکانەوە هەیە، هەر کەسێک بوونی ئەو کارامەییانە لەبواری کارکردنیدا ڕەنگ نەداتەوە، ناتوانرێت بە ڕێنماییکارێکی سەرکەوتوو هەژمار بکرێت.

گرنگترین کارامەییەکانی ڕێنماییکار، ئەمانەن:

١- کارامەیی گوێگرتن.
٢- کارامەیی زارەکی (قسەکردن).
٣- کارامەیی نازارەکی.
٤- کارامەیی پرسیارکردن.
٥- کارامەیی تۆمارکردن.
٦- کارامەیی ڕووبەڕووبوونەوە.
٧- کارامەیی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان.

## کارامەیی گوێگرتن



چەندە گرنگە ڕێنماییکار خاوەن کارامەییەکی باش بێت لە دەربڕین و ئاخاوتندا، هێندە گرنگە کە گوێگرێکی باش بێت، گوێگرتن لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا جیاوازە لەگوێگرتن لە کاتە ئاساییەکانی دیکە، واتە گوێگرتن لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا تەنها پرۆسەی بیستنی دەنگ نییە، بەڵکو وەرگێڕانی ئەو دەنگە بیستراوانایە بۆ مانا و چەمک و ئاماژە و هێمای پێویست، واتە ڕێنماییکار لەڕێی بیستنی دەنگی ڕێنماییخوازەوە کۆمەڵێک زانیاری وەردەگرێت، بەهێمنی و گرنگیەوە گوێ لەڕێنماییخواز دەگرێت، تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا کۆمێنتێکی کورت لەسەر قسەکانی ڕێنماییخواز دەدات، بەجۆرێک ببێتە هۆی هاندانی ڕێنماییخواز بۆ زیاتر دەربڕین و ئاخاوتن، بۆنموونە ئەگەر دەستەواژەیەکی ڕێنماییخواز ڕوون نەبوو یان تەمومژاوی یان زۆر گشتی بوو دەکرێت لەم کاتانەدا ڕێنماییکار لە ڕێنماییخواز بپرسێت:

- بۆنموونە وەکو چی؟
- دەتوانی ئەم خاڵەم زیاتر بۆ ڕوون بکەیتەوە؟
- مەبەستت ئەوەیە کە ..... ؟.

ڕێنماییکاری سەرکەوتوو گوێگرێکی بەتوانا و سەرکەوتووە، چونکە یەکێک لە کۆڵەکەکانی پرۆسەی ڕێنماییکردن گوێگرتنی ڕێنماییکارە، ڕێنماییکار هەرچەندە توانستەکانی تری زۆر لەپێش و بەهێز بن، بەڵام ئەگەر گوێگرێکی باش نەبێت بێگومان ڕێنماییخواز دووچاری نائومێدی دەکات، وادەکات ڕێنماییخواز هەموو ئەو زانیاریانەی پێویستن بگوترێن دەریاننەبڕێت، واتە کاتێک ڕێنماییکار گوێگرێکی باش نەبێت ئەوا ڕێنماییخواز وەک پێویست ناکرێتەوە بەرووی پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە و کەسی ڕێنماییکاردا، بەجۆرێک ڕەنگە باس لەگرفتێکی دیکە بکات کە جیاواز بێت لەو گرفتەی لەپێناویدا ئامادەبووە.

گوێگرتن لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا جیاوازە لە گوێگرتنێکی سادە وەک لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا بەڕێوەدەچێت، چونکە ڕێنماییکار پێویستە قوڵ بێتەوە لەگوێگرتندا، بەجوانی و بەئاگایی و بەهەستەوە سەرنج بخاتە سەر دەربڕین و دەستەواژەکانی ڕێنماییخواز، لەکاتی گوێگرتندا پابەند بێت بە هێمنییەوە، لەڕێی گوێگرتنەوە بەو شێوەیە بتوانێت ئەو نامەیە بەڕێنماییخواز بگەیەنێت کە ئەو (ڕێنماییکار) گرنگی بە ڕێنماییخواز و قسەکانی دەدات، هەروەها دەبێت ڕێنماییکار خۆی بپارێزێت لە بڕیاردانی پێشوەخت لەسەر کێشە یان کەسێتی ڕێنماییخواز.

**گوێگرتن بەو شێوەیەی ئاماژەمان پێدا کارامەییەکە کە هەموو کەسێک خاوەنی ئەو کارامەییە نییە، بەڵکو پێویستی بە ڕاهێنان و شارەزایی و مومارەسە کردن هەیە هەتاکو مرۆڤ بەدەستی دەهێنێت، گوێگرتن خۆی لەخۆیدا هونەرە، تەنها بیستنی کۆمەڵە دەنگێک نییە لەڕێی (گوێ)کانمانەوە، بەڵکو بیستن و گوێگرتن لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا بیستنی کۆمەڵە دەنگێکە کە پێویستی بە واتادارکردن و شیکردنەوەی ئەو ئاماژانەیە هەیە کە پەیامە دەنگیەکە دەیگەیەنێت.**

گوێڕادێرانی کارا پێویستی بە ئاگاییەکی تەواو و تێگەیشتنێکی قوڵ لە پەیامە دەنگیەکە هەیە، واتە دەبێت ڕێنماییکار لەهەموو ئەو شتانە خۆی بەدوور بگرێت کە کار لەسەر سەرنج و ئاگایی ئەو کەمدەکەنەوە لە پرۆسەی بیستندا، بۆ نموونە لەکاتی گوێگرتندا نابێت ڕێنماییکار خەیاڵی بۆ بابەت و مەسەلەی دەرەوەی چاوپێکەوتنەکە بڕوات، نابێت لەو کاتانەدا بیر لەشتێکی تر بکاتەوە، نابێت خەریکی کاری لاوەکی بێت وەک خۆ سەرقاڵکردن بە مۆبایلەوە و یان خوێندنەوەی کاغەز یان نووسراوێک بەدەستییەوە، هەروەها بەهیچ جۆرێک نابێت ڕێنماییکار بە هەستان یان وەڵامدانەوەی مۆبایل یان وەڵامدانەوەی کەسێک کە لەدەرگای ژوورەکەیەوە بانگی بکەن، قسەکردن بە ڕێنماییخواز ببڕێت.

هەتا گوێگرتنی ڕێنماییکار بۆ قسەکانی ڕێنماییخواز کارا و بەسەرنج و ئاگایی و گرنگیدانەوە بێت، هێندە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دروستدەکات لەلای ڕێنماییخواز و بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە لەخۆی دەڕوانێت، ئەمەش دەبێتە پاڵپشت بۆ تواناکانی ڕێنماییخواز لە بەرەنگاربوونەوەی کێشەکەیدا بەشێوەیەکی کاراتر، متمانەیەکی گەورەش دروست دەکات بە کەسایەتی و توانای و لێهاتووی ڕێنماییکارەکە.

**کۆمەڵێک ڕێنمایی هەیە کە دەبێت ڕێنماییکار لە پرۆسەی گوێگرتندا پێیانەوە پابەند بێت:**

١-بۆ ئەوەی بەباشی لەڕێنماییخواز تێبگەیت و دەرفەتی دەربڕینی زیاتری بۆ دروست بکەیت، پێویستە گوێبگریت.

٢- هەوڵبدە کەشێکی باش فەراهەم بکە بۆ ڕێنماییخواز بۆ ئەوەی بەوپەڕی متمانەوە باس لەو کێشە و گرفتانە بکات کە لەپێناویدا ئامادە بووە، تۆش هاندەرێکی باش بە تاکو هەموو ئەو زانیاریانە دەرببڕێت کە سوودی دەبێت بۆ پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە.

٣- بە ڕەفتار و ئاماژە و دەربڕینەکانی دەموچاوت بۆ ڕێنماییخواز دەرببڕە کە تۆ گرنگی بە قسەکانی و کەسێتی دەدەیت، بەجۆرێکی وەها گوێبگرە کە لێی تێبگەیت.

٤- لەکاتی گوێگرتندا خۆت بەهیچ شتێکەوە سەرقاڵ مەکە.

٥- بە خەیاڵ خۆت بخەرە جێی کەسی ڕێنماییخواز، وەها خۆت بێنە پێش چاوی خۆت کە تۆ قسە دەکەیت و تۆ کێشەیەکت هەیە، بۆ ئەوەی هەست بە گرفتی ڕێنماییخوازەکە بکەیت و هاوسۆز بیت لەگەڵیدا.

٦- پشوودرێژانە مامەڵە لەگەڵ گوێگرتندا بکە و خۆت واپیشان مەدە کە وەڕس بوویت لەگوێگرتن، یاخود پەلەتە ڕێنماییخواز بەزوویی قسەکانی تەواو بکات، هێمن بە لەکاتی گوێگرتندا.

٧- خۆت بەدوور بگرە لە چەلەحانێ کردن لەگەڵ ڕێنماییخوازدا، ئەگەر ڕەخنەت لێگیرا لەلایەن ڕێنماییخوازەوە پەسەندی بکە و هەڵمەچۆ و خۆت تورە مەکە، ئەگەر ڕێنماییخواز لەسەر ڕاستی بوو پەسەندی بکە، ئەگەر نا بەهێمنی ڕوونکردنەوەی پێبدە.

٨- پرسیاری لێبکە، پرسیارکردن لەکاتی گونجاو و پێویستدا دەبێتە هۆی هاندانی ڕێنماییخواز بۆ زیاتر قسەکردن و دەربڕین ئەمەش دەبێتە هۆی بەرچاوڕوونی زیاتر بۆ ڕێنماییکار و ئەو پەیامەش بە ڕێنماییخواز دەگات کە تۆ گرنگی بە کێشەکەی و قسەکانی دەدەیت، بەڵام نابێت پرسیارەکان بێ ئامانج بن، بەڵکو دەبێت لەخزمەتی تێگەیشتنی زیاتری ڕێنماییکار بێت لە قسەکانی ڕێنماییخواز، هەروەها پرسیارەکان دەبێت کورت بن و لەکاتی گونجاودا بکرێن نەک ببنە هۆی پچرانی زنجیرەی بیرکردنەوەکانی ڕێنماییخواز.

٩- بژاردەکارانە گوێ مەگرە، مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیە کە نابێت تەنها گوێ بیستی ئەو قسانە بیت کە مەبەستتە بیبیستیت و ئەو قسانە فەرامۆش بکەیت کە مەبەستت نییە، بەڵکو پێویستە بەگرنگییەوە گوێبیستی سەرجەم وتە و دەربڕینەکانی ڕێنماییخواز بیت، پاشتر قسەکانی لەبێژنگ بدەیت و ئەوانەی پێویستن مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت و ئەوانەی زیادەن فەرامۆشیان بکەیت، چونکە زۆرجار ڕێنماییخواز زۆر ورد دەبێتەوە و باسی زۆر شتی لاوەکی و زیادە دەکات کە وتنیان هیچ خزمەتێک بەپرۆسەی ڕێنماییکردن ناگەیەنێت، بەڵام ئەو وەکو خۆ خاڵیکردنەوە بەدەرفەتی دەزانێت باس لەهەموو وردەکارییەکان بکات.

کە دەڵێین وردەکارانە گوێ بگرە، با ئەم نموونەیە بخەینە بەرچاو: کاتێک قوتابی/ خوێندکارێکی کچ سەردانت دەکات و باس لە کێشەیەکی سۆزداری خۆی دەکات، ڕێنماییکار نابێت لەکاتی گوێگرتندا سەرپییانە گوێ بگرێت و تەنها چاوەڕێی ئەوە بێت بزانێت شتێکی نەخوازتراو ڕوویداوە لەنێوان دوو کەسەکەدا یان نا، چونکە بەمجۆرە زۆر زانیاری گرنگ بەسەر ڕێنماییکاردا تێدەپەڕێت کە ڕەنگە سوودی زۆری هەبێت بۆ

پرۆسەی ڕێنماییکردن.

١٠- کەدەلیین گوێگرێکی باش بە، مانای ئەوە نییە ناکارایانە بێدەنگ بیت، بەجۆرێک ڕێنماییخواز هەست بکات هیچ ئاویتەبوونێک لەلایەن توی ڕێنماییکار بۆ ئاخاوتن و دەربڕینەکانی بەرجەستە نەبووە، بەڵکو دەبێت هاوشانی بێدەنگی کارامەییە نازارەکیەکانت بەکاربهێنیت، وەک (جولەی سەر و دەربڕینەکانی دەموچاو و هەندی دەنگی ژێر لیو و دەربڕینی زارەکیانەی کورت وەک: ئەها !!!، ئاوا !!!، بەلی، ئهم و .... تد).

١١- ئەگەر تو دەتەویت گوی بگریت کەواتە دەبیت لە قسەکردن رابوەستیت.

**جۆرەکانی گوێگرتن:**

**١- بیستن بە گوێڕادێرانەوە:** لەمبارەدا گوێگر (گوی و مێشکی) بەیەکەوە بەکاردەهێنێت و بەهەموو هەستەکانیەوە گوێرادەگریت و کارلیک لەگەل دەربڕینە زارەکی و نازارەکیەکانی کەسی بەرامبەردا دەکات.

**٢- بیستنی خۆدەرخەرانە:** لەمبارەدا گوێگر خوی وادەردەخات کە گوی دەگریت و تەنها بە گوی و هەستەکانی دەبیستیت، بێئەوەی بە مێشک مامەلە لەگەل پەیامە دەنگیەکاندا بکات، ئەمەش یان بەهۆی گرنگی پێنەدانەوە ڕوودەدات، یاخود بەهۆی ئەوەی گوێگر مێشکی سەرقالە بە بابەتی دیکە و سەرنج و ئاگایی پەرت و بلاوە.

**٣- بیستنی خۆپەرستانە:** ئەمجۆرە کەسانە خوپەرستن و تەنها ئەو شتانە دەبیستن کە خۆیان حەز بە ببیستنی دەکەن و لەگەل گرنگیپێدانەکانیاندا یەکدەگرنەوە، ئەمجورە کەسانە رەخنە و رای جیاواز پەسەند ناکەن.

**٤- بیستن بەگرنگیپێدانی سنووردارانەوە:** ئەمجورە لەگوێگرتن تێکەلێکە لەجۆری یەکەم و دووەم، واتە کەسەکە لەکاتی گوێگرتندا هەندیجار بە (گوی و مێشکی) گوی دەگریت، هەندیجاریش تەنها بە (گوی و هەستەکانی). بەگشتی ئەمجورە کەسانە وەک پێویست کەلک لە بیستنی ئەو زانیاریانە نابینن کە گوێی بۆ رادەگرن.

**٥- بیستنی بژاردەکارانە:** ئەم کەسانە بی ئامانج گوی دەگرن و تەنها سەرنج لەو زانیاری و قسانە دەدەن کە مەبەستیانە و زانیارییەکانی تر فەرامۆش دەکەن، بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان شرۆڤە بۆ قسە و زانیاریانە دەکەن کە دەیبیستن.

**ڕێنماییکار پێویستە وەك جۆری یەکەم گوێ بگرێت**

**بێدەنگی لەکاتی ئاخاوتندا**

وەک ئاشکرایە لە چاوپێکەوتنەکانی سەرەتای سەردانیکردنی ڕێنماییخوازدا بۆ لای ڕێنماییکار، قسەکردنی ڕێنماییخواز و گوێگرتنی ڕێنماییکار، زورترین دیمەنی پرۆسەی ڕێنماییکارییەکە پێکدەهێنن، چونکە هەتا ڕێنماییخواز لەرێی قسەکردن و دەربڕینەکانیەوە باس لە کیشە و کوژانەکانی نەکات و زانیاری پێویست نەبەخشیتە ڕێنماییکار، ڕێنماییکار بەرچاوروون نابیت لەسەر چۆنیتی هاوکاریکردنی ڕێنماییخواز، هەندیجار ڕێنماییخواز بێدەنگی هەلدەبژێریت و دەوەستیت لە قسەکردن و دەربڕین، پێویستە ڕێنماییکار بەئاگا بیت لەدەستنیشانکردنی هۆکاری بێدەنگیەکەی و بەدروستی مامەلە لەگەل بێدەنگی ڕێنماییخوازدا بکات، ئەو بار و حالەتانە کامانەن کە ڕێنماییخواز تیایدا بێدەنگی هەلدەبژێریت؟

١-بەشێک لەڕێنماییخوازان بەتایبەتی لەچاوپێکەوتنی یەکەمدا و لەسەرەتای دروستبوونی پەیوەندی

ڕێنماییکارانەدا بێدەنگی هەڵدەبژێرن و چاوەڕوانی ڕێنماییکار دەبن بۆئەوەی دەست بە قسەکردن بکات، ڕەنگە زەقترین هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ڕێنماییخواز هیچ زانیارییەکی نییە دەربارەی پرۆسەی ڕێنماییکردن و شێوازی دەستپێکردنی ئاخاوتنەکان و نائاشنایە بە ژووری ڕێنماییکار، یان نائاشنایە بە کەسی ڕێنماییکار، واتە هەڵوێستە ڕێنماییکارانەکە هەڵوێستێکی نوێیە لەژیانی ڕێنماییخوازدا.

لەمبارەدا پێویستە ڕێنماییکار دەست بەگفتوگۆ بکات، بەکورتی خۆی و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکات بە ڕێنماییخواز بناسێنێت، دڵنیایی ببەخشێتە ڕێنماییخواز بەوەی نهێنیەکانی پارێزاو دەبن و هانی بدات بۆ قسەکردن و دەربڕین.

٢- کاتێک ڕێنماییخواز ماندووبێت لەڕووی دەروونییەوە، یاخود لەئەنجامی کاریگەربوونی زۆر بەو کێشەیەی لەپێناویدا ئامادەبووە، ئەگەر زۆر پرسیاری لێبکرێت یان کاتی چاوپێکەوتنەکە زۆر درێژ بێتەوە ئەوا توانای وەڵامدانەوەی نامێنێت و بێدەنگی هەڵدەبژێرێت.

پێویستە ڕێنماییکار بەئاگاییەوە سەرنج لە دەربڕینە زارەکی و نازارەکیەکانی ڕێنماییخواز بدات، نابێت ئەوەندە پرسیاری لێبکات کە ببێتە هۆی ماندووبوون و بێزاربوونی ڕێنماییخواز، هەرکاتێک ڕێنماییکار هەستی کرد ڕێنماییخواز ماندووبووە، ئەوا پێویستە دەست لەپرسیارکردن هەڵبگرێت، پێویستە ڕێنماییکار بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ کاتدا بکات، نەهێڵێت لەسنووری ئاسایی خۆی درێژتر بێتەوە، بەتایبەتی بۆ تەمەنی منداڵان و هەرزەکاران کە زووتر هەست بەماندووبوون دەکەن.

٣- کاتێک ڕێنماییخواز بەهۆی جەنجاڵی مێشکی و نائارامی و هەست بەقوربانی بوونی خۆیەوە دەگری و توانای قسەکردنی نامێنێت، یان لەکاتی گێڕانەوەی کێشەکەیدا وێنە ناخۆشەکانی ڕووداو و یان کێشەکەی بیر دەکەوێتەوە، دەوەستێت لەقسەکردن.

نابێت لەم کاتەدا ڕێنماییکار، ڕێنماییخواز ناچار بکات بۆ بەردەوامبوون لەقسەکردن، بەڵکو دەبێت لێبگەڕێ ڕێنماییخواز بگری یان هەنسک بدات یان بەهەرجۆرێکی دیکە هەڵچوونەکانی دەرببڕێت، لەم کاتەدا باشتر وایە ڕێنماییکار چاونەبڕێتە ڕێنماییخواز و خۆی بە نووسین و تۆمارکردنی ئەو زانیاریە گرنگانەوە سەرقاڵ بکات کە بەر لەبێدەنگیەکەی ڕێنماییخواز دەریبڕیوون، هەروەها باشترە ڕێنماییکار لەم کاتەدا دەستەسڕی کاغەز و ئاوی خواردنەوە لە ڕێنماییخوازەکە نزیک بکاتەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ گرنگیپێدان و هاوسۆزی لەگەڵیدا، پاش ماوەیەکی کورت ئەگەر ڕێنماییخوازەکە هەر بێدەنگ بوو دەبێت ڕێنماییکار ئاماژە بەو قسانە بدات کە تیایدا ڕێنماییخوازەکە بێدەنگ بوو، وەکو هەوڵێک بۆ گرێدانەوەی بیرکردنەوەکانی ڕێنماییخواز و بەردەوامبوونی لەقسەکردن، هەروەها پێویستە ڕێنماییکار سەرنج لەو هەڵوێستانە بدات کە ئەو کاریگەریە هەڵچوونیانە لەسەر دەروونی ڕێنماییخواز دروست دەکەن و بۆ پرۆسەی تێگەیشتنێکی باشتر و دەستنیشانکردنی هۆکارەکان و ڕێنماییکردنی ڕێنماییخوازەکە کەڵکیان لێوەربگرێت.

٤- کاتێک ڕێنماییخواز دوای باسکردن و زانیاری گەیاندن بەڕێنماییکار، هەست بکات لەکێشەکەی تێنەگەیشتووە لەئەنجامی ئەوەی گرنگی بە قسەکانی نەداوە یان خۆی بەشتی لاوەکیەوە سەرقاڵکردووە، یان ڕێنماییکار ماندووبووە و بەباشی توانای گوێگرتنی نەبووە، بۆیە لەمبارەدا ڕێنماییخواز هەست دەکات چیتر قسەکردن

کەڵکی نابێت و تەنها ماندووبوونی پێدەبڕێت، بۆیە بێدەنگی هەڵدەبژێرێت بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە چاوپێکەوتنەکە، ئەمەش ئاماژەیە کە چیتر ئەو ڕێنماییخوازە متمانەی بە ڕێنماییکارەکە و پرۆسەی ڕێنماییکردن نەماوە.

پێویستە ڕێنماییکار بە گرنگییەوە گوێ بگرێت و هاوسۆزی بۆ ڕێنماییکار دەرببڕێت و خۆی بەهیچ شتێکی لاوەکیەوە سەرقاڵ نەکات، پردێک لەمتمانە دروست بکات لەگەڵ ڕێنماییخوازدا، سەرنجە گرنگەکان بەکورتی تۆمار بکات بۆ ئەوەی لەکاتی قسەکردنیدا بگەڕێتەوە سەر ئەو خاڵانە و قسەیان لەسەر بکات، بەپێچەوانەوە متمانە لەدەستدەدات و چاوپێکەوتنەکە و پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە شکست دەهێنێت.

٥-کاتێک ڕێنماییخواز تووشی شڵەژان و نائومێدی دەبێت لەئەنجامی ئەوەی خودی ڕێنماییکارەکە توانای ئاخاوتن و دەربڕینی لاوازە، یان نەشارەزا دەردەکەوێت لەدیدی ڕێنماییخوازەکەوە، یان لەبەرئەوەی جلوبەرگ و ئەتەکێتی ڕێنماییکارەکە شیاو نەبن، یان ئەگەر ڕێنماییخواز لە قسەکانی ڕێنماییکار تێنەگات، لەئەنجامی ئەوەی دەستەواژە و زاراوەگەلێک بەکاردەهێنێت کە لەئاستی تێگەیشتنی ڕێنماییخوازەکەدا نییە، یان ڕێنماییخواز دەکەوێتە گومانەوە لەڕێنماییکار بەهۆی هەندێ جوڵەی چاو و جەستەیەوە کە ڕەنگە وەکو پەیامێکی بەدنیازی بگاتە ڕێنماییخوازەکە، لەم کاتانەدا ڕێنماییخواز بێدەنگی هەڵدەبژێرێت.

پێویستە ڕێنماییکار گرنگی بە پەروەردەکردنی خۆی بدات لەڕووی زانیاری و کارامەییە پێویستەکانی ڕێنماییکردنەوە، هەروەها پێویستە ئاخاوتن و دەربڕینەکانی ڕوون و سادە بن، خۆی بەدوور بگرێت لەبەکارهێنانی زاراوەی زانستی ناڕوون و بیانی، دەبێت قسەکانی بابەتیانە بن و لەئاستی تێگەیشتنی ڕێنماییخوازدا بێت، هەروەها ڕەچاوی پۆشاک و ئەتەکیەتی پێویست بکات، خۆی بەدوور بگرێت لەهەر جوڵەیەکی نائاسایی تەنانەت ئەگەر بەمەبەستیش نەبێت، چونکە ڕەنگە ڕێنماییخوازەکە کەسێکی بەگومان بێت، یان لەئەنجامی کێشەکەیەوە دووچاری بێ متمانەیی بووبێت.

## کارامەیی زارەکی (قسەکردن)

کارامەیی قسەکردن بە یەکێک لە گرنگترین کارامەییەکانی ڕێنماییکار دادەنرێت، چونکە لەڕێی قسەکردنەوە دەتوانێت پەیوەندی ڕێنماییکارانە لەگەڵ ڕێنمایخوازدا دروستبکات، متمانەی ڕێنماییخواز بەدەستبهێنێت، پرسیار ئاراستەی ڕێنماییخواز بکات، زانیاری پێویست لەسەر کێشە و کەسێتی ڕێنماییخواز کۆبکاتەوە، کاریگەری لەسەر ڕێنماییخواز و دەوروبەری دروستبکات، بیربۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێت.

بۆیە گرنگە ڕێنماییکار قسەکەرێکی باش بێت، لەمبوارەشدا گرنگترین کارامەییەکانی قسەکردن لای ڕێنماییکار بریتین لەمانە:

١-بە زمانێکی پاراو و ڕەوان و سادە و بابەتیانە قسە بکات، نابێت دەستەواژەی بیانی و نارۆشن لە قسەکانیدا بەکاربهێنێت، بەتایبەتی کە ئاستی تێگەیشتن و شارەزایی قوتابیان / خوێندکاران بۆ ژیان و کێشەکانیان سنووردارە.

٢- لەکاتی قسەکردندا ڕەچاوی جیاوازیە تاکییەکانی نێوان ڕێنماییخوازان بکات، (قۆناغەکانی تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن، پێگەی کۆمەڵایەتی ڕێنماییخواز و .... تد).

٣- نابێت بەپەلە قسە بکات، بەجۆرێک ڕێنماییخواز فریای تێگەیشتن لە قسەکانی نەکەوێت.

٤- نابێت زۆر بە خاوی قسە بکات، بەجۆرێک ڕێنماییخواز تووشی بێزاری ببێت.

٥- ئەوانەی زمانگرتنیان هەیە نابێت وەک ڕێنماییکار کار بکەن، ئەگەر چارەسەری ئەو حاڵەتەیان کرد و توانای قسەکردنیان ئاسایی بووەوە ئەو کاتە ئاساییە.

٦- دەبێت لە کاتی قسەکردندا سەری ڕێک بێت، بە شەرم و شڵەژانەوە قسە نەکات، لەرزین لە دەنگیدا نەبێت.

٧- ئەو ڕێنماییکارانەی کێشەیان لە تونی دەنگدا هەیە گونجاو نین بۆ پیشەی ڕێنماییکردن، بەڵکو پێویستە چارەسەری ئەو حاڵەتەیان بکەن، یاخود ئەوانەی چەند پیتێک قوت دەدەن لەکاتی قسەکردندا بەهەمان شێوە گونجاو نین بۆ ڕێنماییکردن، بەڵکو ڕەوانی لە ئاخاوتن و دەنگی لەبار و هێمن و ڕوون مەرجن بۆ دروستکردنی کارلێکی باش لەگەڵ ڕێنماییخواز و سەرنجراکێشانی بەرامبەر بۆ بەردەوامبوون لە پەیوەندیە ڕێنماییکاریەکەدا.

٨- پێویستە خاوەنی گەنجینەیەکی زمانەوانی دەوڵەمەندبێت بەمەبەستی بەکارهێنانی دەستەواژە و ڕستەی کاریگەر و هێنانەوەی نموونەی گونجاو و بەستنەوەی تەوەری کێشەکە بە نموونەی شیاو و بەکارهێنانی پەند و وتەی ناوداران و کاریگەر.

٩- نابێت خوو بەبەکارهێنانی هەندێ وشە و دەربڕینەوە بگرێت و لەهەموو ڕستەیەکدا هەمان وشە یان هەمان دەربڕین دووبارە بکەیتەوە، بەجۆرێک ڕێنماییخواز وەک خاڵێکی لاواز سەرنج لەو خووگرتنە بدات.

١٠- کاتێک زمانی قسەکردنی ڕێنماییکار لەگەڵ ڕێنماییخوازدا جیاوازبن بەهۆی جیاوازی نەتەوایەتی و ڕەگەزنامە، ڕێنماییکار ناتوانێت بە زمانێکی تێکشکاوەوە کاریگەری لەسەر ڕێنماییخواز دروست بکات، هەروەکو لەئەنجامی نەشارەزایی لە زمانی بەرامبەر نە دەتوانێت بەباشی لە قسەکانی ڕێنماییخواز تێبگات و نەدەشتوانێت پەیامەکانی خۆی وەک پێویست بگەیەنێت، بۆیە باشتر وایە لەمبوارەدا ڕێنماییخواز ڕەوانەی پسپۆڕێکی دیکە بکرێت کە شارەزایی باشی هەبێت لە زمانی ڕێنماییخواز.

## کارامەییە نازارەکی

ڕێنماییکار جگە لەکارامەیی زارەکی کە لەڕێگەی ئاخاوتن و دەربڕینی زارەکیانەوە لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا بەکاریدەهێنێت، هاوکات دەبێت ڕەچاوی جوڵە نازارەکیەکانی جەستەیشی بکات، بەئاگاییەوە کار لەسەر جوڵەی جەستەی و دەربڕینە نازارەکیەکانی بکات، بۆیە ئاشنابوون بە کارامەییە نازارەکیەکانیش گرنگی گەورەی هەیە بۆ کەسی ڕێنماییکار لەپێناو بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە، چونکە هەندێ جوڵەی جەستە و دەربڕینی نازارەکی ئەگەر بەشێوەیەکی نادروست دەربڕدرێت لەلایەن ڕێنماییکارەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی متمانەی ڕێنماییخواز بە ڕێنماییکار، هەستنەکردنی ڕێنماییخواز بەدڵنیایی، ڕەزامەند نەبوونی لە کەسێتی ڕێنماییکار و شێوازی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکە، کە دواجار ڕێنماییخواز ڕەنگە ئیدی متمانە بە ڕێنماییکارەکە نەکات و بەردەوام نەبێت لەسەردانکردنی ڕێنماییکارەکە، گرنگترین ئەو کارامەییە نازارەکیانەی پێویستە ڕێنماییکار ڕەچاوی بکات لەکاتی چاوپێکەوتنی ڕێنماییخوازاندا، ئەمانەن:

١-نابێت دەموچاوت گرژ و مۆن بێت و دەبێت بەئارامییەوە بڕوانیتە کەسی ڕێنماییخواز.

٢-کاتێک ڕێنماییکار قسە دەکات بۆ ڕێنماییخواز پێویستە سەری بەرز و ڕێک بێت و نابێت سەر خوار بکاتەوە بۆ خوارەوە یان ملی بەلای شانیدا بخات، چونکە ئەو جوڵانەی سەر و مل نیشانەی لاوازی و بێدەسەڵاتیە.

٣-نابێت لەکاتی بەڕێوەبردنی چاوپێکەوتندا چاوەکانی ببڕێتە شوێنێکی دوور لە ڕێنماییخوازەکە لەناو ژوورەکەدا، هەروەها نابێت لەکاتی قسەکردندا بڕوانێتە سەقف یان زەوی ژوورەکە، چونکە بەمشێوازانە ڕێنماییخواز هەست بەپەراوێز خستن و گوێپێنەدان دەکات.

٤- نابێت بۆ ماوەی درێژ چاو ببڕێتە چاوی ڕێنماییخواز.

٥- نابێت چاویلکەی تاریک لەچاو بکات لەکاتی چاوپێکەوتنەکان و قسەکردن بۆ ڕێنماییخوازەکان، چونکە بەم ڕەفتارە متمانە نامێنێت لەنێوان تۆ ڕێنماییخواز و ڕێنمایکاردا.

٦- نابێت پرتەپرت بەچاوی بکات لەکاتی قسەکردندا، چونکە ئەم ڕەفتارە دەبێتە هۆی هەستکردنی ڕێنماییخواز بە دڵەڕاوکێ و پەشێوی.

٧- نابێت بەشێوەی سوکایەتی پێکردن و بەکەم تەماشاکردنەوە لەڕێی دەربڕینەکانی دەموچاویەوە، بڕوانێتە کەسی ڕێنماییخواز، چونکە هەر کاتێک ڕێنماییخواز هەستی بەوە کرد ئەوا متمانەی بە پرۆسەکە و بە ڕێنمایکارە تۆش نامێنێت، ڕەنگە نەشتوانێت بەردەوام بێت لە قسەکردن.

٨- نابێت هەر لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەوە بڕیار لەسەر کەسی ڕێنماییخواز بدرێت لەڕێی جلوبەرگ و قیافەیەوە.

## کارامەیی پرسیارکردن

پرسیارکردن ئامرازێکی گرنگ و گونجاوە بۆ دەستکەوتنی زانیاری، مرۆڤ هەر لەسەرەتای قۆناغەکانی ژیانیەوە (منداڵی)یەوە ئاشنای پرسیارکردن دەبێت، پاشان لەهەموو قۆناغەکانی دواتری ژیاندا بەردەوام بۆ گەڕان بە دوای دەستکەوتنی زانیاری و لە پرۆسەی فێربووندا بەدوای وەڵامی پرسیارەکانیدا دەگەڕێت، مرۆڤ ڕۆژانە چەندین جار پەنا بۆ پرسیارکردن دەبات بۆ زانینی شوێن یان کات یان دۆزینەوەی شتێک یان تێگەیشتن لەهەڵوێستێک یان بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی بابەتێکی ناڕوون یان بۆ تێگەیشتن لە بیرۆکەیەک یان وانەیەک یان هەواڵێک و ... تد، بۆیە پرسیارکردن بە ئامرازێکی سەرەکی گفتوگۆکردن دادەنرێت لەپەیوەندییە مرۆییەکاندا، هەر پرسیارە گفتوگۆکان دەوڵەمەندتر دەکات بەمەبەستی گەیشتن بەئەنجامی وردتر و قوڵتر. هەندێجار پرسیارکردن بەمەبەستی هەڵسەنگاندن دەکرێت وەک ئەوەی مامۆستایان لە قوتابیان / خوێندکارانی دەکەن، ڕاگەیاندکار پرسیار لە پسپۆران و شارەزایان و سیاسەتوان و خاوەن پۆستە کارگێرییەکان دەکەن بەمەبەستی بەخشینی زانیاری بە وەرگرەکانیان یان بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێست و ڕووداوەکان، پزیشک بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیی نەخۆشێک پەنا بۆ پرسیارکردن دەبات دەربارەی نیشانەکانی نەخۆشییەکە و ئەو حاڵەتانەی نەخۆشەکە تییدا دەژی، دادوەر لە دادگادا لەڕێی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی تۆمەتبارانی دەکات بە چەند ڕاستیەک دەگات کە سوودی لیدەبینێت لە پرۆسەی دادگاییکردنندا، بەهەمان شێوە لەناو خێزان و فەرمانگە و سەر شەقام و ناو مارکێت و شوێنە گشتییەکانی دیکەشدا پرسیارکردن بەشێکی بەرچاوی هەڵوێست و پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنێت.

زانایانی بواری کۆمەڵناسی باس لەوە دەکەن کە پرسیارکردن گرنگترین کارامەیی کۆمەڵایەتییە بەگشتی، بەتایبەتی لەبواری کارلێکردنی کۆمەڵایەتیدا. زانایانی بواری کاری کۆمەڵایەتیش دەڵێن پرسیارکردن ئامرازێکی زۆر گرنگە لە ئامرازەکانی چاوپێکەوتن بۆ زانینی ئەو ڕاستیە گرنگانەی لەدەوری گرفتی ڕێنماییخوازێکدا کۆبوونەتەوە، وەک وروژێنەرێکی ڕاستەوخۆ هانی ڕێنماییخواز دەدات وەڵامدانەوەی هەبێت.

ئەگەر پرسیارکردن بۆ کۆی پەیوەندییە مرۆییەکان گرنگی گەورەی هەبێت ئەوا بۆ ڕێنماییکار بەگرنگترین ئامراز دادەنرێت لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا، گرنگی پرسیارکردن لە پرۆسەی ڕێنماییکردندا خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١-لەڕێی پرسیارکردنەوە ڕێنماییکار ئاشنا دەبێت بە کێشە و بۆچوون و ئەو نیشانانەی ڕێنماییخواز لەدەستی دەناڵێنێت، کەواتە پرسیارکردن ئامرازێکی کاریگەرە بۆ زانینی ئەو ڕاستیانەی کە ڕێنماییکار پێویستی پێیەتی لەپێناو کارکردن لەسەر کێشەی ڕێنماییخواز.

٢- پرسیارکردن ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەدروستکردنی پەیوەندی پیشەییانەی نێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخوازدا کە دەبێتە هۆی پەسەندکردن و دروستبوونی متمانە کە یەکەم ئامانجی ڕێنماییکارە لە چاوپێکەوتنە ڕێنماییکارەکاندا.

٣- پرسیارکردن یارمەتی ڕێنماییکار دەدات لە دڵنیابوون لە ڕاست و دروستی ئەو زانیاریانەی ڕێنماییخواز دەیدرکێنێت.

٤- پرسیارکردن دەبێتە هۆی سەرنجراکێشان و وروژاندنی بیری ڕێنماییخواز.

٥- لەڕێی پرسیارکردنەوە ڕێنماییکار دەتوانێت ڕێنماییخواز بگەڕێنێتەوە سەر بابەت یان کێشە سەرەکیەکەی لەکاتی دەرچوونی لە بابەتەکە.

٦- لەڕێی پرسیارکردنەوە ڕێنماییکار دەتوانێت کاربکاتە سەر ڕێنماییخواز بۆ خوڵقاندنی هەندێ بیرۆکە یان پێشنیار کە یارمەتی ڕێنماییخواز دەدات لە چارەسەرکردنی گرفتەکەیدا.

٧- بۆ ڕێنماییخوازیش پرسیارکردن گرنگی گەورەی هەیە، بەتایبەتی کاتێک یەکەمجار سەردانی ڕێنماییکارێک دەکات، ڕەنگە هەندێ گومان و دڵەڕاوکێی هەبێت دەربارەی پرۆسەی ڕێنماییکاریەکە یان خودی ڕێنماییکارەکە، لەڕێی پرسیارکردنەوە کە ئاڕاستەی ڕێنماییکاری دەکات و ئەو وەڵامانەی وەریاندەگرێتەوە دڵنیایی وەردەگرێت و ئەو گومان و دڵەڕاوکێیەی دەرەوێتەوە.

**قۆناغەکانی ئاڕاستەکردنی پرسیار:**

**پرسیارکردن لە پرۆسەی ڕێنماییکاریدا پرۆسەیەکی هەرەمەکیانە نییە تاکو ڕێنماییکار بەویستی خۆی و هەرچۆنێک بیەوێت و کەی بیەوێت پرسیار لە ڕێنماییخواز بکات، بەڵکو پرۆسەیەکە پەیوەستە بەبیرکردنەوەی مرۆڤ و دەبێت ڕەچاوی هەنگاوی ڕێکوپێک و دیسپلین و ڕێکاری تایبەت بکرێت، کە ئەمەش کارامەیی خۆی دەوێت و پێویستە ڕێنماییکار خاوەنی ئەو کارامەییە بێت.**

پێویستە پرسیارکردن بە سێ قۆناغی یەک لەدوای یەکدا تێپەڕێت:

**١-قۆناغی ئامادەکاری بۆ پرسیارکردن:**

لەم قۆناغەدا چەند خاڵێک هەیە پێویستە ڕەچاو بکرێت:

- **دیاریکردنی ئامانج:** دەبێت لە پرسیارکردندا ئامانج دیاری بکرێت بەپێی ئەو هەڵوێستەی پرسیارەکەی تیادا ئاڕاستە دەکرێت، ئەو پرسیارەی قوتابیەک لە مامۆستای دەکات جیاوازە لەو پرسیارەی منداڵێک لە هاوڕێکەی دەیکات، هەروەها جیاوازە لەو پرسیارەی لێکۆڵەرێکی پۆلیس لە تۆمەتبارێکی دەکات، ئەو پرسیارانەی ڕێنماییکار لە ڕێنماییخوازی دەکات پێویستە ئامادەکاری بۆ بکرێت و هەرەمەکیانە نەبێت، ئەو بوارە دیاری بکرێت کە پرسیارەکەی دەربارە دەکرێت و دیارکراو بێت بۆ دڵنیابوون یان بۆ هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو.
- **پەیوەستبوونی پرسیارەکان بە بابەتی گرفتەکەوە:** واتە ئەو پرسیارانەی ڕێنماییکار دەیانوروژێنێت و ئاڕاستەی ڕێنماییخوازی دەکات، دەبێت پەیوەندی بە گەوهەری گرفتی ڕێنماییخوازەکەوە هەبێت، نابێت دووربن لە بابەتە سەرەکییەکەوە، چونکە ئەگەر پرسیاری لابەلا یان دوور لە بابەتەکە ئاڕاستەی ڕێنماییخواز بکرێت ئەوا گومان لای ڕێنماییخواز دروستدەکات بەوەی ڕێنماییکارەکە لە گرفتەکەی تێناگات، یان دەیەوێت سوکایەتی پێبکات، هەروەها پێویستە ڕێنماییکار زۆر بەئاگا بێت لە هەڵبژاردنی ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەی ڕێنماییخوازی دەکات.
- **دەستنیشانکردنی کەسێتی ئەو کەسەی پرسیاری ئاڕاستە دەکرێت:** پێویستە ڕێنماییکار ڕەچاوی ڕەگەزی ڕێنماییخواز و تەمەن و ئاستی فێربوون و لێهاتوویەکانی ڕێنماییخواز بکات لە هەڵبژاردنی پرسیاری گونجاودا، ڕەچاوکردنی ئەو بنەمایانە یارمەتی ڕێنماییکار دەدات کە چۆن پرسیارەکانی دابڕێژێت و ئاڕاستەی

ڕێنماییخوازی بکات، خۆیشی بەباشی ئامادە بکات بۆ وەڵامی پرسیارەکانی ڕێنماییخواز، هەروەها وریایی و زرنگی ڕێنماییخواز ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە دیاریکردنی جۆری پرسیارەکاندا، چونکە هەموو جۆرە پرسیارێک بۆ هەموو ئاستە جیاوازەکان وەک یەک گونجاو نابێت.

- **دیاریکردنی جۆری پرسیار و شێوازی دارشتنی پرسیارەکان:** جۆری پرسیار بەپێی ئامانجی پرسیارەکە و سروشتی گفتوگۆکە و قۆناغەکانی دیاری دەکرێت، واتە ناکرێت پرسیارێکی شلەژێنەر لەسەرەتای چاوپێکەوتندا ئاراستەی ڕێنماییخواز بکرێت کە هێشتا متمانەی تەواو دروست نەبووە یان هێشتا گومان و دڵەڕاوکێی ڕێنماییخواز نەڕەواوەتەوە، بەهەمان شێوە دارشتنی پرسیار ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت، پرسیاری باش دارشتنی باشی پێویستە، واتە پێویستی بە وشە و زاراوەی گونجاوە بۆ ئەوەی پەیامەکە وەک پێویست و بەڕوونی بەبەرامبەر بگات، نەبێتە مایەی بێزاری یان گومان، یان بریندارکردنی هەستی ڕێنماییخواز، هەروەها نابێت چەند دەستەواژەیەک لە یەک پرسیاردا کۆبکرێتەوە چونکە بەمە ناوەڕۆکی پرسیارەکە لاواز دەبێت.

**٢- قۆناغی ئاراستەکردنی پرسیار:**

پێویستە ڕێنماییکار پرسیار بەشێوازێک ئاراستە بکات کە ڕێنماییخواز بەباشترین شێوە وەڵام بداتەوە، بێ ئەوەی مێشکی زۆر ماندوو بکرێت، پێویستە لە ئاراستەکردنی پرسیاردا ڕێنماییکار ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١-بەئارامی پرسیار ئاراستەی ڕێنماییخواز بکات: واتە بەبێ تورەبوون و هەڵچوون و ڕووگرژییەوە.

٢- دوور بکەویتەوە لە زۆر پرسیارکردن: هەموو پرسیارێک دەبێت ئامانجدار بێت، نابێت ڕێنماییکار پرسیار لەدوای پرسیار ئاراستەی ڕێنماییخواز بکات، یاخود پرسیاری نا پێویست بکات، یان پرسیار تەنها لە پێناوی پرسیاردا بکات، چونکە بەمجۆرە دانیشتنەکە شێوازی لێکۆڵینەوە وەردەگرێت و سروشتی دانیشتنی ڕێنماییکارانە لەدەستدەدات، بەمەش ڕێنماییخواز ماندوو دەبێت و وەک پێویست وەڵام ناداتەوە، واتە دەبێت پرسیار لە کات و جێی خۆی و لەپێناو ڕوونکردنەوە یان تێگەیشتن لە گرفتەکە بێت.

٣- زاڵبوون بە سەر هەستی شەرمکردن: نابێت ڕێنماییکار بە شەرمەوە پرسیار ئاراستەی ڕێنماییخواز بکات، بەجۆرێک نابێت زمانی تەتەڵە بکات یان سەر دابخات لەکاتی پرسیارکردندا چونکە بەمە تێڕوانینێکی خراپ لای ڕێنماییخواز دروست دەبێت بەوەی ڕێنماییکار کەسێتییەکی لاوازی هەیە و کارامەیی نییە و بێ توانایە، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی ڕێنماییخواز بە ڕێنماییکار لە چارەسەرکردنی گرفتەکەیدا.

٤- کاتی پێویست دیاری بکرێت بۆ ئاراستەکردنی پرسیار: پێویستە ڕێنماییکار کاتی گونجاوی هەر پرسیارێک بزانێت بەپێی هەڵوێست و سەلیقەی خۆی کات دیاری بکات بۆ پرسیارەکانی، ڕەچاوی باری مەزاژی و هەڵچوونی خۆی بکات، هەروەها پێویستە کاتێک پرسیار ئاراستەی ڕێنماییخواز دەکرێت کاتی تەواوی پێببەخشێت تاکو وەڵام لە ڕێنماییخواز وەربگرێتەوە، پێویستە پرسیار لەو کاتانەدا ئاراستەی ڕێنماییخواز بکرێت کە هەناسە وەردەگرێت، واتە چەند چرکەیەک دەوەستێت لە قسەکردن.

٣- قۆناغی وەڵام وەرگرتنەوە:

ئامانج لە ئاراستەکردنی پرسیار، وەرگرتنەوەی وەڵامە، هەندێجار لە ئاراستەکردنی پرسیارێکدا وەڵامی پێویست وەرناگیرێتەوە، یان بەو وەڵامە وێنەکە بەتەواوی ڕوون نابێتەوە، بۆیە لەو بارەدا پێویست دەکات

شێوازی پرسیارەکە بگۆڕدرێت یان چەند پرسیارێک دەربارەی یەک بابەت بەجۆری جیاواز بکرێت هەتاکو ڕێنمایيکار ئامانجە مەبەستدارەکەی بپێکێت، هەروەکو چۆن پرسیاری جۆراوجۆر هەیە بەهەمان شێوە وەلامی جۆراوجۆریش هەیە، بۆیە گرنگە ڕێنماییکار ئەو وەلامانە بەباشی هەلبسەنگێنێت کە دەستی دەکەونەوە لە ئەنجامی ئاراستەکردنی پرسیارەکانی.

**لە نموونەی ئەو وەڵامانەی دەستدەکەونەوە:**

*هەلبژاردنی بێدەنگی لە وەلامی پرسیاردا.

* ڕەتکردنەوەی وەلام بە ئاشکرا.

* وەلامدانەوە بە درۆ بەئەنقەست.

* وەلامدانەوەی سەرلێشوێنەر، واتە بە پرسیار وەلامی پرسیار دەداتەوە یان وەلامێک دەداتەوە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی پرسیارەکەوە نییە.

* دواخستنی وەلامدانەوە بەمەبەستی چەواشەکردن.

* وەلامی تەمومژاوی، واتە ناڕاستەوخۆ و ناڕوونی لە وەلامدانەوەدا.

* وەلامی قایلکارانە بەمەبەستی ڕازیکردنی ڕێنماییکار.

* وەلامی دروست واتە وەلامی ڕاستگۆیانە و ڕاستەوخۆ.

باشترین وەلام کە ڕێنماییکار لە ڕێنماییخوازی وەربگرێتەوە بریتییە لە وەلامی دروست، واتە وەلامی ڕاستگۆیانە و ڕاستەوخۆ.

**سروشتی پرسیارکردن و جۆرەکانی:**

سروشتی پرسیارکردن:

١-پرسیاری ئاسایی: بەمەبەستی دروستکردنی کەشێکی ئارام و لەبار بەئامانجی دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕێنماییکارانە و متمانە، بۆ نموونە لەسەرەتای دانیشتنەکەدا ڕێنماییکار لە ڕێنماییخواز دەپرسێت: (لەگەل وانەکانتدا چۆنیت؟) (خۆت باش ئامادەکردووە بۆ تاقیکردنەوەکان؟) و ... تد.

٢- پرسیاری سەرەکی: ئەو پرسیارانەیە پەیوەندی بە گرفتە سەرەکییەکەوە هەیە و وا لە ڕێنماییخواز دەکات بیربکاتەوە و زانیارییەکانی ڕابردوو بگەڕێنێتەوە.

٣- پرسیاری لاوەکی: ئەو جۆرەیە لە پرسیار کە لەپرسیاری سەرەکییەوە دروست دەبێت، واتە کاتێک ڕێنماییخواز وەلامی تەواوی پرسیارەکە نەداتەوە، ڕێنماییکار پرسیارێکی دیکەی لێدەکات بەمەبەستی ڕوونبوونەوەی هەلوێستەکە بەتەواوی، یاخود بۆ ئەوەی هانی زیاتری ڕێنماییخواز بدات زیاتر قسە بکات. بۆنموونە لێی دەپرسێت: (وەکو چی؟) (واتە مەبەستت ئەوەیە ...؟).

**جۆرەکانی پرسیارکردن:**

١-پرسیاری داخراو: ئەو جۆرە پرسیارەیە کە وەلامەکەی بە بەلێ یان نەخێرە.

٢- پرسیاری کراوە: ئەو جۆرە پرسیارەیە کە ئازادی زیاتر دەدات بە دەربڕینی ڕێنماییخواز و وادەکات زۆرترین قسە لەسەر ئەو کێشەیە بکات کە لەپێناویدا ئامادەبووە.

٣- پرسیاری ڕاستەوخۆ: ئەو جۆرە پرسیارەیە کە کۆتاییەکەی بە هێمای پرسیار دێت، بۆ نموونە: (ئەمە یەکەمجارە سەردانی پسپۆڕێک دەکەیت؟) (چەند جاری دیکە ڕووبەڕووی هەڕەشەکردن بوویتەوە؟) و ... تد.

٤- پرسیاری ناڕاستەوخۆ: ئەو جۆرە پرسیارەیە کە هێمای پرسیاری تێدانیە، بۆ نموونە: (کەواتە لە قسەکانتدا دیارە هیچ ئەندامێکی خێزانەکەت ئاگاداری ئەم کێشەیەت نین).

٥- پرسیاری نابەجێ: مەبەست لەو جۆرە پرسیارانەیە کە هیچ پێویستییەک نییە بۆ ئاڕاستەکردنی، یان هیچ پەیوەندی بە کێشەی ڕێنماییخوازەوە نییە و مەبەست لێی فزوڵیەتی خودی ڕێنماییکارەکەیە، ئەمجۆرە پرسیارانە گومان لای ڕێنماییخواز دروستدەکات و بەدووبارەکردنەوەی یان چەند بارەکردنەوەی ئەگەر هەیە ڕێنماییخواز متمانە بە ڕێنماییکار لەدەستبدات و چیدیکە سەردان نەکاتەوە.

٦- پرسیاری هەستیار: مەبەست لەمجۆرە ئەو پرسیارانەن کە بەپێی کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵگە پرسیارگەلێکی زۆر هەستیارن، بەڵام لەپێناو دەستکەوتنی زانیاری زیاتر بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری کێشەی ڕێنماییخواز نابێت ڕێنماییکار سڵ لە ئاڕاستەکردنی پرسیاری هەستیار بکاتەوە، بەڕەچاوکردنی ئیتیکی پرسیارکردن و بە دارشتنێکی ڕێزدارانەوە دەکرێت ڕێنماییکار لەچوارچێوەی کێشەی ڕێنماییخوازدا هەر پرسیارێک بە هەستیاریش دابنرێت ئاڕاستەی ڕێنماییخوازی بکات، بەمەرجێک خزمەت بە پرۆسەی ڕێنماییکردن بکات و لەچوارچێوەی کێشەکەدا بێت.

**پرەنسیپە گرنگەکان لە پرسیارکردندا:**

١- پرسیاری گشتی بکرێت و پاشتر بچێتە سەر پرسیاری تایبەتتر.

٢- پرسیاری کراوە باشترە لە پرسیاری داخراو، بەتایبەتی کاتێک ڕێنماییخواز ئامادەیی هەبێت بۆ قسەکردن.

٣- پرسیاری هەڵبژێردراو بکرێت ئینجا پرسیاری گشتی و کراوە، بەتایبەتی بۆ ئەو ڕێنماییخوازانەی بە زەحمەت قسە دەکەن یان شەرم دەکەن.

## کارامەیی تۆمارکردن

تۆمارکردن (Recording)، بریتییە لە نووسین و پاراستنی ئەو زانیاریانەی کە ڕێنماییکار لە ڕێنماییخوازی وەردەگریت، بەجۆرێک بگونجێت بۆ کەڵک وەرگرتن لێیان لەکاتی پێویستدا، پێویستە لەسەر ڕێنماییکار گرنگی زۆر بدەن بە پرۆسەی تۆمارکردن و بەتەنها پشت نەبەستن بە یادگە (ذاکرة)ی خۆیان بەمەبەستی پاراستنی زانیارییەکان و گێڕانەوەی لەکاتی پێویستدا.

ئەو زانیاریانەی تۆمار دەکرێن لە دانیشتنەکاندا یارمەتی ڕێنماییکار دەدەن لەم چەند لایەنەوە:

١-بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئایا ڕێنماییخوازەکە ئەو خزمەتگوزاریانە دەیگرێتەوە کە لەناو قوتابخانەدا توانای پێشکەشکردنیان هەیە.

٢- بۆ بڕیاردان لەسەر دەستنیشانکردنی جۆری کێشەی ڕێنماییخوازەکە و پۆلێنکردنی (دەروونی، پیشەیی، ڕەفتاری، خێزانی، ... تد).

٣- بۆ بڕیاردان لەسەر ڕەوانەکردنی ڕێنماییخواز یان نەخۆشەکە بۆ لایەنێکی دیکە لەکاتی پێویستدا.

٤- بۆ بڕیاردان لەسەر داخستنی حاڵەتەکە و کۆتایی پێهێنان بە دانیشتنەکان.

٥- بۆ کاتی پێویست لەپاش کۆتایی هێنان بە خزمەتگوزارییەکان بۆ ڕێنماییخواز لەسەر داوای خودی ڕێنماییخواز یان لەسەر داوای لایەنێکی تر (لە حاڵەتە تایبەتەکاندا).

٦- بەکارهێنانی لە کاتی پێویست.

**جۆرەکانی تۆمارکردنی زانیارییەکان:**

١-لەڕێی نووسین لەسەر فۆرمی چاوپێکەوتن (فۆرمی ڕێنماییکردن).

٢- لەڕێی تۆمارکردنی دەنگەوە.

٣- لەڕێی تۆمارکردنی دەنگ و ڕەنگەوە.

٤- تۆمارکردن لەڕێی داخڵکردنی زانیارییەکان لەناو کۆمپیوتەردا.

سەرەکیترین شێوەی تۆمارکردن تۆمارکردنە بە نووسین لەڕێی بەکارهێنانی فۆرمی تایبەتەوە، هەرچەندە هەندێجار و لە هەندێ لە وڵاتان تۆمارکردن لەڕێی ئامێری تۆماری دەنگ یان دەنگ و ڕەنگ پێکەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی بەباش نازانرێت، وە ئەگەر ئەمەش ڕوویدات بەنموونە (بۆ مەبەستی ڕاهێنان)، پێویستە ڕەزامەندی ڕێنماییخواز وەربگیرێت و ڕەزامەندیەکەیشی بە نووسین لێیوەربگیرێت، لەکاتی حاڵەتی لەمجۆرەدا نابێت ئامێری تۆمارکەر لەدوورەوە دابنرێت و بە کۆنترۆڵ ڕێنماییکار کاری پێبکات یان بەشاراوەیی دابنرێت، هەندێجار ڕێنماییکار زانیارییەکان لە ئامێری کۆمپیوتەردا تۆمار دەکات، هەرچەندە ئەم شێوازەی تۆمارکردن شێوازێکی گونجاوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئامێری کۆمپیوتەر لەهەندێ باردا دووچاری لەکارکەوتن یان سڕینەوەی داتاکان یان هاککردن دەبێت، یان ئەگەر هەمان کۆمپیوتەر لەلایەن کەسانی دیکە ناو قوتابخانەوە بەکاربهێنرێت و ئەوانیش پاسوۆردیان لەلابێت، ئەوا لەمبارەدا پاراستنی زانیارییەکان مەرجی نهێنی پارێزی لەدەستدەدات و مەترسی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان دروستدەبێت، ئەمەش پێچەوانەی ئیتیکی پیشەی ڕێنماییکردنە، بۆیە باشتر وایە زانیارییەکان

لەسەر فۆرمی تایبەت و ئامادەکراو تۆمار بکرێت و لە دۆلابێکی تۆکمەدا بپارێزرێت و بە کلیل دابخرێت و کلیلی ئەو دۆلابەش تەنها لای ڕێنماییکار خۆی هەبێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات پێویست دەکات ڕێنماییکاران سوود لە تۆمارکردنی زانیارییەکان بە شێوەی ئەلیکترۆنی وەربگرن.

**چی تۆمار بکرێت؟**

ئەو زانیاریانەی لەڕێنماییخواز وەردەگیرێن و پێویستە تۆمار بکرێن زۆرن:

١-ئەو زانیاریانەی (کەسی)ین و تایبەتن بە خودی ڕێنماییخوازەکە:

بێگومان لەبەرئەوەی ڕێنماییکار فۆرمی زانیاری ڕێنماییخوازی لەلا هەیە و زانیارییەکانی تایبەت بە قوتابیان/ خوێندکارانی لەسەر تۆمارکراوە، کەواتە پێویست ناکات سەرلەنوێ ئەو زانیاریانەی تۆمار بکاتەوە، بەڵکو پێویستە بەر لەدەستپێکردنی وادەی چاوپێکەوتنەکە فۆرمی زانیاری تایبەت بە ڕێنماییخواز ئامادە بکات و بیانخوێنێتەوە.

٢- ئەو زانیاریانەی تایبەتن بەو گرفتەی ڕێنماییخوازەکە لەپێناویدا ئامادەبووە:

بەهەمان شێوە خودی ڕێنماییکار ئەو زانیاریانە تۆمار دەکات کە تایبەتن بە کێشەی ڕێنماییخوازەکە، وەک باوە ڕێنماییخواز بەهۆی پەنگخواردنی زۆری کێشەکەی لەناخیدا و هەندێجار بەهۆی ئەوەی پێشتر متمانەی بە کەس نەبووە، چاوپێکەوتنە ڕێنماییکارییەکە وەک هەلێکی زێرین لێی دەڕوانێت، بەم هۆکارانە ڕۆ دەچێتە زۆر لایەنی ژیانی خۆی و دەخوازێت زۆر بەدرێژی و گشتگیری باس لە کێشەکەی بکات، **ئەوەی پێویستە لەسەر ڕێنماییکار پابەند بێت پێوەی، دوو خاڵە: یەکەم (نهێنیپارێزی ئەو زانیاریانەیە کە ڕێنماییخواز باسیان دەکات)، دووەم (تەنها ئەو زانیاریانە تۆمار بکات کە گرنگن بۆ پرۆسەی ڕێنماییکردن و پاشتر وەک زانیارییەکی بەکەڵک بۆ پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە کەڵکیان لێوەردەگرێت، نەوەک هەرچی بە دەمی ڕێنماییخوازدا بێت ڕێنماییکار تۆماری بکات).**

٣- ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە هەڵسەنگاندنی پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە:

واتە لە هەر دانیشتنێکدا ڕێنماییکار ئەو گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونانە تۆمار دەکات کە لە ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەنگاونان بۆ چارەسەری کێشەی ڕێنماییخوازەکە ڕوویانداوە، بەهەمان شێوە ئەو حاڵەت و نیشانانەی وەک خۆیان ماونەتەوە یان خراپتر بوون تۆماریان دەکات و پلان بۆ چارەسەریان دادەڕێژێت.

٤- ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە ئامانج و میتۆدەکانی ڕێنماییکردن:

هەر پلانێک بۆ ڕێنماییخواز دادەنرێت لەلایەن ڕێنماییکار پێویستە تۆمار بکرێت، بۆ نموونە پلانی گۆڕینی بیرکردنەوەی نەرێنیەکان یان ڕاستکردنەوەی ڕەفتار، یان ڕاهێنانی خۆخاوکردنەوە یان هەر ڕێگەیەکی دیکە بگیرێتە بەر بۆ چارەسەری کێشەکە ئەوا تۆمار دەکرێت.

**شێوازەکانی تۆمارکردنی زانیاری:**

دەکرێت ڕێنماییکار شێوازی تایبەت بەخۆی هەبێت لە تۆمارکردنی زانیارییەکاندا، بەڵام باوترین شێوازی تۆمارکردن ئەمانەن:

١-شێوازی چیرۆکی:

لەم شێوازەدا ڕێنمایيكار كێشە و بەسەرهاتی ڕێنماييخوازەكە پوخت دەكاتەوە و لەشێوەی چیرۆكدا دایدەڕێژێت و تۆماری دەكات.

٢- شێوازی خاڵبەندی:

لەم شێوازەدا ڕێنمایيكار بە خاڵ و پەرەگرافی جیاجیا كێشەی ڕێنماييخوازەكە تۆمار دەكات.

**كارامەییەكانی تۆماركردن:**

١-نابێت ڕێنمایيكار لەكاتی بەڕێوەچوونی دانیشتنەكاندا سەرقاڵی تۆماركردنی زانیارییەكان بێت، بەجۆرێك بەردەوام خەریكی نووسینەوە بێت و سەری دابخات، چونكە لەمبارەدا ڕێنماييخواز هەستدەكات پەراوێز خراوە و ڕێنمایيكار گرنگی پێنادات، بۆیە دروست وایە ڕێنمایيكار تەنها زانیاریە سەرەكییەكان وەك سەرە قەڵەم تۆمار بكات، پاش تەواوبوونی دانیشتنەكە پەلە نەكات لە پێشوازیكردن لە ڕێنماييخوازێكی دیكە، بەڵكو دەستبەجێ بچێتە سەر مێزەكەی و گەرماوگەرم زانیاریە گرنگەكان تۆمار بكات لەسەر فۆرمەكە، چونكە دواخستنی تۆماركردنی زانیارییەكان ئەگەر هەیە بچێتە خانەی لەبیرچوونەوەوە.

٢- لەكاتی تۆماركردنی هەر زانیاریەك لەناو چاوپێكەوتنەكەدا، نابێت فۆرم یان ئەو كاغەزەی ڕێنمایيكار بەدەستیەوەیەتی و زانیارییەكانی لەسەر تۆمار دەكات لەئاستی بینینی ڕێنماييخوازدا بێت، بەڵكو دروست وایە چاوی ڕێنماييخواز نەگاتە سەر رووپەڕی فۆرمەكە.

٣- ئەو زانیاریانەی دووبارەن یان زیادەن و خزمەت بە پرۆسەی ڕێنماييكردنەكە ناكەن پێویست ناكات تۆمار بكرێن.

٤- بەهیچ جۆرێك نابێت فۆرمی زانیاری ڕێنماييخوازان لەسەر مێز و لەبەردەستتدا دابنرێت، بەڵكو پاش تەواوبوونی تۆماری زانیارییەكان پێویستە دەستبەجێ هەڵبگیرێن،

٥- پێویستە لەحاڵەتی ڕەوانەكردنی ڕێنماييخواز بۆ لای پزیشكێك یان دەزگایەكی دیكە و پێویستی ناردنی زانیاری دەربارەی كێشەی ڕێنماييخوازەكە بەشێوەی ڕاپۆرت، پێویستە ڕەزامەندی ڕێنماييخواز بە واژوو و بە نووسراو وەربگیرێت ئەگەر ڕێنماييخوازەكە گەورە بوو، وە ئەگەر منداڵ بوو ئەوا ڕەزامەندی دایك یان باوكی وەربگیرێت و لەگەڵ فۆرمەكەدا ئەو ڕەزامەندییە بپارێزرێت، هەروەها هەر ڕاپۆرتێك لەلایەن پسپۆر یان دامەزراوەیەك لەسەر ڕێنماييخوازەكە بەدەست ڕێنمایيكار بگات پێویستە بپارێزێت.

٦- پێویستە ڕێنمایيكار هەموو نهێنیەكی ڕێنماييخواز بپارێزێت، تەنانەت لای دەستەی كارگێڕی قوتابخانە و مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناو قوتابخانەكەش، جگە لە چەند حاڵەتێكی تایبەت كە لەجێی خۆیدا لەم ڕێبەرەدا ئاماژەیان پێدراوە.

## کارامەیی ڕووبەڕووبوونەوە

بریتییە لەو کارامەییەی ڕێنماییکار بەکاریدەهێنێت بۆ ئاشکراکردنی ئەو جیاوازیانەی (دژیەکیانەی) لەنێوان (وتە و کردار)ەکانی ڕێنماییخوازدا هەیە، بۆئەوەی بەباشی خۆی ببینێت و خۆی بناسێت هەروەکو چۆن دەوروبەرەکەی دەیناسن، نەک وەک ئەوەی خودی خۆی، خۆی دەبینێت و دەناسێت.

ڕووبەڕووبوونەوە جۆرێکە لە ڕوو وەستانەوە (تحدی) لەنێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز بۆ شکاندنی هەموو فێلە بەرگرییەکانی ڕێنماییخواز و بەربەستەکانی نێوان ڕێنماییخواز و ئەو واقیعەی تێدا دەژی.

**پۆلێنەکانی ڕووبەڕووبوونەوە:**

١-ڕووبەڕووبوونەوە کاتێک ڕوودەدات کە ڕێنماییخواز بەئاگا نەبێت دەربارەی نەخواستراوی (خراپی) ڕەفتارەکەی.

٢- ڕووبەڕووبوونەوە کاتێک ڕوودەدات کە ڕێنماییخواز ڕێگە بەخۆی نەدات درک بە ئاکامە خراپەکانی ڕەفتارە چەوتەکەی بکات.

**چەند خاڵێکی گرنگ سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوە:**

١-ڕێنماییکار پێویستە پیشەنگیکی باش بێت، واتە دژیەکی لەنێوان وتە و کردارەکانیدا نەبێت.

٢- نابێت تەکنیکی ڕووبەڕووبوونەوە لەسەرەتای دانیشتنە ڕێنماییکاریەکاندا بەکاربهێنرێت، بەڵکو پێویستە لە دانیشتەکانی دواتردا بەکاربێت پاش ئەوەی متمانە دروستبووە لەنێوان ڕێنماییخواز و ڕێنماییکاردا.

٣- لەکەشێکی ئارامدا و بەئارامی تەکنیکی ڕووبەڕووبوونەوە بەکاردەهێنرێت دوور لە هەڵچوون.

٤- نابێت هیچ دژیەکیەک فەرامۆش بکرێت لە وتە و کرداری ڕێنماییخوازدا

٥- نابێت ئەم تەکنیکە وەکو چەکێک بۆ بریندارکردنی هەستی ڕێنماییخواز بەکاربهێنرێت.



ناکرێت ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە هەزارەی سێیەمدا بژی و ئەرکێکی پەروەردەیی و مرۆیی گەورەی لەسەرشان بێت، بەڵام شارەزای بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت نەبێت، یاخود ئیمەیل و پۆستی ئەلکترۆنی نەبێت، یان لەڕێی ئینتەرنێتەوە ئاگاداری پێشکەوتنەکانی بواری ڕێنماییکردن و پیشەکەی خۆی نەبێت، یاخود کەڵک لەو پێگە ئەلکترۆنیانە نەبینێت کە لەبواری پەروەردە و کێشە پەروەردەییەکان و جۆرەکانی چارەسەری کێشە ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی قوتابیان هەیە، یان ئاشنای ئەو پێگانەی کتێبی ئەلکترۆنی و توێژینەوە زانستیە باوەڕپێکراوانە نەبێت کە بڵاوی دەکەنەوە، یاخود شارەزای پرۆگرامی پاوەرپۆینت نەبێت.

بۆیە لەدنیای ئەمڕۆدا شارەزایی لە هەندێ پرۆگرامی کۆمپیوتەر و بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەیەکێک لەو کارامەییانە دادەنرێت کە سەرجەم پیشە و پسپۆڕیەکان پێویستیان پێیەتی.

کەواتە گرنگە ڕێنماییکارانی پەروەردەیی خۆیان شارەزای ئەو پێداویستیە ئەلکترۆنیانەی سەردەم بکەن، لانیکەم ئەو پرۆگرامانەی لەچوارچێوەی ئیشوکارە کارگێڕییەکانی خۆیاندا کەڵکیان لێدەبینن،

## سەرچاوەکانی دۆزینەوەی حاڵەت

ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە ناوەندەکانی خوێندندا بەهۆی ئەوەی چەندین ئەرکی پەروەردەیی و پیشەیی و ڕێنمایی گەورەیان لەسەرشانە، هەروەها بەهۆی ئەوەی وەکو مامۆستایان بەشەوانەیان نییە، ژمارەی قوتابیان / خوێندکارانی ناو قوتابخانەکانیش بەراورد بەژمارەی ڕێنماییکار زۆرە، کە لەزۆرترین حاڵەتدا یەک ڕێنماییکار هەیە بۆ سەدان قوتابی و خوێندکار، بەمهۆیانەوە دۆزینەوەی ئەو حاڵەتانەی پێویستیان بە هاوکاری و ڕێنماییکردن هەیە، یاخود ئەوانی کێشەدارن، کارێکی ئاسان نییە بۆ ڕێنماییکار، ڕەنگە دەیان قوتابی / خوێندکار هەبن کە خۆیان ڕوونەکەنە ژووری ڕێنماییکار و داوای هاوکاری نەکەن، کەواتە ناکرێت ڕێنماییکار تەنها چاوەڕوانی ئەو حاڵەتانە بکات لەناو قوتابخانەدا سەردانی ژوورەکەی بکەن، بەڵکو دەبێت چاوی لەسەرچاوەکانی دیکەی دۆزینەوەی حاڵەتیش هەبێت و کاریان لەگەڵدا بکات.

**گرنگترین سەرچاوەکانی دۆزینەوەی حاڵەت لەناو قوتابخانەکاندا، ئەمانەن:**

١- خودی ڕێنماییخواز: مەبەست لەو قوتابی / خوێندکارانەیە وەکو ڕێنماییخواز پەنا بۆ ڕێنماییکار دەبەن و داوای هاوکاری دەکەن بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

٢- ڕێنماییکاری پەروەردەیی: مەبەست لەو حاڵەتانەیە کە خودی ڕێنماییکار خۆی دەیاندۆزێتەوە لەڕێگەی تێبینی یان لەڕێگەی بیستن دەربارەی بوونی هەندێ جۆری ڕەفتار لەلایەن قوتابیان / خوێندکارانەوە.

٣- دەستەی کارگێڕی قوتابخانە / مامۆستایان: ئەو حاڵەتانەی کە بەڕێوەبەر و دەستەی کارگێڕی و مامۆستایان ڕەوانەی لای ڕێنماییکاری دەکەن بەمەبەستی چارەسەری کێشەکانیان.

٤- کەسوکاری ڕێنماییخواز: لەهەندێ باردا کەسوکاری ڕێنماییخواز سەردانی قوتابخانە و ڕێنماییکار دەکەن بەهۆی بوونی کێشەیەکی جەرگۆشەکانیانەوە و داوای هاوکاری لە ڕێنماییکار دەکەن.

٥- فۆرم و تۆمارەکانی لای ڕێنماییکار و تۆمارەکانی دیکەی ناو قوتابخانە: بۆ نموونە کاتێک ئەنجامی ئەزموونەکان ئاشکرا دەکرێن و ئەو قوتابی / خوێندکارانەی ئاستی نزمیان بەدەستهێناوە، یان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە، یاخود دەرنەچوون و یان ماونەتەوە لەساڵی خوێندنی پێشوودا، یان ئامادەنەبوونی لەقوتابخانە زوو زوو دووبارە دەبێتەوە، یان وازی لەخوێندن هێناوە و ... تد.

٦- ئەنجامی ئەزموون و پێوەرەکان (Tests and Scales): کاتێک ئەزموونێکی تایبەتی لەسەر لایەنێکی ژیانی قوتابیان / خوێندکاران پیادە دەکرێت، دەر ئەنجامی ئەو ئەزموون و پێوەرانە دەکرێت بکرێتە یەکێک لەسەرچاوەکانی دۆزینەوەی حاڵەت.

## ڕەوانەکردنی حاڵەت

ڕێنماییکاری پەروەردەیی لەناو قوتابخانەدا گۆچانی ئەفسوناوی پێنییە تاکو بتوانێت هەموو جۆرە کێشەیەکی قوتابیان / خوێندکاران چارەسەر بکات، یاخود ئەگەر هەیە کێشەکان نەچێتە چوارچێوەی پسپۆری ڕێنماییکار.

هەرکاتێک ڕێنماییکار بەهەرهۆیەک لەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێدەدەین هەستی کرد پێویست دەکات حاڵەتەکە ڕەوانەی لای بۆردی ڕاوێژکاری یان ڕێنماییکارێکی دیکە یان پزیشکێکی دەروونی یان دەزگایەکی تایبەتمەند بکات، نابێت شەرم لەو بڕیارە بکات یاخود بترسێت لەوەی بەم کارە ناوبانگی دەزڕێت یان لە شکۆ و کەسێتی کەمدەبێتەوە، نەخێر لەو ڕەوشانەی پێویستی ڕەوانەکردنی ڕێنماییخواز سەرهەڵدەدات ئەگەر ڕێنماییکار خۆی لەبڕیاری ڕەوانەکردنی حاڵەتەکە بدزێتەوە ئەوا نەک هەر ناتوانێت کەڵک بە ڕێنماییخواز بگەیەنێت، بەڵکو ئەم هەڵوێستەی جۆرێک دەبێت لەناپاکی کردن بەرامبەر بەپیشەکەی خۆی و بە مافەکانی ڕێنماییخوازیش وەکو مرۆڤێک و خاوەن کێشەیەک.

ڕێنماییکاری کارامە و ڕاستگۆ و بوێر هەر لەدانیشتنی یەکەمدا لەگەڵ ڕێنماییخوازدا بۆی دەردەکەوێت کە ئەو دەتوانێت هاوکارییەکی زانستیانە لەچوارچێوەی پیشەکەی خۆیدا وەکو ڕێنماییکارێک پێشکەش بەڕێنماییخوازەکە بکات یاخود نا، ئەگەر نەیتوانی ئەوا دەبێت ڕاستگۆیانە و بوێرانە ڕێنماییخواز لەو پێویستی و ڕاستیە ئاگادار بکاتەوە و بەویستی هەردوولا ئەو بڕیارە بدەن.

**گرنگترین ئەو حاڵەتانەی پێویست دەکات لەلایەن ڕێنماییکار بڕیاری ڕەوانەکردنی حاڵەتی تێدا وەربگیرێت:**

١-کاتێک ڕێنماییکار هەستی بە کەمتوانایی خۆی کرد بەرامبەر کێشەی ڕێنماییخوازەکەیەن، (کاتێک ڕێنماییکار بۆ یەکەمجار ڕێکەوتی حاڵەتێک دەکات، وەک (ئالوودەبوون یان لادانی سێکسی یان هەر کێشەیەکی دیکە)، پێشتر هەرگیز ئەم ڕێنماییکارە کاری لەسەر حاڵەتی لەمجۆرە نەکردووە و زانیارییەکی ئەوتۆی نییە دەربارەی ڕەهەندەکانی ئەمجۆرە کێشانە.

٢- کاتێک ڕێنماییکار لەگەڵ ڕێنماییخواز پەیوەندیەکی نزیکیان هەبێت وەک ئەوەی خزمی نزیکی یەکتر بن.

٣- کاتێک ڕێنماییکار پاش چەندین دانیشتن هەستی کرد پەیوەندی نێوان خۆی و ڕێنماییخواز پەیوەندیەکی سارد و سڕە.

٤- کاتێک ڕێنماییخواز خۆی داوا بکات کێشەکەی ڕەوانەی لای ڕێنماییکارێکی دیکە بکات، جا لەبەرئەوە بێت متمانەی بەتوانا پیشەییەکانی ڕێنماییکارەکە نەبێت یاخود لەبەر هەر هۆکارێکی دیکە بێت.

٥- کاتێک ناکۆکی بکەوێتە نێوان ڕێنماییکار و ڕێنماییخوازەوە بەجۆرێک ئەو ناکۆکیە کار بکاتە سەر پرۆسە ڕێنماییکاریەکە.

٦- کاتێک پاش چەندین دانیشتن ڕێنماییکار هەستیکرد ڕێنماییخوازەکە هیچ وەڵامدانەوەی نییە بۆ ڕێنمایی و پلانەکانی لەچارەسەری گرفتەکەیدا، لەهەمان کاتدا ڕێنماییخواز بەردەوام گلەیی ئەوە بکات کە کێشەکەی و کاریگەرییەکانی کێشەکەی هێشتا هەروەکو خۆی ماونەتەوە و هیچ نەگۆڕاوە.

٧- کاتێک مامۆستا بەردەوام گازندەی ئەوە لەقوتابیەک بکات کە ئەو منداڵە توانای فێربوونی زۆر

سستە و لەپاش هاوڕێکانیەوەیەتی، لەمبارەدا مامۆستاکە ڕێنماییکار ئاگادار دەکاتەوە لەم حاڵەتە، ڕێنماییکار بەباشی دەزانێت لەو کاتەدا تاقیکردنەوەی زیرەکی بۆ ئەو قوتابیە ئەنجامبدرێت بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژەی زیرەکی قوتابییەکە، بەڵام کەرەستە و پێداویستییەکانی ئەو تاقیکردنەوەیە لەقوتابخانەدا بوونی نییە، یاخود ڕێنماییکارەکە شارەزایی لەو بوارەدا نییە، لەو کاتەدا پێویستە ڕێنماییکار ئەو منداڵە ڕەوانەی لای ڕێنماییکارێک یان دەزگایەک بکات کە بتوانێت بەو کارە هەستێت، یاخود بۆ حاڵەتی جوڵەی زۆر و تەرکیزی کەم، کێشەکانی ئاخاوتن وەکو زمانگرتن و ... تد.

٨- کاتێک زمانی قسەکردنی ڕێنماییکار و ڕێنماییخواز دوو زمانی جیاواز بێت، لەو کاتەدا ئەگەر ڕێنماییکار شارەزایی تەواوی نەبێت لە زمان و کولتووری ڕێنماییخواز، پێویستە ڕێنماییخواز ڕەوانەی لای ڕێنماییکارێکی هاوزمانی ڕێنماییخوازەکە بکات.

٩- کاتێک ڕێنماییخواز دووچاری نەخۆشی دەروونی هاتبێت، یان هەوڵی خۆکوشتنی دابێت، پێویستە ئەمجۆرە حاڵەتانە ڕەوانەی لای پزیشکی دەروونی یان نەخۆشخانەی دەروونی یان سەنتەرێکی تایبەتمەندی ئەمبوارە بکات، بەمەبەستی دەسنیشانکردنی جۆری نەخۆشییەکە و چارەسەری دەرمان ئەگەر پێویست بکات، لەگەڵ چارەسەری دەروونی.

١٠- ئەگەر ڕێنماییخواز دووچاری دەستدرێژی سێکسی هاتبێت، یاخود هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی لەسەر بێت، یان هەرجۆرە کێشەیەک کە لەناو قوتابخانەدا چارەسەرکردنیان سەخت بێت.

**تێبینی:**

سەبارەت بە ڕەوانەکردنی حاڵەت، پێویستە ڕێنماییکار، ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١- ئەگەر حاڵەتەکە منداڵ بوو، واتە قوناغی باخچەی منداڵان یان قوناغی بنەڕەتی بوو، دەبێت بەخێوکاری قوتابی بانگهێشت بکرێت و ئاگادار بکرێتەوە لەم هەنگاوە و ڕوونکردنەوەی لەسەر هۆکاری ڕەوانە کردنەکە پێببەخشرێت.

٢- ئەگەر قوتابی/ خوێندکارەکە هەرزەکار بوو (قوناغی ئامادەیی، یان پەیمانگە)، ئەوا پێویستە بەپێی جۆری حاڵەتەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بڕیار لەسەر چۆنێتی ڕەوانەکردنی بدرێت، پێویستە لەمبارەدا ڕەزامەندی خودی ڕێنماییخواز وەربگیرێت بۆ ڕەوانەکردنی حاڵەتەکەی، بەڵام بۆ کێشە هەستیارەکان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا وەکو (لادانی سێکسی) یان (دەستدرێژی سێکسی)، پێویستە ڕێنماییکار زۆر وریایانە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا بکات و ڕاوێژ لەگەڵ بۆردی ڕاوێژکاری بکات، چونکە هەر هەڵەیەک و کەمتەرخەمییەک ئەگەر هەیە زیان بە ڕێنماییخوازەکە بکات هەتا ئەندازەی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ، بێگومان بەبێ ڕای ڕێنماییخواز واتە قوتابی/ خوێندکارەکە بەهیچ جۆرێک نابێت ڕێنماییکار ئاگاداری بەخێوکاری ڕێنماییخواز بکاتەوە، باشتر وایە پاش تاوتوێکردنی کێشەکە لەگەڵ ڕێنماییخوازدا ڕای وەربگیرێت کە لەکاتی پێویستدا کام لەئەندامانی خێزانەکەی گونجاوە بۆ ئەوەی ئاگادار بکرێتەوە کە هاوکار بێت لە پرۆسەی ڕەوانەکردنی حاڵەتەکەدا بۆ لای بۆردی ڕاوێژکاریی و سەلامەتی قوتابیان و خوێندکاران کە لە لاپەڕەی ٨٤ ی ئەم ڕێبەرە باسی لێوەکراوە، بۆئەوەی ئەو کەسە نزیکەی ڕێنماییخواز کە هاوکار دەبێت لەچارەسەرکردنی کێشەکەدا نەبێتە مایەی دروستبوونی توندوتیژی و سزا .

٣- ئەگەر خێزانی ڕێنماییخواز هاوکار نەبوون یاخود لەو خێزانانەن نەشیاوانە مامەڵە لەگەڵ کێشەی جگەرگۆشەکانیان دەکەن، یاخود کەمتەرخەم و بێباکن بەرامبەر کێشەی جگەرگۆشەکانیان، یاخود خێزانێکی هەڵوەشاوەن، پێویستە ڕێنماییکار بگەڕێتەوە بۆ لیژنەی ڕێنماییکردن و بەراویژ کردن لەگەڵ لیژنەکە و بۆردی ڕاوێژکاری ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە.

٤- نوسراوی قوتابخانە ئاراستەی ئەو پسپۆرە یان ئەو دەزگایە بکرێت کە قوتابی/ خوێندکارەکەی بۆ ڕەوانە دەکرێت، نوسراوەکە بەئاگاداری بەڕێوەبەری قوتابخانە بکرێت و داوای ئەنجامیش بکرێت لەو پسپۆرە یان دەزگایە، وێنەیەک لە نوسراوی ڕەوانەکردنەوە و ڕەزامەندی وەرگرتنی ڕێنماییخوازەکە یان بەخێوکارەکەی و وەڵامی پسپۆر یان دەزگاکە لەناو فایلی تایبەتی حاڵەتەکەدا لای ڕێنماییکار بپارێزرێت.

## بۆردی ڕاوێژکاری و سەلامەتی قوتابیان / خوێندکاران

ئەم بۆردە تایبەتە بە پاراستنی سەلامەتی قوتابیان / خوێندکاران و چارەسەرکردنی ئەو کێشە و تەنگژانەی قوتابیان / خوێندکاران کە لەسەروو دەسەڵات و توانای ڕێنماییکارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەران و دەستەی کارگێڕی قوتابخانەکانەوەیە، ئەم بۆردە پێکدێت لە چەند پسپۆرێکی شارەزا و خاوەن ئەزموون لەبواری چارەسەرکردنی کێشەکانی قوتابیان / خوێندکاران، ئەندامەکانی ئەم بۆردە ڕاوێژکارییە لەنێوان (٥ – ٧) ئەندام دەبن، مانگانە دووجار یاخود لەکاتی پێویستدا لە هۆبەی ڕێنماییکردنی پەروەردەیی کۆ دەبنەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو کێشانەی لەلایەن ڕێنماییکارانی پەروەردەییەو ڕەوانە دەکرێن، یاخود لەو قوتابخانانەی ڕێنماییکاری پەروەردەییان نییەو لەلایەن بەڕێوەبەری قوتابخانە و دەستەی کارگێڕیەوە ڕەوانە دەکرێن، بەمەبەستی چارەسەر، هۆبەی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی هەڵدەستێت بەدەستنیشانکردنی وادەی کۆبوونەوەکان و ئاگادارکردنەوەی ئەندامانی بۆردەکە و ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەکان.

بەپێی پێویستی ئەرکەکانی ئەم بۆردە، ئاساییە ئەگەر پسپۆرانی دەرەوەی وەزارەتی پەروەردەش لەخۆبگرێت وەک پزیشکانی دەروونی، مامۆستایانی زانکۆ، ئەفسەرانی پۆلیس و ئاسایش، یاساناسەکان، نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە پەیوەنددارن بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو کۆمەڵگە، یاخود بانگهێشتی کۆبوونەوەکان بکرێن، واتە مەرج نییە تەنها لە ستافی وەزارەتی پەروەردە بن، بەڵام مەرجە سەرۆکی بۆردەکە و دوو لەسەر سێی ئەندامانی بۆردەکە میلاکی وەزارەتی پەروەردە بن و لە کەسانی شارەزا و بەئەزموون بن.

**پێناسە:** بۆردێکی ڕاوێژکارییە پێکدێت لە (٥ – ٧) ئەندام لە کەسانی پسپۆر و شارەزا لەبواری دەروونی، خێزانی، ڕەفتاری و پەروەردەیی.

**ئامانج:** پاراستنی سەلامەتی قوتابیان / خوێندکاران و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیانە کە لەسەروو توانا و دەسەڵاتی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی ناو قوتابخانەکانن، وەک کێشەکانی (لادانە سێکسیەکان، هاورەگەزبازی،

دەستدرێژی سێکسی، بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان، هەڕەشەلێکردنی ڕاستەوخۆ یان لەڕێی پەیوەندیە ئەلکترۆنیەکانەوە، وازپێهێنان لە خوێندن لەلایەن خێزانەوە، ناچارکردن بۆ هاوسەرگیری پێشوەخت، ئەو کێشانەی ڕەهەندی یاسایی یان ئاساییشیان هەیە) و هەموو ئەو کێشانەی قوتابیان / خوێندکاران کە چارەسەرکردنیان لەناو قوتابخانە و خوێندنگەکاندا سەختن یان مەحاڵن.

**میکانیزمەکانی کارکردنی بۆردەکە:**

١- ئەو کێشانەی لەچوارچێوەی توانای ئەندامانی بۆردەکەیە، بە ڕاوێژ و هەنگاوی دروست، پلانی چارەسەرییان بۆ دادەنرێت و کار لەسەر چارەسەرکردنیان دەکرێت.

٢- ئەو کێشانەی بۆ چارەسەرکردنیان هەماهەنگی دەزگا پەیوەندیدارە حکومی و ناحکومییەکانی پێویستە، دەبێت پاش گەیشتن بەبڕیاری دروست کە لەبەرژەوەندی سەلامەتی و چارەسەرکردنی کێشەی قوتابی/ خوێندکارەکەدایە، هەنگاو بۆ پەیوەندیکردن و داوای هاوکاریکردن لەو دەزگا حکومی یان ناحکومیە بکرێت کە پەیوەندیدارە بەکێشەکەوە.

٣- داواکاری هەر هاوکاری یان هەماهەنگیەک لەلایەن بۆردەکەوە بۆ هەر دەزگایەکی حکومی یان ناحکومی پێویستە بە نوسراوی فەرمی بێت، وێنەیەک لە نوسراوەکە لای بۆردەکە دەپارێزرێت، هەروەها وەڵامی دەزگا حکومی یان ناحکومیەکەش بەهەمان شێوە دەپارێزرێت.

٤- کۆنووسی هەر کۆبوونەوەیەکی بۆردەکە لەسەر هەر کێشەیەک تۆمار دەکرێت و پلان و هەنگاوەکانی چارەسەر و هاوکاریکردنی قوتابی/ خوێندکارەکە، بەهەمان شێوە تۆمار دەکرێت.

٥- سەرجەم ئەندامانی بۆردەکە پێویستە پابەندبن بە ئیتیکی کاری ڕێنماییکردن و چارەسەرکردن، بەتایبەتی نهێنی پارێزی، ڕێزگرتن لە کەسایەتی ڕێنماییخواز، تێکەڵنەکردنی بیروباوەڕی ئایینی یان سیاسی یان هەر ڕوویەکی دیکە لە پرۆسەی هاوکاریکردن و چارەسەرکردنەکەدا، بەخراپ کەڵک وەرنەگرتن لەخودی ڕێنماییخواز یان خێزانەکەی یان کەسانی پەیوەندیدار بەکێشەکەوە، لە گشت ڕووەکانەوە.

٦- بۆردەکە مافی هەیە داوای زانیاری لەسەر قوتابی/ خوێندکارە کێشەدارەکە بکات لەو ڕێنماییکار، یان بەڕێوەبەرەی کێشەکەی ڕەوانەی لای ئەوان کردووە، تەنانەت ئەو زانیاریانەی لەسەر فۆرمی زانیاری قوتابی/ خوێندکارەکەش تۆمارکراون، یان هەر زانیارییەکی دیکە کە پێویست و گرنگ بێت بۆ چارەسەری کێشەکە.

٧- بۆردەکە مافی هەیە داوای ئامادەبوونی ڕێنماییکار یان بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانەیە بکات کە کێشەکەی ڕەوانەی لای بۆردەکە کردووە بەمەبەستی بیروڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژکردن.

٨- لە حاڵەتی پێویست و لەبەرژەوەندی چارەسەرکردنی کێشەی قوتابی/ خوێندکارەکە، بۆردەکە مافیان هەیە داوای هاوکاری لە بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا، یان بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگا بکەن.

٩- لەپێناو پاراستنی شکۆ و نهێنی پاراستنی کەسێتی قوتابی/خوێندکار و جۆری کێشەکەی، لەکاتی ڕەوانەکردنی هەر نووسراوێک یان خودی قوتابی/ خوێندکارەکە بۆ لای هەر دەزگایەکی حکومی یان ناحکومی بەمەبەستی هاوکاریکردن و چارەسەرکردنی کێشەکەی، پێویستە لە نووسراوەکەدا کۆدی تایبەت

بە قوتابی و کۆدی تایبەت بە کێشەکەی لەسەر نوسراوەکە تۆمار بکرێت، نەک ناوی سیانی ڕێنماییخواز و جۆری کێشەکەی.

١٠- ئەو کێشانەی لەناو قوتابخانەکاندا بۆ چارەسەرکردن و هاوکاریکردنیان پێویستیان بەڕەوانەکردن هەیە، لەلایەن ڕێنماییکاران ناو قوتابخانە و خوێندنگەکانەوە بۆ دەزگا حکومی و ناحکومییەکان، پێویست ناکات لەلایەن ئەم بۆردەوە کاری لەسەر بکرێت، بەڵام ئاساییە ئەگەر بۆردەکە ڕاوێژ ببەخشنە ڕێنماییکارەکە ئەگەر داوای کرد، واتە ڕێنماییکاران خۆیان مافی ڕەوانەکردنی ئەو حاڵەتەنەیان هەیە بۆ لای پسپۆران و دەزگا حکومی و ناحکومیەکان، لەو حاڵەتانەدا کە لە خاڵەکانی (ڕەوانەکردنی حاڵەت)دا لەم ڕێبەرەدا ئاماژەیان پێدراوە، جگە لەو حاڵەتانەی لە ئامانجی ئەم بۆردەدا ئاماژەیان پێدراوە.

١١- بۆردی ڕاوێژکاری لە هەر وەرزێکی خوێندندا ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانیان بەرز دەکەنەوە بۆ هۆبەی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، هۆبەی ڕێنماییکاران بە نووسراوێکی فەرمی کار و چالاکییەکانی بۆردەکە لەهەر وەرزێکی خوێندندا بەرز دەکاتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ڕێنماییکردنی پەروەردەیی لەوەزارەتی پەروەردە.

## بۆردی سەلامەتی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی

لەبەرئەوەی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەزۆرینەی بارەکاندا مامەڵە لەگەڵ کێشە جۆراوجۆرەکانی قوتابیان/ خوێندکاران دەکەن، بەمهۆیەوە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هەندێ باری نەخوازراودا دەبێت، وەک هەڕەشەلێکردن یاخود دروستبوونی مەترسی لەسەر کەسێتی یان ژیانیان، ڕاستەوخۆ بێت یان لەڕێی پەیوەندیە ئەلکترۆنیەکانەوە، لەکاتێکدا ڕێنماییکاران لەبەجێهێنانی ئەرکەکانیاندا ڕووبەڕووی هەر مەترسیەک ببنەوە، ئەوا پێویستە لەلایەن بۆردی سەلامەتی ڕێنماییکارانەوە پاڵپشتیان لێبکرێت و بەدواداچوون بۆ مەترسی و هەڕەشەکانیان بکرێت و هەنگاوی دروست لەبەرژەوەندی ئەواندا هەڵبگیرێت.

بۆردی سەلامەتی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، پێکدێت لە بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا، سەرپەرشتیاری پسپۆری ڕێنماییکارانی پەروەردەیی، بەرپرسی هۆبەی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا، نوێنەری بەشی یاسایی لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا یان پەروەدەی گشتی پارێزگا، لەکاتی پێویستدا ڕێنماییکاری پەروەردەیی لەڕێی نووسراوێکەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی ئاگادار دەکاتەوە، بەڕێوەبەری قوتابخانەش نووسراوێک ئاراستەی هۆبەی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی دەکات، بەرپرسی هۆبەی ڕێنماییکارانیش بە نووسراوێک ئاگاداری سێ ئەندامەکەی دیکەی بۆردەکە دەکات و داوای کۆبوونەوە لەسەر پرسەکە دەکات، پاشان هەنگاوی پێویست دەنرێت بۆ چارەسەری کێشەی ڕێنماییکار.

# پاشکۆکان

## فۆرمی ڕێنمایی تاکی

ژمارەی فۆرم (               )

تێبینی: ئەم فۆرمە تایبەتە بەو حاڵەتانەی قوتابیان / خوێندکاران کە سەردانی ڕێنماییکار دەکەن، بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانیان.

| کۆدی قوتابی/ خوێندکار | | پۆل و هۆبە | |
|---|---|---|---|
| کاتی دەستپێکردنی یەکەم دانیشتن | | کۆدی کێشە | |

- جۆری کێشە (                                        )

- چۆنێتی سەردانی قوتابی/ خوێندکار بۆ لای ڕێنماییکار: خۆی سەردانی کردووە (      )/ مامۆستا یان دەستەی کارگێری ناردوویەتی (        )/ خێزان ناردوویەتی (         ) / ڕێنماییکار خۆی تێبینی کردووە (                              )

کاتی دەستپێکردنی یەکەم دانیشتن: کاتژمێر (            ) هەتا (              )

پوختەیەک لە کێشەی قوتابی/ خوێندکار:

پوختەیەک لە پلان (هەنگاوەکان)ی ڕێنماییکردن لەلایەن ڕێنماییکار بۆ چارەسەری کێشەکە:

١-

٢-

٣-

٤-

٥-

٦-

بەدواداچوونەکانی ڕێنماییکار:

- ئەگەر زیاد لە دانیشتنێکی ڕێنماییکاری پێویست بوو، لێرەدا ڕۆژ و ڕێکەوتی دانیشتنەکانی دیکە تۆمار بکە، لەگەڵ هەر تێبینیەکی ڕێنماییکار لەسەر ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر حاڵەتەکەدا هاتووە:

دانیشتنی دووەم:

دانیشتنی سێیەم:

دانیشتنی چوارەم:

هەر ڕێکار و بەدواداچوونێکی دیکە بۆ حاڵەتەکە پێویست بکات لێرەدا ئاماژەی پێبدە:

کۆتا ئەنجام:

ناو و واژووی ڕێنماییکار

# کۆدی حاڵەتەکان

| ژ | جۆری حاڵەت/ کێشە/ نەخۆشی | کۆد |
|---|---|---|
| 1 | شەڕەنگێزی | 100 |
| 2 | شکاندنی ڕێسا پەروەردەییەکانی ناو قوتابخانە | 110 |
| 3 | شتبردن (دزیکرن) | 120 |
| 4 | گزیکرن | 130 |
| 5 | لادانی سێکسی | 140 |
| 6 | دەستدرێژی سێکسی | 150 |
| 7 | هەڕەشەکردنی ئەلیکترۆنی | 160 |
| 8 | هەڕەشەکردنی راستەوخۆ | 170 |
| 9 | هاورەگەزبازی | 180 |
| 10 | زمانگیران یان کێشەکانی ئاخافتن | 190 |
| 11 | نەخۆشییە درێژ خایەنەکان | 200 |
| 12 | خاوەن پێداویستی تایبەت | 210 |
| 13 | خەمۆکی | 220 |
| 14 | گۆشەگیری | 230 |
| 15 | شیزۆفرینیا | 240 |
| 16 | هیستریا | 250 |
| 17 | کێشەی خێزانی | 260 |
| 18 | متمانە نەبوون بەخۆ (خود) | 270 |
| 19 | ئالوودەبوون | 280 |
| 20 | کێشەی سۆزداری | 290 |
| 21 | کێشەی نەگونجان لەگەڵ دەوروبەر | 300 |
| 22 | کەمی تەرکیز | 310 |
| 23 | جووڵەی زۆر | 320 |
| 24 | جووڵەی زۆر و کەمی تەرکیز(ADHD) | 330 |
| 25 | فۆبیا | 340 |
| 26 | کێشەکانی تایبەت بە خوێندن | 350 |
| 27 | سستی فێربوون | 360 |
| 28 | هەوڵی خۆکوشتن | 370 |
| 29 | دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوە | 380 |
| 30 | کێشەی ڕەفتاری | 390 |

# پێناسەکردنی زاراوەکان

## پێناسەکردنی زاراوەکان

**ڕێنماییخواز؛** بریتییە لەو قوتابی/ خوێندکارانەی کە پێویستیان بە ڕێنمایی هەیە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانییان.

**ڕێنماییکاری پەروەردەیی؛** بریتییە لەو کەسەی کە ڕێنمایی دەروونی، پەروەردەیی و پیشەیی لەناو قوتابخانەکان پێشکەش دەکات، بە جۆرێک ئەو مەرجانە بیگرێتەوە کە لەم ڕێبەرەدا باسکراون.

**نەخۆشی دەروونی؛** بریتییە لەو کەسەی کە گرفتی دەروونی و هەڵچوونی توندیان هەیە، پێویستییان بە چارەسەری دەروونی هەیە لەلای پسپۆران لە (سەنتەرە تایبەتەکان، نەخۆشخانەی دەروونییەکان و نۆرینگەی دەروونییەکان)، لە ڕێگای دەرمان و خەواندن و ڕێگاکانی تری چارەسەری دەروونی، چارەسەر دەکرێن.

**ئامۆژگارییکردن؛** بریتیە لەو بەرچاو ڕوونییانەی هەموو کەسێک دەتوانێت پێشکەشی بکات، ئەم کردەیە جیاوازە لە پرۆسەی ڕێنمایی دەروونی، واتا ڕێنمایی دەروونی پەروەردەیی هەرگیز پرۆسەی ئامۆژگاریکردن نییە.

**ئیتیکی کاری ڕێنمایی؛** بریتییە لەو مەرج و چوارچێوە ڕەوشتی، زانستی و پیشەییانەی بۆ بواری ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی دانراون، دەبێت ڕێنماییکار پێوەی پابەند بێت.

**پەیوەندی پیشەیی ڕێنماییکار؛** بریتییە لەو پەیوەندییەی کە بەمەبەستی ڕێنماییکردن و هاوکاری کردنی ڕێنماییخواز لە کات و ساتێکی دیاریکراودا دروست دەبێت، دوور لەهەموو ویست و بەرژەوەندییەکی کەسی و تایبەت.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان:


١- دەروازەیەک بۆ پرۆسەی ڕێنماییکردن، پرۆگرامی کۆرسی ئاشناکردنی ڕێنماییکاران بە بنەماکانی ڕێنماییکردن، دەروونناس (سامان سیوەیلی)، ٢٠١٧.

٢- الارشاد التربوي و النفسي في المدارس، د. رافدة الحريري و د . سمير الامامي، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، ٢٠١١.

٣- العملية الارشادية، الدكتور احمد عبداللطيف ابو سعد، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة، ٢٠١١.

٤- العملية الارشادية، محمد محروس الشناوي، دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع، ٢٠٠٩

٥- التوجيه و الارشاد النفسي، الدكتور حامد عبدالسلام زهران، القاهرة، عالم الكتب، ١٩٨٠.

٦- المقابلة في الارشاد و العلاج النفسي، الدكتور ماهر محمود عمر، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر، ٢٠١٤.

٧- المرشد النفسي المدرسي، الدكتور ماهر محمود عمر، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٨٤.

٨- المهارات الارشادية، احمد ابو اسعد عبداللطيف، دار المسيرة، عمان، ٢٠١٠.

٩- العملية الارشادية، الدكتور محمد ابراهيم السفاسفة، دار الكتاب الحديث، القاهرة، مصر، ٢٠٠٥.

١٠- التوجيه في المدرسة، دونالد ج.موتس، ترجمة الدكتور ابراهيم حافظ، دار النهضة العربية، (١٩٦٥).

## سوپاس و پێزانین

بەناوی وەزارەتی پەروەردەوە سوپاسی خۆمان ئاڕاستەی ڕێکخراوی یونیسێف دەکەین، کە ئەرکی بەچاپ گەیاندنی ئەم پرۆژەیەی گرتە ئەستۆ، بۆ ڕێنماییکارانی پەروەردەیی قوتابخانەکانی سەربە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە هەر دوو شێوە زاری (سۆرانی ، بادینی ) و زمانی (عەربی و ئینگلیزی)،